# لەنێوان بەرزەخی ئاشتیو شەڕدا .............

# هەوڵێك بۆ یەكڕیزی ناوخۆیی

عبدالرحمن علی كوردە

نیسانی 2021

**ناميلكە: لەنێوان بەرزەخی ئاشتیو شەڕدا، .. هەوڵێك بۆ یەكڕیزی ناوخۆیی**

**ناوەڕۆك:** هەوڵێكی هەمەلایەنە بۆ پرۆسەیەكی ئاشتیخوازانەی ناوخۆیی

**نووسینی:** عبدالرحمن علی كوردە، بەرپرسی پەیوەندیە گشتیەكانی

یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان

**تایپو پیتچنین:** نووسەری ناميلكە

**دیزاینی ناوەڕۆك:** نووسەری ناميلكە بەپێی ڕاسپاردەكانی خلیل هیدایەت

**دیزاینی بەرگ:** خلیل هیدایەت - چاپخانەی ڕۆژهەڵات

**هەڵەچنی:** نووسەری ناميلكەو پێداچوونەوەی ئاراس سامی علی

**چاپ:** نیسانی 2021ی زایینی - خاكەلێوەی 2721ی كوردی

**تیراژ:** 500 دانە

**ژمارەی سپاردن:** (332)ی ساڵی (2021)

## چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق

لە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان - هەرێمی كوردستان، ژمارەی سپاردنی (332)ی ساڵی (2021)ی بەپێی نووسراوی ژمارە (661) لە ڕێكەوتی (2021/3/31)ی پێدراوە.

## سوپاس‌و پێزانین ........

دیاره هەموو کارێکی لەم بابەتە، کەسایەتی گونجاو، پەرۆش، دڵسۆزی گەرەکە، بۆئەوەی شان بداتەبەر ئەرکێکی لەم جۆرەی، نیشتیمانی‌و نەتەوەیی، کە جگە لە بەرژەوەندی گشتی‌و خەمخۆری نەبێت وەك ستراتیژو ئامانجی سەرەکی، هیچ هۆکارێکی تری شاراوەی لەپشتەوە نیە.
بەبێشك، گەر جهودو حەماسی هەموو ئەو بەڕێزانەی کاریان تێداکردووە، نەبووایە، ئەو پرۆسەیەش نەدەگەیشتە ئەو قۆناغەی کە تاڕاددەیەك، دڵخۆشکەربوو، لەوەی هەوڵێك لەماوەی چوار مانگدا، بە بەردەوامی کاری دڵسۆزانەی لەسەر کراوەو بەردەوامیشین لەسەری.
بۆیە بە پێویست دەزانم، سەرەتا، سوپاس‌و پێزانینم ئاراستەی هەردوو دامەزراوە (KPU+KNK) بکەم بۆ پاڵپشتی‌و ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیە.
سوپاس‌و پێزانینی خۆم، ئاراستەی هەموو هاوکارانم بکەم کە لەم پرۆسە ئاشتیەدا بەیەکەوە کارمان کردووەو ئەم نامیلکەیە، بەرهەمی ماندووبوون‌و تێکۆشان‌و کاری هەموو ئەو بەڕێزانە بووە کە ناویان هێنراوەو بریتین لە:
بەڕێزان (عدنان موفتی، د.ڕێواز فایق، د.صباح غالب، د.جبار قادر لە باشوور)، (عوسمان بایدەمیر، بەردان ئۆزتورك، زەینەب بێنێجی لە باکوور)، (د.سعید شمس، هێمن سەیدی، عزیز مامڵێ لە ڕۆژهەڵات)، (د.عبیر حصّاف، د.زەردەشت حاجۆ، لە ڕۆژئاوا) (زوبێر ئایدار، ڕەفیق غفور، زەینەب موراد فەیلی، کوێستان داودی، ڕامان مجید، لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)، (کاردۆ محمد پیرداود، زانا ڕوستایی، عبدالرحمن علی کوردە، لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان).

## ناوەڕۆكی ناميلكە .........

ئەم ناميلكەيە، باس لە پرۆسەيەكی ئاشتيخوازانەی هەمەلايەنـەی نـاوخۆيی دەكـات، كـە لـەماوەی چـوار مانگـدا (تشـرينی دووەمو كـانوونی يەكـەمی 2020و كانوونی دووەمو شوباتی 2021)، وەك قۆناغی يەكەمی پرۆسـەكە، كۆمـەڵێك كەسـايەتی پـەرۆشو دڵسـۆز لـە هـەر چوارپارچـەی كوردسـتان، نيشتەجێ لە كوردستانو ئەوروپا، بە بەردەوام كاريان لەسـەر كـردووە، بـە ڕێكخستنی كۆنفرانسـێك لـەو چواچـێوەيەدا، بـە بەشـداری نزيـك بـە (300) كەسايەتی جۆراوجـۆری ئيـداری، حزبـی، سياسـی، پيشـەيی، كۆمەڵايـەتی، جەماوەری، كۆمەڵگای مەدەنیو ... هتـد، كـە ئاكامەكـەی، ئەنجامنامەيـەك بەرهەم هاتو (كۆميتەيەكی ديالۆگی ناوخۆيی) پێكهێنرا، بۆ بەدواداچـوونو هەوڵـدان بـۆ پيـادەكردنی ئامانجـە سـەرەكيەكانی ئـەم كۆنفرانسـە كـە لـە ئەنجامنامەكـەدا ئاماژەيـان بـۆدراوەو دەسـت نيشـان كـراون. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش، (شـاندێكی دانوسـتاندنی ئاشـتی) پێكهێنـرا، لـە ئاسـتی بـاڵا، چـەندين ديـدارو گفتوگـۆی كاريگـەری لەسـەر ئـەم پرۆسـە ئاشـتيە، لەگـەڵ كەسايەتيە بڕيار بەدەستەكانی لايەنە سەرەكيە ناكۆكەكان، لە كوردسـتاندا ئەنجامـدا، دوور لـە ڕاگەيانـدنو ميـدياو چـاوی كاميراكـان، كـە مەبەسـتی سەرەكی، تەحريمی شەڕی ناوخۆيی، چەسپاندنی ئاشتیو ئارامیو تـەبايی، هەوڵدان بۆ زەمينـە خۆشـكردن بـۆ چارەسـەری گرژيـەكان، لـەنێوان لايەنـە ناكۆكـەكان، بـەديالۆگو گفتوگـۆ، دوور لـە زمـانی زبـری ڕاگەياندنـە تێكدەرەكان، بۆ خولقاندنی كەشو هەوايەكی گونجـاوو لـەبار، بـۆ يـەكڕيزی ناوماڵی كوردو كوردستانيان، كە ستراتيژی كاری سـەرەكی پرۆسـەكە بـوو. پشتيوان بە خوای گەورە، دوای ئـەم قۆناغـەش، بـەردەوامين لەسـەری، بـە ئومێدی گەيشتن بە ئامانجە سەرەكيەكانمان لە ئاشتیو تەبايیو يەكڕيزی.

## پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 9 | سەرنجێك |
| 11 | پێشەکی |
| 12 | گرژیو ئاڵۆزی نێوان لایەنەکان |
| 13 | پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)و هەرێمی کوردستان |
| 16 | پەیوەندیەکانی نێوان پارتیو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| 19 | پەیوەندی لایەنەکانی تری کوردستانی باشوور لەگەڵ یەکتر |
| 23 | هەوڵێك بۆ ئاشتی ناوخۆیی |
| 24 | ڕووداوەکەی چەمانکۆی ئامێدیو گرژی لایەنەکانو هەڵوێستی (ی.پ.ك) |
| 25 | بەیاننامەیەك لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دژی شەڕی ناوەخۆ |
| 27 | هەڵوێستە ئیجابیەکان بەرامبەر بە بەیاننامەکە |
| 28 | ڕەخنەو گلەیی لەسەر بەیاننامەکە |
| 31 | داوای لێبوردن |
| 32 | بەیاننامەیەك لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دژی شەڕی ناوەخۆ |
| 33 | پەیوەندیەکانی تەلەفۆنی کەسو لایەنو کەناڵە تەلەفزیۆنەکان |
| 33 | پێشوازی (KNK) لە بەیاننامەکەو پێشنیار بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێك |
| 35 | یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستانو وەڵام بۆ پێشنیاری (KNK) |
| 35 | کۆنفرانسی ڕاوێژ بۆ پەرەپێدانی دیالۆگی ناوخۆییو بەرنامەکەی |
| 37 | بانگهێشتنامە بۆ بەشداری لە کۆنفرانس |
| 39 | میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس |
| 41 | میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس (تایبەت بە بەشداربووان) |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 42 | پێشوازی لە شاندێکی (KNK) لە هەولێر |
| 43 | ئامادەکردنی لیستی ناوی پارتو کەسایەتیەکانی بانگهێشتکراو |
| 44 | لیستی ناوی بانگهێشتنکراوەکان لەلایەن (ی.پ.ك) |
| 46 | لیستی ناوی بانگهێشتنکراوەکان لەلایەن (KNK) |
| 47 | لیستی ناوی پارتو رێکخراوەکانی هاوبەش بۆ بەشداری کۆنفڕانس |
| 48 | لیژنەی (دیوان) بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفڕانس |
| 51 | ئەنجامدانی کۆنفڕانسی ڕاوێژ بۆ دیالۆگی ناوخۆیی |
| 52 | ووتاری سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان |
| 60 | ئەنجامنامەی کۆنفڕانس (بلاغ ختامی) |
| 61 | کۆبوونەوەی دووەم لەگەڵ شاندێکی KNK |
| 63 | کۆمیتەی بەدواداچوونی ئەنجامنامەی کۆنفڕانس |
| 64 | ئەرکی کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی |
| 65 | نووسراوێك بۆ بەڕێز کاك مسعود بارزانی |
| 66 | نووسراوێك بۆ بەڕێز کاك نێچیروان بارزانی |
| 67 | نووسراوێك بۆ بەڕێزان هاوسەرۆکانی (KCK) |
| 68 | وەڵامی ئەرێنی (KCK) لەسەر ناوەڕۆکی نووسراوەکەمان |
| 68 | نووسراوێك بۆ لایەنە کوردستانیەکان لە هەرێمی کوردستان |
| 69 | چاوەڕوانی وەڵامی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی |
| 70 | نووسراوێك بۆ لایەنە کوردستانیەکان لە هەرێمی کوردستان |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| نووسراوێك بۆ بارەگای بارزانی | 71 |
| نووسراوێکی تر بۆ بارەگای بارزانی | 72 |
| هەڵوێستەك | 73 |
| چاوپێکەوتنی بەڕێز جمیل بایك لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو | 76 |
| پێشوازی لە میوانەکانی شاندی دانوستاندنکار | 76 |
| یەکەم دیداری شاندی پێکهاتوو بۆ سەردانەکان لە هوتیل دیڤان | 77 |
| دیدارمان لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی | 79 |
| پاراستنی نهێنی پرۆسەکە دوور لە ڕاگەیاندن | 92 |
| (انطباعی) برادەران لەسەر کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی | 93 |
| ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ چیای گارە | 93 |
| بەردەوامبوون لەسەر هەنگاوە پێویستەکان | 94 |
| شکستی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە چیای گارە | 95 |
| چوون بۆ سلێمانیو دیدارەکان | 96 |
| دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر سید علی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان | 99 |
| میوانداریەتی بەڕیز فاروق مەلا مستەفا لە شاندەکەمان | 104 |
| دیدار لەگەڵ هاوسەرۆكو مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | 106 |
| مووشەکبارانی هەولێر | 115 |
| دیدار لەگەڵ نوێنەرانی هاوسەرۆکانی (KCK) | 115 |
| ڕەشنووسی نووسراوێك بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی | 122 |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 123 | دیدارێکی زوومی ئینتەرنێتی کۆمیتەی گشتی |
| 126 | نامەی دووەم  بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی |
| 128 | وەڵامی نووسراوەکەمان لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی |
| 129 | هەڵسەنگاندنی شاند، بۆ قۆناغی یەکەمی چالاکیەکانی |
| 129 | قۆناغی یەکەمی پڕۆسەکەو ڕاسپاردەکان |
| 130 | دیداری بەڕێز عوسمان بایدەمیر لەگەڵ بەڕێز مەسرور بارزانی |
| 131 | هەڵوێستەك لە دکتۆر محمود عوسمان |
| 131 | نووسراوێك بۆ ئاکامی هەنگاوی یەکەمی پڕۆسەکە |
| 132 | نووسراوێك بۆ کۆمیتەی هاوبەشی ئاشتی |
| 133 | ئیدارەی بایدنو تێڕوانینێکی خێرا |
| 135 | دوا دیداری فەرمی شاندی دانوستاندنکار لەم قۆناغەدا |
| 137 | دیدارێکی تۆڕی زوومی ئینتەرنێتی |
| 138 | ڕاگەیەندراوێك بۆ گەلی کوردستان |
| 139 | چەند هەوڵێکی تر بۆ ئاشتیو دیالۆگ |
| 141 | دیدارێکی تەلەفزیۆنی موراد قەرەیەڵان |
| 142 | بەڕێز عوسمان بایدەمیرو بابەتێك |
| 144 | چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی بەڕێز عدنان موفتی |
| 145 | دوا ووتەی نووسەری نامیلکە |
| 147 | بەرهەمەکانی نووسەری نامیلکە |

# لەنێوان بەرزەخی ئاشتیو شەڕدا ........
# هەوڵێك بۆ یەكڕیزی ناوخۆیی

**سەرنجێك** .....

هـەموو هـەنگاوەكانی ئامـاژەبۆكراو، بەرنامـە دارێـژراوەكان، دانیشـتنەكان، گفتوگۆكان، نووسینەكانو نووسراوەكانی ئەم پڕۆسە ئاشتیەو باسكراو لـەم نامیلكەیەدا، لە یەكەم ساتەوەختی دەستپێكیەوە، تا كۆتـایی ڕووداوەكـانی ئەم نامیلكەیە، وەك یەكێك لە كەسـە سـەرەكیەكانی ئـەم پڕۆسـە ئاشـتیەو ئاگـادارو بەشـدار لــە ڕێچـكەی هــەنگاوەكانی، هــەمووی بــە ئەمانەتــەوە نووســـراونەتەوە. بێگومـــان، بـــەڕێزان، ســـەرجەم ئەنـــدامانی شـــاندی دانوسـتاندنكارو كۆمیتـەی دیـالۆگی نـاوخۆیی، هاوكـارو یامەتیـدەر بوونـەو سەرنجو تێبینیەكانیان، لە داڕشـتنەوەی كۆتـایی نووسـراوەكاندا، بـە نـرخو بەهەند وەرگیراونو پەسند كراون. دڵنیاشم، هاوكارەكانم شاهێدی ئەوەم بۆ دەدەن، منـیشو هاوكـارانم لـەم پڕۆسـەیەدا، زۆربـەی هـەرەزۆرمان، وەك بەشـــدارێكی بێلایـــەن، كـــە لـــە چوارچـــێوەی پڕۆســـەیەكی ئاشـــتیدا ڕاســپێردرابووین، مامەڵــەمان كــردووە. تــەنها بەرژەوەنــدی ســەركەوتنی

پڕۆسەکە، خەمی گەورەی ئێمەو ستراتیژی کارمان بووە. ئەمە وەك ڕاستیەکی سەلمێندراوەو گەواهی بۆ هاوکارەکانم دەدەمو جێگای ڕێزو پێزانینە، کە کرۆکی ئەم پڕۆسەیەش، بیلایەنی ویستووە. ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێت، بەندە، بەهۆکاری توندیو هەندێ ناهەقی بەرانبەرەکەم، کاردانەوەیەکی بچووکم نیشان دابێت، بەڵام دواتر زوو خۆم کۆنترۆڵ کردۆتەوەو ئاسایی بوومەتەوە، وەك سەربازێکی پڕۆسە ئاشتیەکە، مامەڵەم لەگەڵ باروودۆخەکەدا، دبلۆماسیانەو بە ئارامی کردووە. بۆیە خوای گەورە شاهێدی ڕاستیەکانە، لە گێڕانەوەی باسکراوەکانی ناو کۆبوونەوە چوار دیواریەکان، ڕاستگۆیانە، بە ئەمانەتەوە، دیدو بۆچوونەکانی بەشدارانم، وەك خۆی گواستۆتەوە. هەروەهاش لە گواستنەوەی بۆچوونی کەسایەتیەکانی پەیوەندیدار، لەلایەن سەرۆكو ئەندامانی شاندەکەمانەوە، بەهەمان شێوە، بە ئەمانەتەوە، ئەوەندەی بەرژەوەندی پڕۆسەکە مەودای دابێت، دیدو بۆچوونەکان گواستراونەتەوە بۆ لایەنەکان. تەنها لەوانەیە، لەبەر درێژی کۆبوونەوەو گفتوگۆکان، ئەگەر بۆم نەکرابێت، بۆچوونێکم نەگواستبێتەوەو فریای تۆمارکردنی نەکەوتبم، ئەوە داوای لێبوردن دەکەم لە خاوەنی بۆچوونەکە کە ئەمەش دواتر چارەسەر کراوە. یان هەندێ جارو لەلایەن لایەنێك، یان کەسایەتیەك، دەستەواژەیەکی هەندێ توند، گەر بەکارهێنرابێت، لەپێناو بەرژەوەندی پڕۆسەکە، باسی نەکراوەو وەلانراوە بە دەستەواژەیەکی گونجاوتر، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتە باسکراوەکە گۆڕدرابێت، یان ئەو لابردنە، کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکەکەی هەبووبێت.

## پێشەکی .....

بە درێژایی مێـژووی مرۆڤایـەتی، لـە هـەموو قۆناغـەکانی ژیانـدا، شـەڕکردن یـەکێك بـووە لـە ئـامرازە هـەرە خراپـەکانی، دەسـەڵاتداریو خۆسـەپاندنو یەکلاکردنـەوەی کێشـەو گرفتـەکانی بەرەناکۆکـەکان، کـە تیایـدا ملیۆنـان خەڵك، لە منداڵو گەنجو ژنو پـیرو پەککەوتـەی بێتـاوان، بوونەتـە قوربـانی ئـەو شـەڕانەوەو کارەسـاتو مـاڵوێرانی زۆریـان بـەدوای خۆیانـدا هێنـاوە. کۆتایی زۆربەی شەڕو ناکۆکیەکانیش، ناچار، ئاشتبوونەوەو دانیشـتن بـووە لەسەر مێـزی گفتوگۆ، بـۆ چارەسـەری ناکۆکیـەکانو چەسـپاندنی ئاشـتیو ئارامی. کەواتە بۆ شـەڕ بکـەین؟ گـەر قەناعـەتمان بێـت، کۆتاییەکـەی هـەر دەبێت ئاشتبینەوەو کێشەکان بە دیالۆگ چارەسـەر بکـەین. دەبا هـەر لـە سەرەتاوە، ئەوە ستراتیژو نیەتی پاکی ناخو دەروونمان بێـت، کـە قـازانجی گشتی تێدایەو هەموولایەك دڵخۆشو شادمان دەکات.

هـەر چـوار پارچـەکەی کوردسـتان، لـە مێـژووی خـەباتی نیشـتیمانیو نەتەوەییاندا، زۆر بەداخەوە، بەم قۆناغە ناخۆشیانەدا گەلێ جـار تێپـەڕیون. بەهـەرحاڵ، شـەڕێك کـە دوژمـنو ناحـەزی نیشـتیمانو نەتەوەکـەت، پێـت دەفرۆشێ، تۆش لە پێناو مانەوەو پێداگری لەسـەر مافـەکانت، ناچـاری بـە بەرگریکردن لە خۆتو لە سەروەریەکانت، ڕێگای بۆ دەچێت. بـەڵام، شـەڕی نـاوخۆی خوشـكو براکـانی نیشـتیمانو نەتەوەیـەك، ئەمـەیان کارەسـاتە گەورەکەیـە، بـە هـەر بەهانەیـەك بێـت. ئـەنجامی هـەموو ئـەو شـەڕانەش، بێگومان، جگە لە ماڵوێرانیو قوربانیدانی گیـانیو مـاڵی زۆر، بەرەوپاشـەوە گەڕانەوەی دۆزی ڕەوای نەتەوەو وێرانکردنی نیشتیمانو ... هتد، ئاکامێکی

ئیجابی بەدواوە نەبووەو نایبێت. کەواتە بۆ شەڕبکەین؟ بۆ لەگەڵ یەکدا ناکۆك بین؟ بۆ یەك سەنگەر نەبین، لەسەر پرسە نیشتیمانیو نەتەوەییە ستراتیژەکان؟ دەبا عەقڵو مەنتق، ڕێبەرایەتیمان بکا. ئەزموونی ڕابردووی تاڵی ئەو شەڕو ناخۆشیو پێکدانانە، بکەین بە پەندو عیبرەتو ئەزموون بۆ داهاتوومان. چیتر دڵی میلەتەکەمان نەڕەنجێنین، ناحەزو دوژمنەکانمان، خۆشحاڵو شادمان نەکەین، دەبا یەکڕیزو یەکگرتووبین.

## گرژیو ئاڵۆزی نێوان لایەنەکان

گەر سەیرێکی مێژووی هەرچوار پارچەکەی کوردستان بکرێت، لە هەر بەشێکیدا کۆمەڵێك پارتو ڕێکخراوی حزبیو چەکداری بوونیان هەبووەو هەیە. هەمووشیان مەبەست لە دامەزراندنیان، بە سەیر کردن لە پەیڕەوو پرۆگرامو دروشمەکانیان، تێکۆشان بووە لەپێناو بەرژەوەندی نیشتیمانو نەتەوە. هەریەك بەپێی بەرنامەو ستراتیژی خەباتی خۆی، کاری بۆ ئەو ئامانجانە کردووە. بێگومان دەبێت هەمووشیان لە کۆتا ڕێگادا، بۆ یەك ئامانج یەك بگرنەوە، ئەویش ئازادیو سەرفرازی نەتەوەکە، خۆشگوزەرانیو بە ئارامی ژیان کردن، چەسپاندنی مافە نەتەوەییو نیشتیمانیە ڕەواکانە. بەڵام هەمووشمان ئەو ڕاستیە دەزانین، لە هیچ پارچەیەکدا ئەوەی کە مەبەستە، یەکگرتوییو یەك سەنگەری پارتو لایەنەکانە، بەداخەوە بوونی نەبووەو نیە. بەڵکو گرژیو ئاڵۆزی بەردەوام، خێمەی هەڵداوەو تەپڵی شەڕو ناخۆشی لە ژێریدا، بە بەردەوامی لێدراوە. ئەمەشیان وەك (هۆرەکەی قلێشاندنی دارە)، کە تەباییو یەکتر قبوڵ کردن نەبێت.

مـــن نامـــەوێ‌و نەمدەویســـت بچمەســـەر بابـــەتی هەڵســـەنگاندنی حـــزب‌و ڕێکخراوەکان بـەتاك‌و دیـدگاو بۆچـوونم لەسـەر ڕەفتـارو کرداریـان، چـونکە ئامانج لەو هەوڵ‌و پرۆسەیە، بۆ ئاشتی‌و ئارامی چەسپاندنە. تەنها ناچارم لە پێنـاو نـاوەڕۆکی بابـەتی ئـەم نامیلکەیـە، لـە گـوزەرێکی خێـرادا، باسـێکی (PKK)و هـــەرێمی کوردســـتان، دواتـــر پەیوەندیـــەکانی پـــارتی‌و یـــەکێتی، هەروەهاش پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی لایەنەکانی تریش بە گشتی، ئاماژەیـەکی کورتی پێدەدەم. بەڵام هەڵسەنگاندنی لایەنە ناکۆکـەکان بەگشـتی‌و بـەتاك، جێدەهێڵم بۆ چـاودێرە سیاسـیە ووردەکـان، کـە ویـژدانی خۆیـان بکـەن بـە دادوەرو هەڵسەنگاندنی دروست‌و واقعیانە ئەنجام بـدەن‌و پێشـنیاری بـەجێ بکەن بۆیان، بە ئومێدی ڕاستکردنەوەی هەڵە‌و کەموکوڕیەکانیان.

## پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)و هەرێمی کوردستان:

دەمـەوێ بـە کـورتی‌و پـوختی، گـوزەرێکی خێـرا بەسـەر ڕابـردووی لاپـەڕە ناخۆشـەکانی مێـژووی ئـەو سـەردەمانە هەڵدەمـەوە، کـە گۆڕانکـاری ئـەم پەیوەندیانە، یەکێکە لە کارە سەرەکی‌و بنەڕەتیەکانی ئەم هەوڵە ئاشـتیەی کە هەنگاوی بۆنراوە. ئـەم حزبـە، (PKK)، لـە تورکیـا بـە نهێنـی لـە سـاڵی (1978)دا دامەزراوە. پـاش ئاشـکرابوونی وەك حزبێکـی چـەپی شۆڕشـگێڕ دژی دەوڵەتی تورکیا، سەرکردە‌و کادیرەکانیان چوونە بۆ سوریا. لـە دووەم کۆنگرەیاندا کە لـە سـوریا لـە سـاڵی (1984)دا ئەنجامـدراوە، بڕیاریانـداوە لەســەر دەســتکردن بــە چــالاکی ســەربازی‌و چــەکداری‌و هاتنــە شــاخ لــە ناوەڕاستی هەشتاکاندا. بنکە‌و بارەگاکانیان لە سنوورەکانی تورکیا‌و عێـراق

جێگیر کردووه که مەیدانی چالاکیە پێشمەرگایەتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووه لەو سەردەم. بەداخەوه، دواتر چەند حاڵەتێکی ناکۆکی ئەو حزبە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانو بنکەو بارەگاو پێشمەرگەکانی ڕوویانداوه. وەك باس دەکرێت، پارتی، لە کاتێکدا زۆر هاوکارو یارمەتیدەرەی ئەم حزبە بووه، لەسەرەتای پەیوەندی کردنەیەوه بە شۆڕشی چەکداری، کەچی چەند حاڵەتێکی ناخۆش، لە شەهید کردنی چەند کادیرو پێشمەرگەیەکی ئەودا، لەسەر دەستی ئەم حزبە ڕوویداوه، کە دواتر لە پێناو ڕێگەگرتن لە شەڕی ناوخۆی ئەم دوولایەنە، ئاشتیانە چارەسەر کراوه. لە ساڵی (1983)دا، باس لە ڕێککەوتنێکی ئەم حزبەش دەکرێت لەوسەردەمدا لەگەڵ خواڵێخۆشبوو ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ. ئەوکات، پەیوەندیەکانی ئەم دوو پارتە، بە ڕواڵەت باش بووه، بەڵام بەداخەوه، لە ژێرەوه، ساردیو هەڵبەزینو دابەزینی بەخۆیەوه بینیوه.

لەدوای ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی (1991)ی کوردستانی باشوور، تا ئەم ساتە وەختەش کە ئەم نامیلکەیە دەنووسم، هەرێمی کوردستان، بەداخەوه بە چەندین قۆناغی شەڕی ناوخۆییو بەردەوامی گرژیو ئاڵۆزیەکانی لایەنەکان، گوزەری کردووەو لەگەڵیا ژیاوەو دەژیت. زۆرینەی حزبە سیاسیەکان لەگەڵ یەکدا ناکۆکو گەر شەڕی گەرمیشیان نەبێت، ئەوه شەڕی ساردو ڕاگەیاندن، بێزارو ئارامی لێهەڵگرتووین. یەکێك لە هەرە ئاڵۆزترینو قورسترین ئەو گرژیانەش کە بە قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوه لە شەڕی گەرمو سارد، کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بووه لەگەڵ هەرێمی

کوردستان‌و لایەنەکانی، کە سەرچاوەی گرتووە لە دانپێدانەنان لەلایەن ئەو پارتەوە بە تایبەتمەندی هەر پارچەیەك لە ڕووی دەسەڵاتداری، مێژوویی، کلتوری، جوگرافی، سیاسی، ئابووری‌و ... هتد، کە تا ڕاددەیەکی زۆر، جیای دەکاتەوە لە پارچەکانی تری کوردستان‌و واقعێکی بۆ دروست کردووە، بە هەندێ جیاوازیەوە لەویتر، کە کوردو کوردستانیەکان، خۆیان لە پارچەکردنی، ڕۆڵیان نەبووەو بەسەرماندا سەپێندراوە لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا. واتە بەرژەوەندی نەتەوەو نیشتیمان‌و واقعی ئێستا لەوەدایە، لەم قۆناغەدا، دانبنرێت بەو تایبەتمەندیەو قبولّ بکرێت. دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتری، بکرێتە بنەمای پەیوەندی لایەن‌و پارچەکانی کوردستان. پشتگیری یەکتر بکرێت، لە خەبات‌و تێکۆشانی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی، بە ڕەچاوکردنی هەستیاری سیاسی دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی، کە خاوەن کیان‌و دەسەڵاتن لە ناوچەکەدا. ڕێزدانەنان بۆ خەباتی یەکتری‌و نەخوێندنەوەی یەکتر، بەتایبەتیش ڕێزنەگرتن لە دەستکەوتەکانی بەدەست هاتوو لە باشووری کوردستان‌و بەهەند وەرنەگرتنی هەستیاری‌و مەترسیەکانی هەمیشەیی لەسەری، ئەم گرێکوێرەیە، بووەتە سەرچاوەی هەموو گرفتەکانی ئەو پارتە، لەگەڵ هەرێمی کوردستان‌و لایەنەکانی. بۆیە، ناوە ناوە، گرژی‌و ئاڵۆزی دروست دەبێ‌و تەپڵی شەڕو ناخۆشی بەرگوێچکە دەکەوێ. ئەمەیان لایەنی بابەتەکەو بێگومان هەمووومان ئاگادارین لەوەی، نێوانی لایەنەکان تری هەرێمی کوردستانیش، گرژی‌و ئاڵۆزی بەردەوام‌و پەیوەندیەکانیان لە هەڵکشان‌و داکشانی هەمیشەییدایە.

## پەیوەندیەکانی نێوان پارتیو یەکێتی

پـــارتی دیمــوکراتی کوردســـتانو یـــەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان، وەك دوولایـەنی بـەهێزی بزووتنــەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەکـەمان لـە باشـووری کوردســتان، ناکۆکیــەکانیان دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەرەتاکانی شەســتەکانی ســەدەی ڕابــردوو، کــە خوالێخۆشــبووان مــام جــەلالو ئیــبراهیم احمــدو هەڤاڵەکانیان، لە پارتی جیابوونەوە بەناوی (بەرەی مەکتەبی سیاسـی)، لـە ساڵی (1964)دا، لە سـەردەمی شۆڕشـی ئـەیلول، کـە ئـەم دوو بەرەیـە بـە (مـەلاییو جـەلالی) نـاوزەد دەکـران. پـاش ئـەم قۆناغـەو لـە دوای نسـکۆی شۆڕشــی ئــەیلول، پــارتی، (ســەرکردایەتی کــاتی - قیــادەی موەقەتـــە)ی دامەزراندو (شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوان)ی لە (1976/5/26)، ڕاگەیاند. (یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان)یش لـە دوای نسـکۆی شـۆڕش، لـە سـاڵی (1975) لە سوریا دامەزراو لە (1976/6/1)، (شۆڕشی نوێ)یـان ڕاگەیانـد. بەداخـەوە زۆری نەخایانـد، قۆنـاغێکی تـر لـە شـەڕو ناکۆکیـەکانی ئـەم دوو بەرەیە، دەستی پێکردەوەو بە زۆر وێستگەی جەرگبڕدا، گوزەری کرد تا لە سـاڵی (1987)دا، بــەرەی کوردســـتانی پێکهــاتو ئاشــبوونەوەی گشــتی ڕاگەیەندرا، کە بە قۆناغی دوای ئەنفالەکانو کیمیابارانو ئاوارەیی بـوون لـە جمهـوری ئیسـلامی ئێـران تێپـەڕی کـرد. قۆنـاغێکی پێکـەوە کـارکردنو هەماهەنگیو تەبایی بوو لە نێوانیان. ئەم قۆناغە، بەردەوام بوو تا ڕاپەڕینی گــەلی کوردســـتان لــە ئــاداری (1991)دا. بــەدوای ئــەودا، کــۆڕەوو لــە

(1991/4/5) دەرکردنی بڕیاری (688)ی نەتەوە یەکگرتووەکانو دانانی هێڵی (36)ی ناوچەی ئارامو دژەفڕین هاتەکایەوە. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، فەرمانڕەوایەتی ئەم هەرێمەی بە دەستەوە گرتو دانوستاندن لەگەڵ بەغدا دەستی پێکرد. لێژنەی تەنسیق دانران بۆ هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك). وردە وردە خەڵك گەڕایەوە بۆ گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان. بەدوای ئەوەشدا هەندێ تێکهەڵچوونی سەربازی لەبەینی خەڵكو سوپای عێراقو کاربەدەستانی حکومەت دروست بوو. هەروەهاش خۆپێشاندان کرا لە هەندێ شوێنی تر کە کوژراوو برینداریشی لێکەوتەوە. خەڵکی کوردستان، جارێکی تر بۆی قبوول نەدەکرا کاربەدەستانی بەعس، حوکمی وڵات بکەنەوە، دوای ئەو هەمووماڵوێرانیەی بەسەر گەلەکەماندا هێنابوویان. بۆیە حکومەت بەناچاریو لەژێر فشارو مەترسیدا، لە (1991/10/23)، سەرجەم دامودەزگاو فەرمانگەکانی خۆی لەو ناوچانە کێشایەوە. بۆشاییەکی ئیداری بەدیهات. بەسوپاسەوە، بۆ سەرجەم کارمەندانی ئەوکاتی دامودەزگا ئیداریەکانی حکومەت، کە خەڵکی کوردستانو مابوونەوە بەبێ مووچە، ئەم ئەرکە نیشتیمانیەیان لە ئەستۆ گرت. بۆیە بەرەی کوردستانی، بڕیاریدا بە هەڵبژاردنو پێکهێنانی حکومەتێك بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان. لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییو تایبەتدا، لە (1992/4/8)، یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی دەکرد بە ناوی (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێڕاق). لەسەر

بنـــەمای ئـــەو یاســـایەش، گـــەلی کوردســـتان، لـــە ڕۆژی (1992/5/19)، هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی ئەنجامـدا. زۆر بەداخـەوە، بـەدوای ئـەودا، گـرژیو ئـاڵۆزی لـەنێوان پـارتیو یـەکێتی، لەسـەر ئاکـامی هەڵبژاردنـەکان سـەری هەڵدایـەوەو بـۆنی شـەڕێکی خوێنـاوی لێـدەکرا. بۆیـە پـارتی، تـەنازولی لـە کورسیەك کرد بۆ یەکێتیو لە ئەنجامدا ڕێککەوتنی (ففتـی ففتـی)، لەلایـەن ئـەم دوو حزبـەوە مـۆرکراو پەرلـەمانو حکومـەتی هـەرێمی (ففتـی ففتـی) پێکهێنرا. دواتر متمانە بە کابینەی یەکەمی حکومەت درا لـە (1992/7/4). بـەم جـۆرە بـەرەی کوردسـتانی، فەرمانڕەوایـەتی تەسـلیم بـە پەرلـەمانو حکومەت کـرد، کـە لـە مـاوەی نێـوان دامەزرانـدنی لـە بـەهاری (1987) تـا دامەزراندنی حکومەتی هەرێمو ماوەیەك دواتـریش، ڕابەرایـەتی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردســتانی دەکــرد. دواتــر پەرلــەمانی کوردســتان، لــە (1992/10/4)، بە بڕیاری ژمارە (22)ی سـاڵی (1992)، فیدراڵیـەتی وەك سیسـتەمی حـوکمی عێـڕاق پەسـند کـردو فیدراڵیـەتی هـەرێمی کوردسـتان ڕاگەیەندرا. چەند ساڵێکی تا ڕاددەیـەك ئـارامی تێپـەڕیو دیسـانەوە ئـاگری ناکۆکیەکانی دوو بەرەکە، گڕی گرتـەوەو لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی (1995)دا، شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردەوە. دەیان تێکۆشـەرو پێشـمەرگەی قارەمـانی هەردوولا، گیانیان سپاردە ناکۆکیەکانی ئەم دوو بەرە ناکۆکە دژ بەیەکە، تا لەسەر دەسـتی ئـەمریکا لـە سـاڵی (1997)دا، جـارێکی تـر ئاشـتبوونەوەی گشتیو ڕێککـەوتنی دوو قـۆڵی، لەچوارچـێوەی ڕێککـەوتنی سـتراتیژی، بـە چـاودێری ئەمریکیـەکان، لـە واشـنتۆنی پایتـەختی ئـەمریکا، واژووکـرا.

بەمجۆرە، کەوتینە قۆناغێکی تری ئارامی، بە هەبوونی شەڕی ڕاگەیاندن‌و شەڕی سارد بە بەردەوامی. لەسەردەمی تەمەنی مام جەلالی خوالێخۆشبوودا، کە هەمیشە پێکەوە لەگەڵ جەنابی کاک مسعود، فریای ناکۆکیەکان دەکەوتن‌و دوو قۆڵی، چارەسەری گونجاویان بۆ پیادە دەکرد. لەم قۆناغەدا، هەردوو بەرە، گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی، کە بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە، ئاشتی‌و ئارامی بەینی ئەم دوو حزب‌و بەرەیە، سەقامگیر بکرێ‌و واز لە گرژی‌و ئالۆزیەکان بهێنرێت. بۆیە هەمیشە، فریای گرژیەکان دەکەوتن‌و چارەسەری گونجاویان بۆدادەنا. بەڵام بەداخەوە، دوای کۆچی دوایی مام جلال، سەرهەڵدانەوەی دوو بەرەکەو گرژی‌و ئالۆزیەکان، جارێکی تر خێمەی لە هەموو ماڵێکدا هەڵداوەو ڕاگەیاندن‌و تۆڕە کۆمەلایەتیەکان، بوون بە هۆکارێکی بەهێز بۆ خۆشکردنی ئاگری ناکۆکیەکان‌و هەڵدانەوەی قەتماغەی برینە کۆنەکان. بەتایبەتیش دوای (16)ی ئۆکتۆبەرو لەدەستدانی کەرکوك، ئەم ناکۆکیانە گەیشتوونەتە ترۆپك، کە لە کاتی ئێستادا زۆر بە زەقی هەستی پێدەکرێت.

## پەیوەندی لایەنەکانی تری کوردستانی باشوور لەگەڵ یەکتر

لە پاڵ مێژووی خوێناوی شەڕو پێکدادان‌و ناکۆکیەکانی پارتی‌و یەکێتی لەگەڵ یەکتر، لە نێوان لایەنەکانی تریش وەك (حزبی شیوعی، حزبی سۆشیالیست، پارتی گەلی کوردستان، بزووتنەوەی ئاشووری، حزب اللەی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، حزبی زەحمەتکێشان، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی گۆڕان، چەندین گرووپ‌و ڕێکخستنێکی

تری چەکداری کە لەسەردەمی پێشمەرگایەتی شاخو دواتریش لە دوای ڕاپەڕین، هەبوونیان هەبووەو ئێستاش هەندێکیان هەن، تەنانەت لە نێوان هەندێ لە حزبو ڕێکخستنو گرووپە بچووکەکانی کەمینە ئایینیو نەتەوەییەکانی کوردستان، وەك تورکمان، مەسیحی، شەبەك، یەزیدی، بە هەمان شێوە، لەگەڵ ئەم دوو حزبە بە تاكو بە جووت، هەروەها لەگەڵ یەکتریش، هەندێکیان، چی لەسەردەمی شاخو پێش ڕاپەڕینی ئاداری (1991)دا، دواتریش لە سەردەمی دوای ڕاپەڕینو تا ئێستاش، ناوە ناوە، گرژیو ئاڵۆزی هەبووەو ئێستاش بەردەوامی هەیە. وەك کوردەواری خۆمان دەڵێن، ئەم دیاردەیە، بووە بە (بنێشتە خۆشەی سەر زاران)و بە زەقیو هەموو کەس، ڕۆژانە هەستی پێدەکاتو باسی دەکات. واتە ناو ماڵمان لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە، وێرانو کەسێك نادۆزیەوە بەم بارووددۆخە دڵخۆش بێت، جگە لە بەرژەوەندیخوازەکان، کە باکی هیچ شتێکیان نیە، جگە لە بەرژەوەندیە تایبەتیە کەسیەکانیان نەبێت. ئەوەتا لەگەڵ بەغدا، هەست بە هاوسەنگەریەکی پتەوو تۆکمە ناکرێت. هەر لایەنێك خۆی پەیوەندیەکانی دەجووڵێنی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیو دژ بە یەکتری. گرووپێك بە دەست لەپشتدانی ئەمو ئەو لە حزبەکان، لەناو پەرلەمانی عێراق، جیادەبنەوە بە ناوی (گرووپی 15ی هیوا)و فراکسیۆنێك ڕادەگەیەنن. وەك باس دەکرێت، دەستی هەندێ لە کەسایەتیەکانی ناو حزبەکانی لە پشتەوەیە، گەر هەمووشیان نەبن. هەروەها ئەم ئەگەرەش، ناتوانرێ لەبەرچاو نەگیرێ، کە ئەم هەنگاوەش، ئەجێندای ئیقلیمیو

ناحەزانی هەرێمەکەمان، ئەوانیش دەستیان تێدا نەبێت. ئەم گرووپە، بە ڕواڵەتو ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکان هەستی پێدەکرێت، هەندێکیان، بۆچوونەکانیان، دژایەتی هەرێمەکەیان دەکەن، لەژێر ناوی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان. لەسەرێکی ترەوە، دەنگوباسی دوو هەرێمی، دوو ئیدارەیی‌و وورووژاندنی ئەم بیرۆکەیە، لە ئارادایەو باسی لێوە دەکرێت. لامەرکەزیەتی پارێزگاکان، بابەتێکی تری ئەم پەرتەوازیەیە کە جیاوازی زەقی لایەنەکانی لەسەرە. شنگالیەکان، بە تایبەتیش یەزیدیەکان، بەشێکیان خۆیان بە کورد نازانن‌و بانگەشەی یەزیدی بوون بۆ خۆیان دەکەن. لە پەرلەمانی عێراق، فراکسیۆنی تایبەت بە خۆیان هەیەو زۆربەی هەڵوێستەکانیان، لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانیەکان، یەك ناگرێتەوە. لە قالبی نەتەوەی کورد، خۆیان بە جیا دەزانن، ئەوە لە کاتێکدا، ئەوان بە کوردی ڕەسەن لەلایەن کوردەوە، پێناسە دەکرێن. هەندێکیان، بە هاوبەشیو پشتیوانی (PKK)، لەگەڵ حەشدی شەعبی هاوپەیمانن‌و بە زەقی دوژمنایەتی هەرێمی کوردستان‌و پێشمەرگەی پارێزەریان دەکەن. ڕیفراندۆمی گەلی کودستان لە (2017)و ئاکامەکانی، وەرچەرخانێکی زۆر خێرای بەخۆوە دیت لە پەیوەندیە ناوخۆییو ئیقلیمیو دەولیەکاندا. بۆیە هەرێمی کوردستان، لەدوای ڕیفراندۆمو (16)ی ئۆکتۆبەرو لەدەستدانی کەرکوك، سەنگو پێگەی جارانی نەماوە. قەوارە یاساییو ئیداریو سیاسیو دامەزراوەکانی، کێرڤەکەی لەوپەڕی دابەزیندایە لە ڕووانگەی زۆرینەی بڕیاربەدەستەکانی بەغدا. بووینە بە گاڵتەجاری کەس‌و لایەنە

سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕاگەیاندنەکانی عێراقی. بەجۆرێك مرۆڤ، لە بیستنی قسەکانیان، ووتارو نووسینەکانیان، خۆی لەبەر چاو دەکەوێت. دۆستەکانمان لە ئەمریکاو وولاتە ئەورووپییەکان، تا ڕاددەیەك لەم پەرتەوازیەی ئێمە، نیگەرانو ساردبوونەوەیەك هەستی پێدەکراو دەکرێت. نیگەرانن بەرامبەر بە شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمو مافی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی لایەنەکانو هەریەك بەپێی ئەجێندای خۆی، لەگەڵ وولاتە ئیقلیمیەکانو حکومەتی ناوەندا. ئەگەر ئێستاش هەندێ گەرمو گوڕی گەڕاوەتەوە بۆ پەیوەندیەکانی دۆستەکانمان، بەڵام چاوەڕوانی زیاتر دەکرێت، ئەگەر خۆمان هاوکارو یارمەتیدەر بین بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵەکەمان. ناحەزو دوژمنەکانی هەرێمو دەوڵەتە ئیقلیمیەکان، خوشحاڵن بەم بارووددۆخەی خولقاوە. پاڵیانداوەتەوەو هەمیشە لە پیلانگێڕیدان، بۆ لەباربردنی دەستکەوتەکانمان. ئەمانەش بێگومان هەمووی خەتای خۆمانە. پەرتەوازەییو ناکۆکیەکانو هەریەك بوونی ئەجێندای تایبەت بەخۆیو نەبوونی یەکگرتوویی حزبە باڵادەستەکانی هەرێم، ئێمەی بەم ڕۆژە ڕەشە گەیاندووە. زۆرینەی خەڵکی کوردستان، متمانەی بە کەسو لایەنەکان وەك پێویستە نەماوە. باشو خراپەکانیان، بە یەك چاو، بە خراپی سەیردەکەن. متمانەی پێویست لە دەست دراوە بە هەموو کەسایەتیو لایەنەکان بە تێکرایی. قەیرانەکانو خراپی باری ئابووریو نەبوونی مووچەی پێویستی مووچەخۆرانو بوودجەی پێویست بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری، هێندەی تر وەزعەکەی ئاڵۆزو خراپتر کردووە. گەندەڵیو ناعەدالەتیو قۆرخکردنی کارو

پیشەو دەسەڵاتەکان، بۆ تاقمێکی دەسترۆیشتووی دیاریکراو، بابەتێکی ترە کە بیزاری خەڵکی زۆر پێوە دیارە. خوا ڕەحم بکات، ئەوەی هەشمانە لە دەستکەوتەکانمان، بەم وێرانیەوە، لەدەستی نەدەین. بۆیە بارودۆخەکە هەستیارو مەترسیدارەو پێویستە کەسایەتیو لایەنە بڕیاردەرەکانی ئەم هەرێمە، فریای ئەم بارودۆخە ئاڵۆزو ناخۆشو نالەبارە بکەون، گەر هیچ نەبێت لەبەر خاتری خۆیانو پێگەو دەسەڵاتو سەروەتەکانیان. لە غرورو ئەجێندا تایبەتیەکانیان دابەزنو بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستانو نیشتیمانو نەتەوە، بکەن بە ڕێچکەی دروست، بۆ هەوڵدان، بۆ گێڕانەوەی متمانەو پێگە لە دەست ڕۆیشتووەکان، کە ئومێدێکی گەورەیە بۆ گێڕانەوەی تا ڕاددەیەك لەو متمانە لەدەستچووەی میللەتەکەیان.

## هەوڵێك بۆ ئاشتی

لەسەر ئەو بنەمایانەی باسکراو، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان (KPU)، سەرەتا تاك لایەنە، دواتریش بە هاوبەشیو بەیەکەوە لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK)، بە ئومێدی ئەوەی بتوانین کارێك بکەین، هەنگاومان هاویشت بۆ پرۆسەیەکی ئاشتەواییو چەسپاندنی دیالۆگی ناوخۆیی وەك بنەما، بۆ چارەسەی کێشەو گرفتو ئاریشەکان بە دیالۆگی ناوخۆیی، لەم پرۆسەیەی کە بەم هەنگاوانەی خوارەوە گوزەری کردووە.

## ڕووداوەکەی ناحیەی چەمانکێو یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

بابـەتی سـەرەكی پرۆسـەكەو هـەنگاونانی، لێـرەوە دەسـت پێـدەكات. لـە كۆتـايی ئۆكتۆبـەری 2020، گـرژیو ئـاڵۆزی كەوتـە نێـوان هێزەكـانی پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستانو (PKK). جووڵـەو لەشكركێشـی بۆ بەرەكانی بەرامبەر بە یەكتر لە زۆربـەی ناوچـەكانی هـەرێم لـە پارێزگـای هەولێرو دهۆك بە زەقی هەستی پێدەكرا. بەداخەوە كار گەیشتە ئـەوەی لـە سـەرەتای تشـرینی دووەمـدا چـەند ڕووداوێكـی بـەدوای یەكـدا ڕوویانـدا بەتایبەتیش لە ناحیەی چەمانكێی دەڤەری ئامێدی لە پارێزگای دهـۆك كـە بەداخـەوە شـەهیدو برینـداریان لێكەوتـەوە. گیـانی شـەهیدەكان ئـارامو ڕوحیان شاد بێتو ئومێدەواریشـین برینـدارەكانی ئـەم ڕووداوە، سـەلامەتو بەتەواوی چاكبووبنەوە انشاءالله.

بۆ ئەم مەبەستەو باس كردنی ئەم بابەتە، بە هەست كردن بـەم باروودۆخـە نەخوازراوو ئاڵۆزە، كـە بـۆنی شـەڕێكی نـاوخۆیی لێـدەكرا، لەسـەر بنـەمای تـەحریمی ئـەو شـەڕە وەك هێڵـی سـوور، كـە هەمیشـە سـەركردە باڵاكـانی هەرێمی كوردستان ئاماژەی بۆدەدەن، یەكێتی پەرلـەمانتارانی كوردسـتان، لەسەر پێشـنیاری بـەڕێز كـاردۆ محمـد پـیرداودو ڕەزامەنـدی دەسـتەی بـاڵا لەسـەری، لـە كۆبوونەوەیـەكی تایبـەتی خۆیـدا، كـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە، لـە (2020/11/4)، ئەنجامیدا، بڕیاردرا بە دەركردنی بەیاننامەیەك بۆ ئاشـتیو هەوڵدان بۆ چارەسەری گرفتو كێشەكان بە دیالۆگ، كە تیایـدا، پێشـنیاری موبادەرەیەك بۆ ئاشتی، بووە بڕیارو كاری لەسەر كـرا وەك تاكـە ڕێگایـەك، كە بەرژەوەندی گشتی هەموولایەك وادەخوازێ، بەتایبەتیش لەو بارووددۆخە

هەستیارەی ئـەمڕۆی هـەرێمی کوردسـتان، پێیـدا تێدەپـەڕی، کـە کۆمـەڵێك قـەیرانو گێروگرفتـی دەوڵیو ئیقلیمـیو نـاوخۆیی بـەرۆکی گرتـووە. بۆیـە بەڕێزان (کاردۆ محمـد پـیرداودو زانـا ڕوسـتاییو عبـدالرحمن علـی کـوردە)، لەلایەن دەسـتەی بـاڵاوە تـەکلیف کـراین، بـۆ نووسـینی بەیاننامەکـە. دوای ئامادەکردنیو وەرگرتنـی دیـدو بۆچـوونی ئەنـدامان لەسـەری، بەیاننامەکـە ئامـادەکراو پەسـند کـراو بڕیـاری بڵاوکردنـەوەی بـۆدرا لـە هـەمان ڕۆژدا. بەداخەوە، لەکاتی کۆبوونـەوەی دەسـتەی بـاڵای (ی.پ.ك)و بڵاوکردنـەوەی بەیاننامەکـە، هـەواڵی ڕووداوەکـەی چـەمانکێو شـەهیدو برینـدارەکانی ڕووداوەکە لە هەردوولا، لەلایەن ئێمەوە تا ئەو ساتە وەختـە، نـەزانرابوو تـا لە بەیاننامەکەمانـدا ئامـاژەی بـۆ بـدەین، کـە بـووە ڕەخنـەو گلـەیی بـەهێز لەسەرمان. ئەمەش دەقی بەیاننامە دەرکراوەکەیە:

## بەیاننامەیەك لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردسـتان، بـە نیگەرانیـەکی زۆرەوە، دەڕوانێتـە پەرەسـەندنی ڕووداوەکـانی ئـەمڕۆی هـەرێمی کوردسـتان، بەتایبـەت بارگرژیو هەڕەشەی هێـزو شـەڕ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەو گرفتـەکانی نێوان لایەنەکان، بە هەر بیانوو وە پاساوێك بێت. بۆیە، لەڕوانگەی خەمی نیشـتیمانو سـووربوونو بەردەوامیـدان بـە تـەحریم کردنـی شـەڕی ماڵوێرانکـەری نـاوەخۆ، دەمانـەوێ دەستپێشـخەری بـۆ گفتوگۆیـەکی ئاشتیانە بکەین بـە بنـەما، بـە ئاقـاری چارەسـەری کێشـەو قەیرانـەکانو بەرپرسـانە، ئاسـتەنگ لـە بـەردەم توندوتیـژیو شـەڕ دروسـت بکـەین.

پێکەوە لەژێر چەتری ئاشتیدا، هەموو ناکۆکیەکان، لە بەرژەوەندی نیشتیمانو چارەنووسی گەلەکەمان، چارەسەری بنەڕەتی دابنێین. تایبەتمەندی یەکترو دەستێوەرنەدان، بکەینە بنەمای کارکردن، بۆ گەیشتن بە ئاشتی ڕاستەقینەو مافی چارەنووس بۆ گەلێك، کە مێژوویەکی دوورودرێژە ڕۆڵەکانی لەم پێناوەدا، دەجەنگنو خوێن دەڕێژن. بە ئومێدو پشتیوانی گەلەکەمان، هەنگاو بۆ دەستپێشخەریەکەمان دەنێین، چونکە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانو نیشتیمانی دەبینین. نامانەوێ خوێنی لاوی کورد، بەدەستی یەکتر بڕێژرێو زامە کۆنەکانی پێشووترمان، بکولێنرێنەوەو دوژمنانی گەلەکەمان، سوودمەندو دڵخۆش بکات.

بژی ئاشتی، بژی پێکەوەژیان، نەفرەت لە شەڕی شوومی ناوەخۆ

**دەستەی باڵا**

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

2020/11/4

وێنەی بۆ/

- سەرجەم لایەنە حزبیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ رێزدا.
- سەرجەم سەندیکاو رێکخراوە پیشەییو جەماوەریەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان. پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ رێزدا.

## هەڵوێستە ئیجابیەکان بەرامبەر بە بەیاننامەکە

لـە هـەمان ڕۆژدا، بەیاننامەکـە بـە فراوانـی بڵاوکرایـەوە. بـە خۆشـحاڵیەوە، دەنگۆیەکی باشی لێکەوتەوەو بووە مایەی دڵخۆشـی زۆرێـك لـە چـاودێرانو لایەنە سیاسەکان، وە بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرا.

یـەکێتی پەرلـەمانتارانی کوردسـتان، بـۆ پیـادەکردنی ئامـانجی سـەرەکی بەیاننامەکە، کـە (ئاشـتەواییو دیـالۆگ وەك بنـەما بـۆ چارەسـەری کێشـەو گرفتـەکان)، کەوتـە پەیوەنـدی کـردن لەگـەڵ هەنـدێك لـە کەسـایەتیە ناسـراوەکانی سیاسـیو جـەماوەری هـەرێم، بـۆ پێکهێنـانی لۆبیـەكو پشتیوانیەك بۆ کـارکردن بـۆ ئـەم مەبەسـتە. لەوانـەش، سـەردانی بـەڕێزان (عەدنان موفتیو دکتۆر محمود عوسمان) کرا. بـە کـارێکی بـاشو پیرۆزیـان وەسف کـرد. هـەروەها پەیوەنـدی کـرا بـە بـەڕێز (د.ڕێـواز خـان، سـەرۆکی ئێستای پەرلەمانی کوردستان)و ئامـادەیی خـۆی دەربـڕی بـەڵام بەداخـەوە دواتر پەیوەندی بڕاو بەردەوام نەبوو لەگەڵمان. بەپێی ئەزموونی زۆرێك لەو کەسـانەی گفتوگۆیـان لەگـەڵ دەکـرا، پێشـنیار هـەبوونو نائومێدیـەکیش هەست پێدەکرا. ئەوانیش ناهەق نەبوون، چونکە هەرێمەکەمان، بەم قۆناغە سەختانەدا، گەلێك جار گوزەری کردووە. گەلێك هەوڵو کۆششی لەم جـۆرە سەری نەگرتووەو بەبێ ئاکام ماوەتـەوە. بۆیـە هەشـبوو، لەسـەرەتاوە، بـە ڕەشبینیەوە، دەیانڕوانیە ئـەم هەوڵـە ئاشـتیە. بـەڵام ئـیرادەی هەنـدێك لـە

ئێمە، وەك یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان، بەهێز بوو بۆ ئەم هەوڵە گرنگە نەتەوەییو نیشتیمانیەو نائومێد نەبووین. ئەم هەڵوێستە ساردانە، چۆكی پێدانەداین. لەسەر بەرنامەی كاری خۆمان بەردەوام بووین، بەو ئومێدەی گەر (تروسكاییەكی زۆر كزو لاوازو بچووكیش هەبێت)، بەدوایدا بچینو كاری لەسەر بكەین. هەر واشمان كردو لە هەوڵو كۆششی خۆمان بەردەوام بووینو قۆناغێكمان لە پڕۆسەكە ئەنجامداو تا ڕاددەیەك ڕازین لەسەر ئەنجامەكانی ئەم قۆناغە.

## ڕەخنەو گلەییەكان لەسەر بەیاننامەكە

لە سەرێكی ترەوە، بەداخەوە، لەكاتی كۆبوونەوەی دەستەی باڵای (ی.پ.ك)و بڵاوكردنەوەی بەیاننامەكە، هەواڵی ڕووداوەكەی ناحیەی چەمانكێو شەهیدو بریندارەكانی ڕووداوەكە لە هەردوولا، لەلایەن ئێمەوە تا ئەو ساتە وەختە، نەزانرابوو. هەروەها، زانیاری تەواویشمان نەبوو لەسەر ووردەكاریەكانی ڕووداوەكانو بەیاننامە دەركراوەكان تا لە بەیاننامەكەماندا بەپێی دیدگاو بۆچوونی دەستەی باڵای (ی.پ.ك)و بەرژەوەندی پێویستی پڕۆسە بڕیارلێدراوەكە، ئاماژەی بۆ بدەین. بۆیە لەلایەن چەند كەسایەتیەكی حزبی، حكومی، پەرلەمانی، كە یان توجیە كراو بوون یان لە دیدگای خۆیانەوە بووبێ، ڕەخنەو گلەییەكانیان ئاراستەی سەرۆكی (ی.پ.ك) كردبوو. لەم جۆرە كارە هەستیارانەشدا، دیدگاو بۆچوونی جیاواز سەرهەڵدەدەنو هەموو هەڵوێستەكان یەكانگیر نابن، بەپێی باروودۆخی كەسەكان، گۆڕانكاری بەسەردا دێت. كە ئەمەش، خەسڵەتی ئەم جۆرە

کارانەیە لەناو کورددا. لە کۆبوونەوەی دەستەی باڵا لە کاتژمێر (11)ی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2020/11/4)، بڕیاردرابوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەك و ڕاسپاردنی لێژنەیەك بۆ نووسینی، هەر هەمان کات، ڕەشنووسێك لەلایەن لێژنەکەوە نووسراو لەلایەن دەستەی باڵا پەسندکراو بڵاوکرایەوە. بۆ شەوی هەمان ڕۆژ، واتە لە (2020/11/4)، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا، لەلایەن یەکێك لەو کەسایەتیانەی حکومی و دوای چەند ڕۆژێکی تر کەسایەتیەکی تری بەرپرس لە پەرلەمان، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مندا لە (2020/11/8)، هەردووکیان ئەم ووتانەو ڕەخنەکانیان ئاراستەی من کرد، کە بۆ بەیاننامەکەتان وەك هی حکومەت و پەرلەمان نیە؟. بۆچی ئیدانەی (PKK)ی تێدانیە؟ بۆچی باسی شەهیدو بریندارەکان نەکراوە؟. وەڵامی بەندە بۆیان، لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوانەی پێشووتر بۆ ئەو بەڕیزانەی ڕەخنەکانیان ئاراستە کردین، ووتم: مەبەستی ئێمە لەو هەنگاونانە بۆ پڕۆسەیەکی ئاشتی بێلایەنانەیە، بە ئومێدی ڕێگەگرتن لە شەڕێکی ماڵوێرانکەر کە تەپڵی بۆ لێدەدرێ. بۆیە ناکرێ، بەیاننامەی (ی.پ.ك) کە هەنگاوێك بۆ ئاشتی و تەبایی دەهاوێژێ، لە بەیاننامەکەیدا، وەك سەرەتای دەستپێك و هەنگاوی یەکەمی پڕۆسە ئاشتیەکەی، لایەنگیری لایەك بکات و ئیدانەی ئەویتر، گەر خەتاکاریش بێت. هەروەها ناکرێ، بەیاننامەکەی ئێمە، وەك بەیاننامەی حکومەتی هەرێم یان لایەنێکی تر بێت، کە لایەنێکی کێشەکەی کە مەبەستی ئێمەیە لە پڕۆسەکەدا، گەر لەسەر هەقیش بووبێت. ئەوە لە کاتێکدا، بەیاننامەی

حكومەتیشمان تا ئەو ساتە وەختە نەدیتبوو. وە ئاگاداری ووردەکاریو ڕووداوەکەی ناحیەی چەمانکێ، نەبووین. هەروەهاش ئەوەشم بۆ ڕوون کردنەوە کە (ی.پ.ك)، تەنها ئێمەی تێدانیە وەك پارتی. پێکهاتەکەی ئەم دامەزراوەیە، نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا ئەندامو بەیاننامەکەیو هەڵوێستەکانی، تەعبیر لە ڕای زۆرینە دەکات. ناکرێت دیدگاو بۆچوونی تایبەتی لایەنێك، بسەپێنرێت بەسەر هەڵوێستەکانی، کە لە بنەمادا، دەبێ هەڵوێستەکانی ئەم دامەزراوەیە، بێلایەنانە بێت لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا. بێگومان، ئەم ڕوون کردنەوانەی من بە دڵی ئەوان نەبوو. بەڵام من ئەوکاتو ئێستاش لەسەر هەمان قەناعەتو خۆم بە ڕاست دەزانم. هەڵەم نەکردووەو پەشیمان نیم، با باجیشم دابێت بۆی. تەنها هەڵەیەك کە هەڵەی عەمدی نەبووەو نە من وە نە هاوکارانم کە بەیاننامەکەیان بۆ خوێندراوەتەوە، تێبینی ئەوەیان نەکردووە، هەڵەکەش بەهۆی چەند جارێك دەستکاری کردنی بەیاننامەکە کراوەو صیاغە کراوەتەوە بۆ ڕەچاوکردنی دیدگای برادەرانی دەستەی باڵا، کە بەداخەوە وێنەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کاك مەسرور بارزانی، لە کاتی پێداچوونەوەی تایپی کۆمپیوتەری، ڕەش بووەتەوە. هەر ئەوکاتەی هەستم پێکردووەو ئاگادار کراومەتەوە لەو هەڵە تایپیە، ڕەخنەم ئاراستەی خۆم کردووەو ڕوونکردنەوەم داوە، کە دەقەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

**داوای لێبوردن**

عبدالرحمن علی کوردە، بەرپرسی پەیوەندیە گشتیەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، زۆر داوای لێبوردن دەکەم لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو هەڵە کارگێڕی، چاپی، کۆمپیوتەریەی لە بەیاننامەی بڵاوکراوە ڕوویداوە، کە لەلایەن یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، لەسەر پرۆسەی ئاشتی بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بەهۆی سەرقاڵیم بە هەندێ کاری بەردەست، کە بووە هۆی تەرکیز نەکردنم لەو هەڵەیە. ئەم بەیاننامەیە، لەسەر کلێشەی نووسراوێکی تری پێشووتر نووسراوەتەوە، کە لە پەڕەگرافی کۆتایی (وێنەیەك بۆ)، ئەم ڕستەیە پەڕیوەو تەرکیزم نەبووە لەسەری.

لەگەڵ ڕێزدا.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
دەستەی باڵا
لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکان

اتحاد برلمانيي كوردستان
الهيئة العليا – لجنة العلاقات العامة
KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION
High Board – Public Relationship Committee

ژمارە : ل.پ/ 19 بەروار: 4/ 11 / 2020

## بەیاننامەیەک لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دژی شەڕی ناوەخۆ

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، بە نیگەرانیەکی زۆرەوە دەڕوانێتە پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت بارگرژیو هەڕەشەی هێزو شەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان لایەنەکان بە هەر بیانوو وە پاساوێك بێت. بۆیە لەڕوانگەی خەمی نیشتیمانو سووربوونو بەردەوامیدان بە تەحریم کردنی شەڕی ماڵوێرانکەری ناوەخۆ، دەمانەوێ دەستپێشخەری بۆ گفتوگۆیەکی ئاشتیانە بکەین بە بنەما، بە ئاقاری چارەسەری کێشەو قەیرانەکانو بەرپرسانە ئاستەنگ لەبەردەم توندووتیژیو شەڕ دروست بکەینو پێکەوە لەژێر چەتری ئاشتیدا، هەموو ناکۆکیەکان لەبەرژەوەندی نیشتیمانو چارەنووسی گەلەکەمان، چارەسەری بنەڕەتی دابنێینو تایبەتمەندی یەکترو دەستێوەرنەدان، بکەینە بنەمای کارکردن بۆ گەیشتن بە ئاشتی ڕاستەقینەو مافی چارەنووس بۆ گەلێك کە مێژوویەکی دووروودرێژە، ڕۆڵەکانی لەم پێناوەدا، دەجەنگنو خوێن دەرێژن.
بە ئومێدو پشتیوانی گەلەکەمان هەنگاو بۆ دەستپێشخەریەکەمان دەنێین چونکە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانو نیشتیمانی دەبینینو نامانەوێ خوێنی لاوی کورد بەدەستی یەکتر بڕێژرێو زامە کۆنەکانی پێشووترمان بکولێنرێنەوەو دوژمنانی گەلەکەمان سوودمەندو دڵخۆش بکات.

بژی ئاشتی
بژی پێکەوەژیان
نەفرەت لە شەڕی شوومی ناوەخۆ

**دەستەی باڵا**
**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**
2020 / 11 / 4

**وێنەی بۆ/**
- سەرجەم لایەنە حزبیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەریەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان. پاڵپشتیتان تکایە. لەگەڵ ڕێزدا.

هەولێر، گەڕەکی وەزیران (پەرلەمان - 213)، کۆڵانی (70)
Erbil, Weziran (Parliament - Qr. 213), Alley 70, KPU
Mobile: +964(0)7504456330 www.kurdpu.krd
Email : aakurde@yahoo.com kpu_kurdistan@yahoo.com

## پەیوەندیەکانی کەس‌و لایەنەکان‌و کەناڵە تەلەفزیۆنەکان

بـەدوای بڵاوکردنـەوەی بەیاننامەکـە، چـەندین لایـەن‌و حـزب‌و کەسـایەتی‌و ڕێکخـراوی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، لـە هەرچـوار پارچـەی کوردسـتان‌و لـە تاراوگەش، بۆ پشتیوانی، چی بە پەیوەندی تەلەفۆنی بێت، یان بە کۆمێنـت نووسین بۆمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەهاش لەلایـەن چـەند کـەناڵی تەلەفزیۆنیەوە، هەست‌و سۆزی پشتیوانی خۆیان، دەربڕیوە بۆمان.

## پێشوازی (KNK) لە بەیاننامەکەو پێشنیاریان بۆ ئەنجامدانی کۆنفڕانسێك

یـەکێك لـەو لایەنانـەی کـە ئـەم دەستپێشـخەریەی یـەکێتی پەرلـەمانتارانی کوردستانی پشتگیری کـرد، کـۆنگرەی نەتـەوەیی کوردسـتان (KNK) بـوو. پشتگیری خۆیان دەربڕی‌و لە پەیوەندیـەکی تەلەفۆنیـدا لەگـەڵ بەرپرسـانی ئـــەم دامەزراوەیـــە لەگـــەڵ بـــەڕێز کـــریم بحـــری، جیگـــری ســـەرۆك، لـــە (2020/11/5)، ویـڕای پشـتیوانی، پێشـنیاری ئەنجامـدانی کۆنفڕانسـێك لەلایەن ئەوانەوە هاتە ئـاراوەو بەنووسـراوێکی فـەرمی، لـە (2020/11/6)، پێشنیارەکەیان بۆ ناردین وەك لە خوارەوە دابەزێندراوە.

# نامەی پێشنیاری (KNK) بۆ ئەنجامدانی کۆنفڕانسەکە.

*Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

*Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page: www.kongrakurdistan.net E-Mail: kongrakurdistan@gmail.com*

**بەڕێز یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

سڵاوێ گەرم

بێگومان هەمووان ئاگاداری دۆخی هەستیاری کوردستانین. سەرباری کێشەو قەیرانە ناوخۆییەکان، گوشار و هێرشی جۆراجۆری دەولەتانی دەوروبەریش لەسەر کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. کۆی ئەم دۆخەش بووە بەهۆی ئالۆزیی زیاتر لە ناوخۆی کوردستاندا و گرژی نێوان هەندێک لە هێزە کوردستانییەکانیشی لێکەوتۆتەوە. بۆ گەڕان بەدوای چارەسەریدا پێویستمان بە دیالۆگ و وتووێژی ناوخۆیی هەیە.

لە دوا کۆبوونەوەی کۆنسەی بەڕیوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، پێشنیاز کرا کە بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە کۆنفرانسێکی ڕاوێژی نەتەوەیی بکرێت. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاز کرا کە لە گەڵ هەندێک دەزگاو ڕێکخراو ی جدی و خاوەن پێگەی سیاسیدا بکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەسنیشان کرا. ئەگەر دەزگاو ڕێکخراوی دیکەش لە ئاستەدا هەبێت، ئەکرێ ئەویش لەگەڵماندا بەشداری ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە بێت.

پێشنیاز بەم شێوەیەی خوارەوەیە. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و.... کۆنفرانسێکی ڕاوێژی نەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشە و ئالۆزییە ناوخۆییەکانی کوردستان و یەکریزیی نەتەوەیی ڕێکبخەن. کۆنفراس 1 ڕۆژ ئەبێت و لە ئاستێکی باڵای سیاسی و ئەکادیمیدا، بە بەشداری بەرپرس وبڕیاردەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئەکادیمیکار بەڕێوەبچێت.

بەداخەوە لەبەر دۆخی پەتای کۆرۆنا ناتوانین کۆنفرانسێکی لەو چەشنە ڕووبەڕوو بکەین، بۆیە ناچارین لە تۆڕی ئینتەرنێتی زووم بەڕیوەی ببەین. ئێمەلە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئەتوانین تۆڕی زووم ئامادە بکەین. ئەگەر بەڕێزتان ئەم پێشنیازە قبوڵ بکەن، ئەوا کۆمیتەیەکی هاوبەش پێکدێنین و دەست بە ئامادکارییەکان ئەکەین. بەهیوای وەلامی ئەرێنیی بەڕێزتانین.

سڵاوو ڕێز

کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
06.11.2020 broksl

1

## یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان‌و وەڵام بۆ پێشنیاری (KNK)

ئەم پێشنیارەی (KNK) لەلایەن (ی.پ.ك)، لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا لە (2020/11/8) پەسند کراو، لێژنەیەکی تایبەتی بۆ دەست نیشان کرا لە بەڕێزان (کاردۆ محمد پیرداود، زانا ڕوستایی، عبدالرحمن علی کوردە)، لە ئەندامانی دەستەی باڵا، بۆ کارکردن‌و ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە بە هاوبەشی لەگەڵ هەڤاڵانی (KNK). لە هەمان شەودا، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بەڕێز زوبێر ئایدار لەگەڵ مندا، باسی پرۆسەکەو بەرنامەی کۆنفرانسەکە کرا. هەروەها لەلایەن هەڤاڵانی (KNK) بە هەمان شێوە، لێژنەیەك پێکهات بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانس کە بریتی بوون لە بەڕێزان (زوبێر ئایدار، ڕەفیق غفور، زینب مراد فیلی). ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدران بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە بە شێوەی ئۆنلاین لەبەر بارودۆخی پەتای کۆرۆنا.

## کۆنفرانسی ڕاوێژ بۆ پەرەپێدانی دیالۆگی ناوخۆیی‌و بەرنامەکەی

سەرەتا، ڕێککەوتین لەسەر ئامادەکردنی بانگهێشتنامەیەك بۆ ئەو لایەن‌و کەسایەتیانەی بانگهێشت دەکران بۆ کۆنفرانس. لە (2020/11/10)، ڕەشنووسێك لەلایەن (KNK)ەوە ناردرا بۆمان. دوای چەندین ڕاگۆڕینەوە لەسەر ناوەڕۆکی بانگهێشتنامەکە لەسەر دەستەواژەکانی (هێزی پێشمەرگە، پارتی‌و حکومەتی هەرێم، دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتر،

ڕێزدانان بۆ قەوارەی سیاسیو ئیداری هەرێم، تایبەتمەندی هەر پارچەیەكو ...... هتد) كە ئەمانە ئەم خاڵانەبوون كە جیاوازی بیروڕای دوو لیژنەكەی لەسەر بوون. بۆیە بڕیاردرا ئەو دەستەواژانە بەكاربهێنرێن كە لەلایەن هەردوولامانەوە پەسند بێتو ئەوانەشی كە جیاوازیان لەسەر بێت، با بۆ گفتوگۆی نێوان لایەنە ناكۆكەكان بێت، گەر خوای گەورە پشتیوان بێت، بگەین بەم قۆناغە. لەم ڕۆژانەدا، بە بەردەوامی پەیوەندی تەلەفۆنی لە بەینی هەردوولامانـدا هەبوو بۆ گفتوگۆ لەسەر پڕۆگرامو بەرنامەكەی كە لەلایەن ئێمەوە ئامادەكرابوو، وە لە كۆبوونەوەی دەستەی باڵای (ی.پ.ك) لە ڕێكەوتی (2020/11/11) پەسند كرابوو. لە (2020/11/12)، لە یەكەم دیداری تۆڕی ئینتەرنێتی زوومدا، پڕۆگرامی ئامادەكراو، بانگهێشتنامەكە، لەلایەن هەردوو لیژنەوە، دوای چەندین جار ڕاگۆڕینەوە لەسەر ناوەڕۆكەكەی، ئەمەی خوارەوە پەسند كراو، بە فراوانی بڵاوكرایەوە.

ئەمەش دەقی بانگهێشتنامەكەو پڕۆگرامی (میكانیزمی) كۆنفرانسەكەیە كە لە (12و2020/11/13) گشتێندراون:

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان** | **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

# بانگهێشت

## بۆ/ کۆنفرانسی ڕاوێژ بۆ پەرەپێدانی دیالۆگی ناوخۆیی

**زۆر بەڕێز** ..............................................

هەروەک لە نزیکەوە ئاگادارن، لەم ماوەیەی ڕابردوودا، گرژییەک کەوتەناو هێزە کوردستانییەکانەوە. کار گەیشتە ئاستێك کە بەداخەوە مەترسی شەڕێکی ناوخۆیی لێ دەکرا. شەڕێکی لەو چەشنەش لە بەرژەوەندی هیچ کوردستانییەکدا نابینرێت تەنها بە سوودی ناحەزو دوژمنان تەواو دەبێت. زۆرجار شەڕی ناوخۆیی لەنێوان هێزە کوردستانییەکاندا ڕوویداوەو هەمیشەش ماڵوێرانی زۆریان بەدوای خۆیاندا هێناوە. بەداخەوە نەتەوەکەمان لەو ڕووەوە ئەزموونێکی درێژو تاڵی هەیە. بۆیە هەموومان دەبێت واقعبینانە بڕوانینە بابەتەکان‌و بیکەینە بنەمای هەڵوێستەکانی نەتەوەییمان لە داهاتوودا بۆ خۆدوورگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی تری ماڵوێرانکەری کە بەرژەوەندی لەوەدایە بۆ ئایندەی نەتەوەکەمان‌و ڕێخۆشکەر نەبین بۆ مەرام‌و ئارەزووی نەیارانمان.

بە خۆشحاڵییەوە کاردانەوەی خەڵکی کوردستان، لە بەرامبەر ئەو گرژیانە جوولەی تێکەوت. دەنگی ناڕەزایی بەرزبۆوە. گەلێك پارت‌و ڕێکخراو، دامودەزگاو کەسایەتی هەریەک لەلای خۆیەوە، دەستپێشخەریان کردووەو دەیانەوێت ڕێگا لەو مەترسییە بگرن. داخوازی بۆ دیالۆگ لە هەموو کوردستان وەک دروشمێکی لێهاتووە. هەرچەندێك ئەو مەترسییەی هاتۆتە پێشمان جێی داخ بێت، لێ هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بۆ پشتگیری دیالۆگی ناوخۆیی، جێی شانازییە.

ئێمەیش یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان‌و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، هەردوولامان، لایەنگری ئاشتیی، یەکریزی‌و دیالۆگین. هەر لە ڕۆژی یەکەمی دەرکەوتنی ئەو گرژیانەوە، هەڵوێستمان وەرگرتووە. پلانی کارو چالاکیمان داڕشت‌و کەوتینە جووڵە. یەکێك لە چالاکیەکانمان، ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی ڕاوێژی نەتەوەییە بۆ پەرەپێدان بە دیالۆگی ناوخۆیی. ئامانجی سەرەکی کۆنفرانس، تەحریم کردنی شەڕی ناوخۆ، بەرزکردنەوەی دەنگی ئاشتیی‌و دیالۆگ‌و خاوکردنەوەی گرژی‌و ئاڵۆزییەکانە. واتا ئامانجی کۆنفرانس تاوانبارکردن‌و دادگایی کردنی هیچ لایەنێك نییە بەڵکو هەوڵدانێکی جدییە بۆ زەمینە خۆشکردنی دیالۆگ‌و چارەسەری ئاشتیانە بۆ کێشەو گرفتەکان. بەرجەستەکردن‌و بەگەڕخستنی ئەم دروشم‌و داخوازیانە، ڕای گشتی کوردستانیی لەسەر هەڵوێستیی نەتەوەیی، سەقامگیریی ناوخۆیی‌و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە پتەوتر دەکات.

بەداخەوە، بە هۆکاری پەتای کۆرۆنا ناتوانین لە شوێنێکدا ڕووبەڕوو کۆببینەوە. بۆیە ئەم کۆنفرانسە بە شێوازی ئۆنلاین لە **(تۆڕی زووم)** لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2020.11.21) بەڕێوە دەبەین.

**ئێمە دڵنیاین کە کەسایەتی بەڕێزتان، پارت‌و ڕێکخراوەکەی ئێوەش، لایەنگریی دیالۆگن. لەورووەوە بانگهێشتتان دەکەین بۆ ڕاوێژی نەتەوەیی بۆ پەرەپێدانی دیالۆگی ناوخۆیی. بەشداری بەڕێزتان، کاریگەری دەبێت لە چەسپاندنی ئامانجەکانی کۆنفرانس. سەرفرازدەبین بانگهێشتنەکەمان پەسەند بکەن‌و کۆنفرانس بەهرەمەند بکەن بە هەڵوێستە نەتەوەییەکانتان. هیوادارین تا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2020.11.19) لە ئامادەبوونتان ئاگادارمان بکەنەوە بە ناردنی ژمارە تەلەفۆن‌و ئیمەیڵتان بۆ پەیوەندی پێوەکردنتان‌و ناردنی لینکی (تۆڕی زووم) بۆ بەشداری کردن.**

**ژمارە تەلەفۆنەکان بۆ پەیوەندی کردن: (کوردستان/ 07504456330، 07701529533، 07504499040).**
**(ئەورووپا/ 4797989320+، 46725151400+).**

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا**

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – KNK** | **یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان – KPU**

**تشرینی دووەمی** 2020

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

**تێبینی:**

**کۆنفرانس ڕۆژی شەممە، 2020.11.21، دەکرێتەوە لە کاتژمێر:**

**11:00 بەکاتی باکورو باشووری کوردستان،**

**11:30 بەکاتی ڕۆژهەلات،**

**10:00 بە کاتی ڕۆژئاوا،**

**09:00 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

**هیوادارین تا ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی 2020.11.19، لە ئامادەبوونتان ئاگادارمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لینکی (ژووری زووم)و میکانیزمی بەشداربوون، بنێرینە خزمەتتان بۆ بەشداری کردن.**

**<u>بەرنامەی کۆنفرانس:</u>**

**بەپێی کاتی باکورو باشوری کوردستان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2020/11/21):**

| | |
|---|---|
| 11:00 | - کردنەوە |
| 12:30 – 11:00 | - وتووێژ و پەیامی بەشداربوان |
| 12:45 – 12:30 | - پشوو |
| 14:00 – 12:45 | - بەردەوامی وتووێژ و پەیامی بەشداربوان |
| 15:00 – 14:00 | - پشوو |
| 17:00 – 15:00 | - بەردەوامی وتووێژ و پەیامی بەشداربوان |
| 17:30 – 17:00 | - پشوو |
| 19:00 – 17:30 | - بەردەوامی وتووێژ و پەیامی بەشداربوان |
| 20:30 – 19:00 | - وتووێژ لەسەر ئەنجامنامەو پێشنیاز |
| 20:30 | - کۆتایی |

پاشـان لەلایـەن لەلایـەن منـەوە ڕەشنووسـی میکـانیزمی بـەڕێوەبردنی کۆنفرانس بۆ دەستەی بەڕێوەبردنو بەشداران هەریەك بە جیا ئامادەکراو دوای چـەندین جـار ڕاگۆڕینـەوە، ئەمانـەی خـوارەوە پەسـند کـرانو لـە (2020/11/13) گشتێندراون:

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان** | **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

---

## مکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆنفڕانسی ڕاوێژ بۆ پەرەپێدانی دیالۆگی ناوخۆیی

1. دوای پەسندکردنی بانگهێشتنامەکە، دەنێردرێت بۆ ئەو کەسانەی لە لیستی هاوبەشدا ناویان تۆمار دەکرێت.
2. لیستی هاوبەشی ناوی بەشدارانی پێشنیارکراو ئامادەو پەسند دەکرێو بانگهێشتنامەکەیان بۆ دەنێردرێت.
3. دوای ئەوەی ئەو بەڕێزانەی ڕەزامەندی دەدەن بۆ بەشداریکردنو ژمارە مۆبایلو ئیمەیڵەکانیان دەنێرن بۆ ئەم مەبەستە تا دوامۆڵەت (2020/11/19)، لینکی (App)ی (Zoom) دەنێردرێت بۆیان بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی کۆنفڕانس.
4. کۆنفڕانس بە شێوەی ئۆنلاینو پێویست بە گردبوونەوەی گشتی بەشداربووان ناکات لە شوێنەك مەگەر چەند کەسانێك خۆیان ئارەزوومەندی ئەوە بنو خۆیان بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە بۆ ئەو کارە ئازادن.
5. پێویستە بەشداربوو لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2020/11/21)، بە کاتی دیاریکراوی وولاتی بەشداربوو وەك لە خوارەوە دەستنیشان کراوە لە شوێنێکی تایبەت بەخۆی (ماڵەوە یان ئۆفیسەکەی یان لەگەڵ گرووپەکەی) ئامادەبێت.
6. بەشداربوو دەبێ ئینتەرنێتی بەهێز، کۆمپیوتەر، لابتۆب، ئایپاد، یان مۆبایلێکی لەلابێتو (Zoom App)ی لە لینکی ناردراو بۆی دابەزاندبێو خۆی ئامادەکردبێ بۆ کۆنفڕانسو وەرگرتنی لەلایەن کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆنفڕانس.
7. گەر بەشداربوو شارەزایی نەبێت لەم کارە پێویستە یەکێکی شارەزای کۆمپیوتەری لەگەڵدابێت بۆ ڕێکخستنی بۆی.
8. ئەم میکانیزمە دوای پەسند کردنی لەلایەن هەردوولاوە دەنێردرێت بۆ بەشداربووانی کۆنفڕانس.
9. کۆنفڕانس لەلایەن (4) کەس بەڕێوەدەچێ، (KNK-2 + KPU-2).
10. بە دوو پەیامی زۆر کورتی سەرۆکی (KNK)و سەرۆکی (KPU) کۆنفڕانس دەست بە کارەکانی دەکات.
11. دواتر لیستی گشتی ناوی ئەوانەی ئارەزووی قسەکردنیان هەیە لە دەستپێکی کۆنفڕانسەکەدا تۆمار دەکرێت.
12. بەپێی لیستی گشتی تۆمارکراوی قسەکەران ماوەی قسەکردن بۆ هەر بەشدابوویەك بەپێی خشتەی (2) دەست نیشان دەکرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە کورتیو (لە 5 خوولەك زیاتر نەبێت) کە ماوەی گشتی (375 خوولەکە).
13. ناوەکان بەپێی لیستی تۆمارکراو بە زنجیرەیی بانگ دەکرێن بۆ قسەکردن.
14. لە کۆتایی دانیشتنی یەکەمدا لەکوێ بەکۆتاهات لە دانیشتنەکانی تر لەوێوە ناوەکان بەردەوام دەبن بۆ قسەکردن.
15. لەبەر زۆری بەشدارانو کەمی ماوەی پێویست بەداوای لێبووردن هیچ قسەکەرێك ماوەی پێنادرێت دووجار قسە بکات.
16. پەیامی هەموو قسەکەرەکان لەلایەن کۆمیتە چوارکەسیەکەی بەڕێوەبردن تۆمار دەکرێن.
17. ئەگەر بکرێت قسەکردنەکان هەمووی تۆماری کاسێتو ڤیدیۆیی بکرێت کارەکە باشتر دەبێت.
18. دوای تەواوبوونی هەرچوار دانیشتنی گفتوگۆکان، لەکۆتا دانیشتندا دڕافتی ئەنجامنامەی ئامادەکراو دەخوێندرێتەوە بە هەردوو زاراوەی کوردی (سۆرانیو کرمانجی).
19. پاشان لیستی دووەمی ناوی قسەکەران بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەنجامنامە ئامادە دەکرێو بەپێی ژمارەکەو ماوەی بەردەست هەمووی (90) خوولەك ماوەی قسەکردن دەست نیشان دەکرێت بۆ هەر قسەکەرێك، (3 خوولەك).
20. دواجار تێبینیەکانی بەشداربووان لەسەر ئەنجامنامەکە تۆمارو بەهەند وەردەگیرێو ڕێك دەخرێتەوەو بڵاو دەکرێتەوە.
21. دانانی ژمارە تەلەفۆنەکانی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارو گرفتەکانی بەشداران.

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان** – KNK | **یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان** – KPU

**تشرینی دووەمی** 2020

(خشتەی - 1)

| ماوەی دانراو بۆ بەڕێوەچوونی کۆنفرانس | | |
|---|---|---|
| بەرنامەی کۆنفرانس | ماوە دەست نیشانکراو (کاتژمێر) | ماوە دەست نیشانکراو (خوولەك) |
- بەڕێز سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان. لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی پەیوەندیە گشتیەکانی (ی.پ.ك)، لەگەڵ ڕێزدا.

هەولێر، گەڕەکی وەزیران (پەرلەمان - 213)، کۆڵانی (70)
Erbil, Weziran (Parliament - Qr. 213), Alley 70, KPU
Mobile: +964(0)7504456330 www.kurdpu.krd
Email : aakurde@yahoo.com kpu_kurdistan@yahoo.com

## هەڵوێستەیەك .....

بەدرێژایی مێژووی میللەتان هەمیشە وابووە، ئەگەر نەفەسی ئاشتیو ئارامی هەبووبێت، لە پاڵیدا نەفەسی شەڕانگێزیو تێکدەرانەش هەبووەو هەیەو بەنزین بەسەر ئاگردا دەکەن. بەتایبەتیش، لەم دەربڕینەمدا مەبەستم لە کێشەو گرفتە ناوخۆکانی میللەتێکە. نازانم، چ بەرژەوەندیەك لە شەڕو گرژیدایە کە مرۆڤەکان هەوڵی بۆ بدەن؟ کام لایەنی حزبی، لە شەڕە ناوخۆکانیاندا لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، توانیویەتی نەیارەکەی، بەشەڕو ناکۆکی لەگەڵیدا لەناوبەرێتو لە گۆڕەپانەکەدا، دووری بخاتەوەو نەیهێڵی؟. کام حکومەتە، تاسەر توانیویەتی دەنگە ناڕازیەکان نەهێڵی، هەستە نەتەوایەتیەکان بمرێنێ، ئازادیخوازو تێکۆشەرانو نیشتیمان پەروەرەکان، بنەبڕ بکات. بۆیەو بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا، مەبەستم هەرێمی کوردستانە، کە کۆمەڵێك قەیرانی چارەسەرنەبووی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتیو گەندەڵیو ناعەدالەتیو... هتد، بەرۆکی گرتووە. دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی بە ڕواڵەت لەگەڵ یەکتر دۆستو لە ستراتیژو ناخیشیاندا، دوژمنی باب کوشتەی یەکتر تا سەر ئێسقانو کۆك بەرامبەر بە دوژمنایەتی ئێمە. دونیای دەرەوەو دوڵەتە زلهێزەکانی بڕیاردەری جیهان، بەرژەوەندیخوازو هەموو چرکەساتێك بۆی هەیە بەرژەوەندیەکانیان بە ئاقاری فرۆشتی تۆ لەگەڵ نەیارو دوژمنەکەتدا، ڕێك بکەوێ. دەوڵەتە ئیقلیمیەکان لەگەڵ یەك، مشكو پشیلەو لەسەر نەمانی ئاسوودەیی تۆش، ڕێكو هاوپەیمانو هەموو چرکەساتێك هاوکێشەکان لە ئەگەری گۆڕانکاریدان

به بەرژەوەندی خۆیان. هەموو ئەم کێشانەو چەندین هۆکارو کێشەی تـریش کــه چارەســەریان کــارێکی ئاســان نیــەو بگــره زەحمــەت، مەلــەوان‌و گەمەکـەرێکی زۆر لێهـاتووی دەوێـت بـۆ دەربـازبوون بەسـەر ئـەو هـەموو تەڵانەی کە هەمیشە لە چاوەڕوانیدان بۆمان‌و سەر ڕێگاکانمانی داپۆشیوە. سەرباری هەمووشیان، کێشە ناوخۆکانمـان لـه ناتـەبایی لایەنـە حزبیـەکان‌و نەبوونی گوتارێکی یـەکگرتوو بـە یـەك سـەنگەری‌و ناسـەقامگیری سیاسـی‌و نــاڕەزایی میللەتەکــەمان، کــە دەردی کوشــندەن‌و کارەســاتی گــەورەی میللەتەکەمانــە کــە ســەدەیەکە هــەوڵ بــۆ ئــازادی‌و سەربەســتی دەدات. دەفـەرموو، ئـەوە شـتێك بەدەسـت هـاتووە، کەچـی خەریکـە بەدەسـتی خۆشمان دەبین بە هۆکار بۆ لـەباربردنی. یـەکێك داوای لامەرکـەزی‌و ئـەویتر داوای هەڵوەشـانەوەی هـەرێم‌و ئـەمیان داوای دووئیـدارەیی‌و دوو هـەرێمی‌و (15) پەرلـەمانتاری کـورد لـە بەغـدا، کەسـیان قبـوڵ نیـەو لـەژێر چـەتری بەرژەوەنـدی میللـەت، هەڵدەگەڕێنـەوەو سـەربەخۆیی خۆیـان ڕادەگەیـەنن بەناوی (گرووپی 15ی هیوا). چەندین کێشەی کەڵەکەبووی تـر کـە بـەرۆکی گرتووین. لەولاشەوە، دوژمنەکانمان سەیرمان دەکەن‌و پێمان پێدەکەنن‌و بە گاڵتەجاڕییەوە باسمان دەکەن. لەسـەرێکی تریشـەوە هەنـدێ لـە بازرگانـانی شەڕو بەرژەوەندیخوازە تایبەتیەکانی حزبـەکان، نـاوخۆ، بـەنزین دەرژێننـە سەر ئاگرو تەپڵی شەڕ لێدەدەن. ئەرێ لەم بارودۆخەدا، کـام بەرژەوەنـدی نەتەوەو نیشتیمان دەخوازێ بەنزین بە ئاگردا بکرێ‌و تـەپڵی شـەڕو گـرژی‌و ئاڵۆزی‌و ئاریشەو کێشەنانەوە، لێبدرێ؟ کام ویژدان ئەمەی قبووڵە؟

ئەوەتا، ئەم پرۆسە ئاشتیەی کە مەبەست لێیەوە هەوڵدانێکە بۆ ئاشتیو تەبایی، هەوڵدانە بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکانی لایەنە ناکۆکەکان بە دیالۆگ، کە بەبێشك، دڵخۆشکەرە بۆ میللەتەکەمانو دۆستەکانمان، ناڕەحەتیە بۆ ناحەزو دوژمنەکانمان. کەچی کەسانێك هەن بە هەموو توانایانەوە ڕێگری لە بەرەوپێشەوەچوونی دەکەن. گەر سەیری هەندێ لە گۆڤارو ڕۆژنامەو سایتە کۆمەڵایەتیەکانو میدیاکان بکرێت، بە خوێندنەوەی هەندێ ووتارو بیستنی هەندێ هەواڵ، مرۆڤ نائومێد دەکات لە هەوڵدانو پێداگری لەسەری. تەنانەت هەست کردن بەو هەوڵانە، بۆ لەباربردنی ئەم پرۆسەیەو نەهێشتن بۆ بەرەوپێشەوەچوونی، نیگەرانی لای ئێمەی شاندی پێکهاتوو دروست کردووە لە دواکەوتنی دەست نیشانی کاتی دیدار لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی. هەر بۆ تێگەیشتن لەو ووتارە توندانەی دەنووسران، بەتایبەتیش بۆ نموونە لەلایەن سکرتێری ڕۆژنامەی هەولێر، کە ببووە نیگەرانی بۆمان، لە کاتێکدا چاوەڕوانی بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەکەبووین. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لەلایەن منەوە پەیوەندی کرا بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەولێر، بۆ پرسیارکردن سەبارەت بە تعبیری ووتارەکان وەك دیدگای خودی نووسەرەکە یان ئاراستەکراو.

وا ئاگادارکراین، کە تعبیر لە ڕەئی نووسەرەکان دەکات کە وەڵامێکە بۆ چاوپێکەوتنەکەی سەرانی پەکەکە کە دابوویان. هەروەهاش، پەیوەندی کرا بە کەسایەتیەکی بەرپرسی ڕاگەیاندن سەبارەت بەهەمان مەبەست، ئەویش ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی شەڕی ڕاگەیاندن، ئەم جۆرە ووتارانە دەنووسرێن. قسەکەی دڵخۆشکەر نەبوو بۆ من.

## چاوپێکەوتنی بەڕێز جمیل بایك لە کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو

لە (2021/1/30)، بەڕێز جمیل بایك، هاوسەرۆکی (KCK)، لە میانەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کەناڵی ڕووداودا ڕایگەیاند، کە (PKK)، دوژمنی پارتیو پێشمەرگە نیە. بەڵکو هاوکارین بۆ هەرێمی کوردستانو پشتیوانین دژی دوژمنەکانی. ڕاگەیاندنەکەی دڵخۆشکەربوو بۆمانو ئومێدبەخش.

## پێشوازی لە میوانەکان وەك شاندی ئاشتی بۆ ئەنجامدانی دیدارەکان

پێش چوونە پێشوازی میوانەکان بۆ فڕۆکەخانە، پەیوەندی کرا بە کاك عوسمان بایدەمیر لە قاهیرەو دواتر کاك هێمن سەیدی کە بەداخەوە بەهۆی دروستبوونی کێشەیەك بۆی، نەیتوانیبوو سەفەر بکاتو لە فڕۆکەخانەی هیثرۆی لەندەن گەڕابووەوە. بە هەرحاڵ، لە بەرەبەیانی (2021/2/7)، لەگەڵ پرۆتۆکۆلی بارەگای بارزانی چووین بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ (VIP). کاك جمال قاسم، سەرۆکی (ی.پ.ك)، ئامادەبوو. کاتژمێر (2:15) بەڕێز بەردان ئۆزتورك، پەرلەمانتاری (HDP) لە بازێڕێ ئاگریو سەرۆکی (KCD-DTK) لە ئەنقەرەوە بۆ ئیستانبۆڵو لەوێشەوە گەیشتە فڕۆکەخانەی هەولێرو پێشوازی لێکرا. دواتر، کاتژمێر (3:00)، بەڕێز عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری پێشووی (HDP)، لە لەندەنەوە بۆ قاهیرەو لەوێشەوە بۆ فڕۆکەخانەی هەولێر، پێشوازی گەرمی لێکرا. بەڕێز عوسمان بایدەمیر، کە بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەییەکانی لە

پەرلەمانی تورکیا، حەسانەی پەرلەمانتاری لێسەندرایەوەو حوکمی گرتنی بۆ دەرکرا ئەوە لە کاتێکدا چووبووە بریتانیا بە کارێکی فەرمی پەرلەمانتاریی و لەوێ ئیقامەی سیاسی وەرگرتووەو ماوەی چەند ساڵێکە، نیشتەجێ بووە لەوێ. میوانی ترمان کە بەڕێز هێمن سەیدی بوو، خەڵکی شاری مەهابادی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان، ماوەیەك لە هەرێم مامۆستای زانکۆو ئێستاش لە بریتانیا بە خوێندن و کاری میدیاییەوە خەریکە، بەداخەوە بەهۆی دروستبوونی کێشەیەك بۆی لە فڕۆکەخانەی هیثرۆی لەندەن، نەیتوانی ئامادەبێ و ناچار گەڕایەوەو ئامادەنەبوو. دواتر میوانەکان گواسترانەوە بۆ هوتێلی دیڤان، شوێنی مانەوەو ئیستراحەت کردنیان.

نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (2021/2/7)، د.عبیر حصّاف، کە لە قامیشلوە هاتبوو بە ڕێگای (سمالکا - فیشخابوور)، لەگەڵ پڕۆتۆکۆلی بارەگای بارزانی کە بەدوایداچووبوون، گەیشتە هوتێل و پێشوازی لێکرا. د.عبیر حصّاف، پزیشکی دەرمانسازیی و مامۆستای زانکۆ لە قامیشلو، ئەندامی یەکێتی دەرمانسازانی جزیرەو چالاکوانێکی سیاسی لە ڕێڤەبەری خۆسەر، پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی لیبراڵ و ئەندامی (KNK)و ئەندامی ئەنجومەنی ژنانی باکوورو ڕۆژئاوای سوریا بووە.

**یەکەم دیداری شاندی پێکهاتوو بۆ سەردانەکان لە هوتێل دیڤان**

کاتــــژمێر (11:30)ی ڕۆژی دووشــــەممە ڕێکــــەوتی (2021/2/8)، بــــە ئامادەبوونی بـەڕێز عـەدنان مـوفتی، مـنو بـەڕێز کـاردۆ محمد پـیرداود کـە دواتریش بەڕێز جمال قاسم پەیوەنـدی پێـوە کـردین، لـە دانیشـتنێکی (3) کاتژمێریدا لەگەڵ میوانەکان، باسێکی ڕەوشی گشتی هەمەلایەنەو پرۆسـەی ئاشـتی کـە ئێسـتا هـەنگاوی بـۆ دەنرێت، بابـەتی دیـداری بـەیانیمان ڕۆژی سێشەممە ڕێکـەوتی (2021/2/9)، لەگـەڵ جـەنابی کـاك مسـعود بـارزانیو هـەنگاوەکانی دوای ئـەوە، لەلایـەن ئامادەبووانـەوە ئـاڵوگۆڕی بـیرورِا کـرا لەسەریان. لەلایەن منەوە بۆ کاك عەدنان موفتی ئەوە ڕاگەیەندرا کە لەگـەڵ بــەڕێزیان مامەڵــە ناکرێــت وەك ئەنــدامی مەکتــەبی سیاســی (ی.ن.ك)و حزبیەك، بەڵکو وەك کەسایەتیەکی سیاسـی ئاشـتیخوازو کاریگـەرو خـاوەن پێگــەو خــەباتی نەتــەوەییو نیشــتیمانی، کــە ســەرۆکی پەرلــەمانی کوردستانیش بووە لە خوولی دووەمدا، جێگای ڕێز بووە بۆمان، وا داواکراوە بەشداری لەم پرۆسە ئاشتیەدا بکـاتو مامەڵـەی لەگەڵـدا کـراوەو بـوونی بـە پێویست زانراوە. هەروەهاش بە هـەمان نەفـەس، پێشـنیار دەکـەم، لەگـەڵ بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی، بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەك کەسایەتیەکی ناسراوی خاوەن پێگـەو دیـرۆكو تێکۆشـانی نەتـەوەییو نیشتیمانی زۆر کاریگـەر، کـە دەتوانـێ ڕۆڵ ببینـێ لـە چارەسـەری کێشـەو ئاریشـەکانو زامکردنـی برینەقووڵـەکان، بـەدەر لـە پێگـە حزبیەکـەی. واتـە مەبەست ڕێك ئەوەیە، مامەڵە کـردن نـەبێت لەگـەڵ بـەڕێزیان وەك سـەرۆکی

پارتی دیموکراتی کوردستان‌و پێشنیارم کرد کە بەڕێزیان ئەوە دەربڕێت بۆ جەنابیان. ئەم بیرۆکەیەشم لە کۆبوونەوەکانی پێشووتر لەگەڵ هەڤالانی بڕۆکسل لە (KNK)و کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی پێکهاتوو، باس کردبوو، وە پێداگریم لەسەر دەکرد وەك واقعێك‌و بۆ خزمەتی پرۆسەکەش. بە خۆشحاڵیەوە، پێشنیارەکەم لەلایەن هەمووانەوە پەسند کرا. واش بڕیارماندا مامەڵە لەگەڵ جەنابیاندا بکەین. لە دوو ڕۆژی ڕابردووی دیدارەکانمان لەگەڵ شاندی میوان، هەمان بیرۆکە، جێگای خۆی گرت‌و ئەوانیش لە ئێمە ڕژدتر بوون لەسەر ئەوەی جەنابی کاك مەسعود دەبێ وەك براگەورەیەکی هەموولایەك‌و هەموو پارچەیەك مامەڵەی یەکسان بکات. واتە جەنابی کاك مسعود دەبێ (دادوەر بێت نەك فەرمانڕەوا - الحكم و لیس الحاكم). ئەمەش بە تایبەتی، کەسایەتی دیارو ماوە لە گۆڕەپانەکەدا، دوای خوالێخۆشبووان مام جەلال، کاك نەوشیروان مستەفا، گرتنی بەڕێز ئۆجەلان، تەنها بەڕێزیانە کە پێویستەو دەتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێڕێ‌و چاوەڕوانی زۆری لێدەکرێ. بەڕێز کاك عدنان موفتی وای بەباش دەزانی، هەندێ بابەت وا باشترە دووقوڵی باس بکرێت نەك لە کۆبوونەوەیەکی فراوانتردا. هەروەهاش وەك لە بەڕێز عەدنان موفتی بیستمان، دیاربوو جەنابی کاك مسعود تەلەفۆنی بۆکردبوو لەسەر ئەم ڕەوشە، قسەیان کردبوو. ووتی کاك مسعود دیدارەکەی پێخۆشەو حەز دەکات بمانبینێ‌و گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەم بابەتانە.

## دیدارمان لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی

ڕۆژی دواتـر واتـە سێشـەممە ڕێکـەوتی (2021/2/9) کاتـژمێر (8:30)، هەمووومان لە هوتێل دیڤان ئامـادەبووین کـە شـاندەکەمان بریتـی بـوون لـە بەڕێزان (عدنان موفتی، جمال قاسم، عوسمان بایـدەمیر، بـەردان ئۆزتـورك، د.عبیر حصّاف، کاردۆ محمد پیرداود، عبدالرحمن علی کوردە).

دوای ئەنجامـدانی تێسـتی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا، کـە بـە خۆشـحاڵیەوە هـی هەمووومان (نێگەتیڤ) بوو، بە (3) سەیارەی پرۆتۆکۆڵ، چووین بۆ بارەگای بارزانیو دیدارەکە ئەنجامدرا. بەڕێز عـدنان مـوفتی، سـەرۆکی شـاندەکەمان بوو. لەکاتی گەیشتنمان بە بارەگای بارزانی، بەڕێز کاك مسعود لە پێشوازی ئێمەدابوو. هـەمووومان بـەهۆی ڤایرۆسـی کۆڕۆنـاوە ماسـکمان بەسـتبوو. لـە دانیشتنەکەشـدا هـیچ شـتێك پێشـکەش نـەدەکرا بـۆ ئـەوەی ماسـکەکە لانـەدەین. نـە ئـاو، نـە چـا، نـە قـاوە، پێشـکەش نـەکرا. دوای ووتـەی بەخێرهینان لەلایەن بەڕێز کاك مسعودەوە، ووتی: بەهۆی پەتای کۆڕۆنـاوە، فشاری زۆری لەسەرم لەلایەن دەورووبەرەکەم، مەودای هیچ شتێکم نـادەنو فشاری زۆریان خستوومەتەسـەر. تەنانـەت نـاتوانم خزمـەتێك پێشـکەش بـە میوانـەکانم بکرێـت. دوای موجامەلـەی یـەکترکردن، مـەودای قسـەکردن کرایەوە. بەڕێز کاك عدنان، دوای ناساندنی میوانـە نەناسـراوەکان، ڕووی لـە من کرد بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتێك لەسەر پرۆسەکە، بۆ ئاگـاداری بـەڕێز سەرۆك بارزانی لەسەری. منیش پوختەیەکم لە دەستپێکەوە پێشکەش کـرد تا ئـەم دیـدارەی ئـەمڕۆ لەگـەڵ جـەنابیان. ڕاپۆرتێکیشـم ئامـادەکردبوو بـە

هەموو دۆكیومێنتەكانیەوە كە هەنگاو بە هەنگاو لە پێشووتردا ئاماژەیان بۆدراوە. دواتر كاك عدنان لە ووتەیەكی كاریگەرئامێزی درێژدا، بابەتەكەی كردەوە. دوای باسكردنی هەستیاری باروودۆخی گشتی هەرێمو ناوچەكەو مەترسیەكانی لەسەرمانو هەڕەشەكان، ئالۆزی پەیوەندیەكانی لایەنەكانی ناوخۆ، پەیوەندیەكانی دەوڵەتە ئیقلیمیەكانو ئەمریكاو بایدن، داوای لە كاك مسعود كرد كە ڕۆڵی براگەورەیی ببینێ لە چارەسەری كێشەو گرفتە ناوخۆییەكان بە دیالۆگو هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی شەڕی براكوژیو شەڕی ناوخۆ، بەتایبەتیش كە ئێستا لەسەر گۆڕەپانەكە دوای خوالێخشبووان مام جەلالو نەوشیروان مستەفاو زیندانی بوونی بەڕێز عبداللّە ئۆجەلان، كەسایەتیەكی تری وەك جەنابیان نەماوە تا بتوانێ لەم بوارەدا ڕۆڵ ببینێ، بۆ ئارامیو سەقامگیریو تەباییو برایەتی كە قسەی یەكلاكەرەوە بێت. بە چەندین شێواز، ئەم بابەتانەی دووبارە دەكردەوەو بە هێنانەوەی نموونە لەسەر هەڵوێستەكانی (چەرچڵ)ی سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لەسەر ئەڵمانیای نازیو لەسەر بۆچوونی بریتانیەكان لە دیاركردنی هەڵوێستەكەی. دیارە مەلیكی بریتانیا بەدواداچوونی كردووە لەسەر هەڵوێستو بڕیاری (چەرچڵ)ی سەرۆك وەزیران لە پەرلەمان، تێبینی كردووە گۆڕانكاری ڕوویدابوو لەسەری. بۆیە مەلیك دەچێتەلای بۆ ماڵو پرسیاری لێدەكات: هۆكاری گۆڕینی ڕەئیەكەی چی بووە؟. ئەویش لەوەڵامدا ووتوویەتی: گەر ڕەئیم نەگۆڕیبا، گۆڕانكاری ڕووی نەدەدا. ووتەكانی كاك عدنان، باسی لە كێشە ناوخۆییەكانی لایەنە سیاسیەكانی كوردستانی بەتایبەتیش كێشەی

(PKK)و پێشمەرگە یان کێشەی (PKK)و حکومەتی هەرێم دەکرد گەر وەك دەسەڵاتداری باس بکرێت. هەروەهاش پەیوەندیەکانی بەینی پارتیو یەکێتیو گرژیەکانی ئەو پەیوەندیە، بەتایبەتیش دوای (16)ی ئۆکتۆبەر، زۆر داکۆکی لەسەرکرا، لەوەی هەستیاری باروودۆخەکەمانو مەترسیەکانی لەسەرمان، وادەخوازێ ڕابردوو لەبیر بکەینو لاپەڕەیەکی نوێ بکرێتەوەو هەڵە بە هەڵە گەر کرابێت چارەسەر ناکرێو پێویستە ناومالّی خۆمان ڕێکبخەینەوە، بەرژەوەندی لەوەدایە. لە درێژەی ووتەکەیدا کاك عەدنان ئاماژەی بەوەکرد، کە پێویستە گرژیەکان خاوبکرێنەوەو پەیوەندیەکان توندوتۆڵترو ئاسایی ببنەوە. زۆرێك لەو مەبەستە نیشتیمانیو نەتەوەییانە باسیان لێوەکراو داکۆکی دەکرایەوەسەر بە بەردەوامی.

دواتر کاك عوسمان بایدەمیر، بە هەمان شێوەی کاك عدنان موفتیو لە ووتەیەکدا، داکۆکی کردەسەر ووتەکانی بەڕێزیانو بە گەرمیەوە ڕووی لە کاك مسعود کرد ڕۆڵی (حکم) بگێڕێ نەك (حاکمو سەرکردەی حزبێکی دیاریکراو). واتە مەبەست تیایدا ئەوەبوو، مامەڵە کردن لەگەڵ جەنابیان لەم پرۆسەیەو بۆ دواتریش، وەك براگەورەیەكو کەسێکی کاریگەری نەتەوەییو نیشتیمانی، لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان، کە دەتوانێ ڕۆڵ ببینێ لە چارەسەری کێشەو گرفتەکانو ئاوکردن بەسەر ئاگری ناکۆکیو دووبەرەکیەکاندا، کە بە ئومێدەوە هاتووینە خزمەتتان، بۆ ڕوونەدانی شەڕو مالّوێرانیو شکست هێنان بە پلانی دوژمنو ناحەزەکانمان، کە هەمیشە لە سەنگەردان، بۆ لەباربردنی دەستکەوتەکانمان. هەروەها باسی کوردستانی

باكووری كرد، كه كوردەكانی ئەوێ باروودۆخیان لەوپەڕی خراپیدایە. ووتی: رژێمی سەددام چی لە ئێوە كردووە، ئۆردۆغانیش هەمان هەڵوێستی هەیە بەرامبەرمان. مەبەستی كوردە وەك نەتەوەو وەك دیكتاتۆرێك رەفتار دەكات لەگەڵماندا. باس لە ڕۆژئاوا كرا كە بەداخەوە باروودۆخی ئەویش لە بەینی حزبەكان لەوپەڕی خراپیدایە. داگیركاری توركیاش، هێندەی تر باروودۆخەكەی ئەوێی ناخۆش‌و دژوارتر كردووە.

دواتریش، هەریەك لە بەڕێزان بەردان ئۆزتورك (پەرلەمانتاری HDP)و د.عبیر حصّاف كە لە (قامشلوی ڕۆژئاوا)وە هاتبوو، هەمان ئەو مەبەستانەیان لە ووتەكانیاندا دووبارە كردەوەو ڕوویان لە كاك مسعود كرد، كە كاریگەری خۆی بەكاربێنێ بۆ شكستهێنان بە پلانی دوژمن‌و ناحەزەكانمان، كە بەبێشك هەموویان هەمیشە كۆكن لەسەر دوژمنایەتیان لەگەڵ میللەتی كوردو هەمیشە لە سەنگەردان بۆ لەباربردنی دەستكەوتە بەدەست هاتووەكان‌و نەهێشتنی قەوارە پێكهاتووەكان. لەلایەن د.عبیر، باسی بەرخودانی كچ‌و كوڕانی كۆبانێ كرا. باسی ڕەوشی گشتی ڕۆژئاوا، پەیوەندیە ئاڵۆزەكانی بەینی (PYD)و (ENKS)و داگیركاری توركیاو شێواندن‌و تەقاندنەوەی ئاسەوارە مێژووییەكانی باوباپیرانمان‌و هەوڵدان بۆ پارچە پارچە كردنمان كرا. باس لە نەبوونی یەكڕیزی لایەنەكان، وەك كارەساتێكی گەورەو مەترسی لەسەر دەستكەوت‌و ووجوودمان، ئاماژەی بۆدرا. دواتر كاك كاردۆ، بە هەمان شێوە لە ووتەكانیدا، وێڕای داكۆكی كردنەسەر ووتەكانی هەڤالان، ووتی: ڕەوشێكی ئاڵۆز لە ناوچەكەدا هەیە.

هەڕەشەی دەرەکیو ناوەکی هەیە لەسەرمان. ڕاستە لەڕووی بەڕێوەبردن جیاوازیمان هەیە، بەڵام، بۆ ستراتیژە نیشتیمانیەکان، کۆکین لە پشتیوانی کردنو دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ دیالۆگ، بۆ چارەسەری هەرکێشەیەك، کارکردن بکرێت لەسەر تەحریمی شەڕی ناوخۆو هەوڵدان بۆ ئامانجە هاوبەشەکان. کارکردن بە هەستی ئەوەی کەسمان هەڕەشەنین بەسەر بوونی یەکترەوە. بۆیە، ڕەچاوکردنو بەتایبەت وەرگرتنی ڕەوشی کوردستان، ڕێزدانان بۆ قەوارەی یەکتر، بکەینە دوورنمایی، کارکردنمان. هەروەها باسی لە سلبی بوونی ڕۆڵی ڕاگەیاندن کرد لە قولکردنەوەی برینەکانو دروستبوونی گرژیو ئالۆزیو بەنزین کردنەسەر ئاگر، لەم باروودۆخە هەستیارو ناسکەدا. داوای لە جەنابی کاك مسعود کرد، ڕاگەیاندنی سلبی ڕابگیرێو لە خزمەتی ئاشتیو تەبایيو برایەتیدا بێت. بەهەمان شێوە، کاك جمال قاسم لە ووتەکەیدا، ئەویش بەشێوازێکی تر مەبەستەکانی دووپات کردەوەو داکۆکی کردەسەر پرۆسەی ئاشتیو ئاشتەواییو تەبايیو برایەتیو هەوڵدان، بۆ زەمینە خۆشکردن بۆیو نەهێشتنی هۆکارەکانی ئەم گرژیانە. ئەمەو ئەندامانی شاندەکەش هەموومان، دیدو بۆچوونەکانی خۆمان لەمەڕ بابەتەکان خستەڕوو بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی لەمەر دیالۆگو پرۆسە ئاشتیەکە بەگشتی.

جەنابی کاك مسعود لە ووتەکانیدا، باسی لە کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆرکرد. لە خاڵە هەرە دڵخۆشکەرو ئومێدبەخشەکە ئەوەبوو کە چەند جارێك دووپاتی دەکردەوە، کە بە هیچ شێوەیەك، ڕێگەنادا، شەڕی ناوخۆ دروست

ببێتەوە تا ئەو لە ژیاندا مابێ. دەیووت: مەحالە ڕێگە بەوەبدا، وە بەشداری هـیچ شـەڕێك ناكـات دژی میللەتەكـەی. ئامـاژەی بـەوەش كـرد، كـە لـەدوا هەنگاوی دروست بوونی گرژیەكانی ئەم دواییەی نێـوان (PKK)و پێشـمەرگە لە دەڤەری بادینان لـە كوتاییـەكانی سـاڵی ڕابـردوودا كـە چـەند ڕووداوێكـی تیادا ڕوویـدابوو، لـە كـانی ماسـێو دیرەلـووكو چـەمانكێ، ئـەویش شـەهید كردنـی بەڕێوەبـەری ئاسـایشو پێشـمەرگەو كـادیری حزبـیو برینـداربوونی چەند پێشمەرگەش، كـە ئەمانـە ببـوون بـە هۆكـاری مەترسـی سـەرهەڵدانی شەڕێكی ناوەخۆو جووڵاندنی هێز بەرامبەر بـە یـەكتر، كـە بـەڕێزیان بـەهیچ شێوەیەك مەودای نـەداوە شـەڕ دروسـت ببـێو ئـەو شـەوەی كـە گرژیـەكان گەیشتۆتە ترۆپك، تا بەرەبەیان لەسەر هێڵ بووە بـۆ چـاودێری كردنـە سـەر ئـەوەی بـە هـیچ شـێوەیەك شـەڕ دروسـت نـەبێ. پاشـان هاتەسـەر ئـەوەی گلەییو ڕەخنەی زۆربوو لـە (PKK)و دەسـتوەردان لـە كاروبـاری نـاوخۆی حكومەتی هەرێمو فەرمانڕەوایەتی كردن لە زۆرێك لـە ناوچـە سـنووریەكانو تەنانەت دابەزین بۆ قوڵایی خـاكی كوردسـتانی باشـوور. هـەروەها ئامـاژەی بەوەكرد كە كێشەی زۆریان بۆ گوندنشـینەكان دروسـت كـردووە. بوونـە بـە هۆكار بۆ ئاوەدان نەكردنەوەی زۆرێك لە گونـدە سـنووریەكانو ئـاوارەبوونی زۆرێكیش لە خەڵكی ئەو گوندانە، بەو هۆكارانـە. هـەروەهاش، ئامـاژەی بـۆ ڕووداوەكـەی ڕێسـتورانتی حوققـەبازدا، كـە لـە (2019/7/17) لـە هـەولێر ڕوویدا، كە بوو بەهۆی كوشتنی دیبلۆماتێكی توركیاو دوو هـاووڵاتی هـەرێم. ئەمانەی وەسف كرد وەك كاری تێكدەرانەو بـە معقـول نـەزانراو، كـە ئـەوان

لەجیاتی دامودەزگای شەرعی هەرێم کە میوانن، فەرمانڕەوایی بکەن لە هەرێمێکدا، کە بە خوێنی هەزاران تێکۆشەر، گەنجو لاوو پیری ئەم خاکە، هاتۆتە بەرهەمو خوێنی بۆدراوە. هەروەهاش ئاماژەی بەوەش کرد، کە سیاسەتی چەوتی ئەوان بوونە بە هۆکار بۆ لەشکرکێشیەکانی دەوڵەتی تورکیاو هاتن بۆ ناو خاکی کوردستان. (PKK) بەهانە دەداتە دەست ئەوان بۆ پێشێلکردنی سەروەری هەرێمەکەمان. هەروەها باسی چەند نموونەیەکیشی کرد لەوەی ڕۆڵی بینیوە، بۆ بەشداری نەکردنی پێشمەرگە، کە شەڕی خوشكو براکانی خۆی نەکات، بە هەر هۆکارێك بێت. ئەوە لەکاتێکدا فشاری دەوڵیو ئیقلیمی زۆربووە لەسەر بەڕێزیان بۆ هاوکاریکردنو بەشداریکردن تێیداو تێوەگلاندنی. بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەچووەتە ژێرباری ئەوە. بۆ نموونە: باسی لەوە کرد، کە تورکیا بە ڕەزامەندی ئەمریکا لە ساڵی (2007–2008)، بەنیازی ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی بووە بۆ قەندیل. بەڕێزیان ڕەزامەندی نەداوە بۆ هیچ هاوکاریەك. ئەوە لەکاتێکدا (سەرۆك بووشی کوڕ)، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا، جەنەڕاڵێکی بە نوێنەرایەتی خۆی ناردۆتە لای، بەڵام ڕەزامەندی لەسەر نەداوە. دواتر هاتوونەتەسەر ئەوەی کە سوپای تورکیا، ئینزالی جەوی بکات بۆ قەندیل، دیسانەوە بۆ ئەویش کاك مسعود ئامادەیی بۆ هیچ هاوکاریەك دەرنەبڕیوە. بۆیە ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام نەدراوە. چەندین جارو بە چەندین شێواز، ئەم بابەتانەی دووبارە دەکردەوەو نموونەی بۆ دەهێنایەوەو ڕایدەگەیاند: کە پێشتریش چەندین جار لەگەڵ (PKK)

دانوستاندن کراوەو نەسیحەتیان کراوەو ڕێککەوتن کراوە لەگەڵیان، کەچی بەداخەوە، پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبوونەو بڕوا پێکردنیان ئەستەمە. دواتر ڕایگەیاند: هەرێم، حکومەتو دامودەزگای خۆی هەیە. ناکرێ لەجیاتی هەرێم بڕیار بدەنو فەرمانڕەوایی بکەن. هەروەها باسی شنگالو گیروگرفتەکانی ئەوێی کرد، کە لەگەڵ سەرسەخترین دوژمنەکانی ئێمە، حەشدی شەعبی، هاوپەیمانیان کردووە کە هەڕەشەن بۆ سەر دەستکەوتەکانمان. ووتی: پێویستە (PKK)، بکشێنەوە لە شنگال بۆ شکستهێنان بەو هاوپەیمانەتیەی بەینی ئێرانو حەشدی شەعبی، بە هاوکاری ئەوان، کە مەترسیە بۆ ناوچەکەو هەرێمو کورد بەگشتی. ووتی: گیروگرفتی زۆریان بۆ ئەو دەڤەرە دروست کردووە. ئەگەر هەیە، ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورکیا ئەنجام بدرێت بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراقیو چرای سەوزی ئەمریکا بۆیان. بۆیە واباشە، لە شنگال بکشێنەوە، با لەلایەن خودی شنگالیەکان بەڕێوە ببردرێتو پێشمەرگەش دەکشێتەوە. بەڵام گەر پێداگری بکرێت لەسەر مانەوەیان، ئەوە ئەگەری ڕوودانی ئەو ئۆپەراسیۆنە، لە ئارادایەو ئێمەش ناتوانین ڕێگایان لێبگرین. تەنها بەشدار نابین، بەڵام سەرئەنجام هەموومان زەرەرمەند دەبین. هەروەها باسی ناردنی پێشمەرگەی کرد بۆ شەڕی کۆبانێو پاراستنی، کە بە چ زەحمەتیەك ئەم کارە کراوە لە ڕێگای تورکیاوە بە پشتگیری فەڕەنسا، ئەمریکا، بریتانیا. دوای تەواو پاراستنی ئەو شارەش، ئیتر پێشمەرگە کشێندرایەوە

بۆ هـەرێم، ئـەوە لەکاتێکـدا بڵاویـان کردبـۆوە، کـە گوایـا مەسـعود بـارزانی دەیەوێ ڕۆژئاوا داگیر بکاو بمێنێتەوەو چاوی تەماعی بڕیوەتە ئەوێ.

باسی لە دابەش کردنی کوردستان کرد بەدەر لە خواستو ویسـتی خۆمـانو ووتی: ڕاستە ئێمەی کورد نەتەوەیەکین، کوردستان یەك پارچەیە، بـەڵام لـە (شەڕی چاڵدێران)ەوە دەستی پێکـردووە بەتایبـەتیش لـە جـەنگی جیهـانی یەکەمەوە، ماوەی سەد ساڵە وەك میراتی ئیمپڕاتۆریـەتی عوسمـانی کـراوین بـە چـوار پارچـەو هـەر پارچـەیەك تایبەتمەنـدی خـۆی وەرگرتـووە. لـە زۆر ڕووەوە ناکرێ، نادیدە بگیرێ. ئاماژەی بەوەکرد، کە بەدڵو گیـان حـەز لـە یەکڕیزی نەتەوەکـەم دەکـەم، بـەڵام خـۆ ئـەوە بـە قسـە نابێـت، پێویسـتی بەکردارو هیممەتو بڕیاری نەتەوەییو نیشتیمانی جددیە.

سـەبارەت بـە (16)ی ئۆکتۆبـەری (2017)و داگیرکردنـی کـەرکوك لەلایـەن سوپای عێراقو حەشـدی شـەعبیەوە، باسـی ئـەو ڕووداوەی کـرد کـە بـەلای بەڕێزیانەوە زۆر ناخۆشو کاریگەریەکی زۆر بـەهێزی لەسـەر دانـاوە. گلـەیی زۆر هەبوو لەوانەی کە دەستیان هەبووبێت، لەوەی هاوکاربووبن بۆ حەشدی شەعبی بۆ ئـەم کـارە، بـە هـەر هۆکارێـك بووبێـت. بـۆ ئەمـەش لـە جێگـای نموونەکەی (چەرچڵی)ی کـاك عـدنان مـوفتی، باسـی لـە هەڵوێسـتێکی تـری مێژوویی کرد بۆ ئەم ڕووداوە، کە وەك نموونە ئاماژەی پێکرد.

لەمیانەی گفتوگۆکانی تری ئامادەبووان بەتایبەتیش کاك عـدنان، زۆر فشـار خرایە سەر کاك مسعود بۆ ئەوەی لە هەندێ توندیەکانی گەر لەسەر هەقیش بێـت، دابـەزێ لـەپێناو بەرژەوەنـدی میللەتەکـەی لـەم باروودۆخـە ناسـكو

هەستیارەدا. بۆ دانانی کاریگەری بەهێز لەسەر کاك مسعود، ئاماژەی بە دانوستاندنەکانی سەرەتای ڕاپەرینی ساڵی (1991)ی کوردستانی باشووردا کە دوای شەڕی دووەمی کەنداو ڕوویدا. کورد ناچار کرا لەگەڵ بەغدا بکەونە دانوستاندنو کاك مسعود لەپێناو بەرژەوەندی میللەتەکەی، ناچار بە تەوقەکردن بووە لەگەڵ سەدامو علی حسن مجیدی خوێنڕێژی میللەتەکەیو عەشیرەتو تەنانەت بنەماڵەکەی، کە سێ لە براکانی خۆیشی، بەدەست ئەوان شەهید کراون. هەروەهاش، داکۆکی کرایەوە سەر تەباییو خاوکردنەوەی گرژیەکانو ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی بەینی پارتیو یەکێتیو مامەڵەکردن لەگەڵ واقعی ئێستا وادەخوازێ، باوکایەتیو مامایەتیو براگەورەیی بکاتو بە پێداگریەوە ئەم بابەتە چەند بارە کرایەوە بۆ کاك مسعود. وە هەروەها کاك عدنان ووتی: پێم خۆشە بۆ ئەم بابەتە وەك چەرچلو بەقسەی میللەت بکەی نەك خۆت.

لەوەڵامدا کاك مسعود ووتی: هەروەك ئاماژەم بۆدا، مەودای شەڕی براکوژی نادەم بە هیچ شێوەیەك. بەڵام گەر هێرشمان بکەنەسەر، ناچارین بەرگری لەخۆمان بکەین. ئاماژەی بەوەدا، (PKK) بارەگایەکیان لەسەر ڕێگای ئێمەدا لە بێخمە دانابوو، تا هێز نەچووە سەریان، ئامادەیی چۆل کردن نەبوون، کە بەخۆشحاڵیەوە دواتر بەبێ گیروگرفت، ئەوێیان چۆل کرد. پاشان باسی ئەوەی کرد کە، نە حکومەتەکانی داگیرکەر، وە نە هیچ لایەکمان، ناتوانین یەکتر لەناوببەین. بەڵام دەتوانین برابینو یەکتر قبوڵ بکەین، لەسەر بنەمای ڕێز لە یەکتر گرتنو شەراکەتی هاوبەشو

بەرژەوەندیەکانی یەکتر بپارێزین. هەروەها جارێکی تر لە باسی ڕیفراندۆمدا ووتی: خیانەتێکی گەورە لەگەڵ ئەو پرۆسەیە کرا، ئیقلیمی، دەوڵەو کورد خۆیشی بەداخەوە هاوکارو یارمەتیدەر بوو. ئەگەر کورد هاوکار نەبوونایە، شیعەو حشدی شەعبی، هەرگیز جورئەتی ئەوەی نەدەکرد ئەمە بکا. ووتیشی: هەروەهاش گەر ئەمریکاو بریتانیا دژ نەبووان، عێراق نەیدەتوانی ئەم کارە بکات. ووتیشی: ئێستاش من تەحەممولی ئاکامەکەی دەکەمو ئەوکاتەش گوتوومە. ووتیشی: تاخیرکردنی ڕیفراندۆمو دەنگنەدان لەسەر دەستووری هەرێم، هەڵەیەکی گەورەبوو.

باسی لە داعشو چوون بەرەو بەغدا کردو دواتر سوورانەوە بۆ هەرێمو شەڕی ئێمەو موقفی سلبی بەغدا لەگەڵمان. ووتی: تەنانەت بەغدا، ئامادەنەبوون یەك فیشەکیشمان پێبدەن بۆ بەرگریکردن لە خۆمانو لە عێراق، کە لە هاوپەیمانانەوە دەهات بۆیان. تەنانەت زۆر سەرگرانیش بوون بەو یارمەتیە سەربازیانەی کە بۆ پێشمەرگە دەکران. باسی لەوە کرد کە ئێمە نابینە تابع، بەڵکو ڕازین بە شەراکەتی ڕاستەقینە. هەروەها ووتی: کورد چی کەمتر نیە لە عەرەبو فارسو تورك، بەڵام خۆشمان بە زیاتر لەوان نازانین. چەندین بابەتی تری لەم بوارانەدا ووروژاند، دەستوور، ناوچە جیناکۆکەکان، ماددەی (140)ی دەستوور، ئەزموونەکانی لەگەڵ سەرکردە عێراقیەکانو ئەمریکیەکانو نەتەوە یەکگرتوەکانو .... هتد.

پاشان ووتی: من پشتگیری موبادەرە ئاشتیەکەتان دەکەمو پێم خۆشە. بەڵام، ئالیەت چیە و چی لە من داوا دەکەن؟. کاك عدنان باسی چەرچڵی

دووباره کردەوەو ووتی: بە قسەی چەرچڵ بکە، لەگەڵ پێداگری لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان پارتیو یەکێتی. خۆت فەرمووتانە، ئاشتیو دەستدانە دەستی سەددامو علی حسن مجید بۆ من مردن بوو. قەت هەڵەبجە لەبیر ناکرێت. بەڵام ئەم کارە لەگەڵ میللەتەکەی خۆت زۆر ئاسانترە بۆ تۆ لەوەی لەگەڵ دوژمنەکەت.

لە کۆتاییدا کاك مسعود ووتی: با (PKK) ڕێز لە قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانو تایبەتمەندیەکەی بگرێو خۆی بە حاکم نەزانێو ئێمە بە مەحکوم. دەست لە کاروباری ناوخۆی هەرێم وەرنەدا. لەو ناوچانە بکشێتەوە کە بوونە بە هۆکاری گێروگرفت نانەوە بۆ دانیشتووانی گوندە سنووریەکان. با وەك میوان ڕەفتار بکەن، ڕێزیان دەگیرێو کێشە نابێت. بەڵام ئەمانە بە کردارو بە عەمەلی بێت، نەك وەك جارانی پێشوو، پابەندی ڕێککەوتنەکان نەدەبوونو گێروگرفتیان دروست دەکرد.

سەبارەت بە (16) ئۆکتۆبەر دووبارەی کردەوەو ووتی: من زۆر زەحمەتە بتوانم لەگەڵ ئەواندا ئاسایی ببمەوە. زۆر بەدەست ئەم کارەوە ئازارم چەشتووە. دوای فشارێکی زۆر، کاك عدنان موفتی بۆ جاری سێیەم ووتی: بەقسەی میللەت بکە وەك چەرچڵ کردی. بەرژەوەندی لەوەدایە. ئەویش ووتی: بیری لێ دەکەمەوە جارێ بڕیار نادەم. ئەو بەڵێنەی بە ئێمەداو بە هیوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی ئەوانین.

دواتر کاك کاردۆش ووتی: جەنابی کاك مسعود: هەنگاوی کرداری چیە؟، ئەگەر لایەنەکان وەڵامی پۆزەتیڤیان هەبوو.

بـەڕێزیان ووتـی: متمانـەمان نیـە. کـاك کـاردۆ ووتـی: بـا لـە ڕاگەیانـدن زەمینە خۆش بکەین، کە ڕۆڵی زۆر خراپی هەیە.

هەروەها داکۆکی کرایەوە سەر تحریم کردنی شـەڕی نـاوخۆ. خاوکردنـەوەی گرژیەکان. جەنابی کاك مسعود سـەبارەت بـە ڕاگەیانـدن ووتـی: زۆرێـك لـە میدیاو ماڵپەڕە ئینتەرنێتیەکان، لەدەست ئێمەدانین.

دیدارەکـــەمان دوو کاتـــژمێری تـــەواوی خایانـــدو لـــەم دوو کاتـــژمێرەدا، فشـــارێکی زۆر خرایەســـەر جـــەنابی ســـەرۆك بـــارزانی بـــۆ لـــەبیرکردنی هەنـــدێ ڕابـــردوو، کـــە بەرژەوەنـــدی وادەخـــوازێ براگـــەورەیی بکرێـــتو ئاوێك بەسەر ئاگرەکاندا بکرێت.

نیوەڕۆی هـەمان ڕۆژ هـەمووممان میـوانی کـاك عـدنان مـوفتی بـووین. بـەڕێز د.فـؤاد معصـوم، سـەرۆك کۆمـاری پێشـووی عێـراق، ئامـادەبوو. لەلایـەن شـاندەکەمان، دیدارەکـە تـا ڕاددەیـەك بـە ئیجـابی هەڵسـەنگێندرا، ئەگـەر بتوانرێ لایەنەکانی تر، نەرمیەك بنوێنن، بەتایبـەتی (PKK)، بـۆ هـەنگاونان بە بۆچوونەکانی کاك مسعود، لەسەر ڕێزگرتن لە قـەوارەی سیاسـی هـەرێمو فەرمانڕەوایەتیەکەیو دەستوەرنەدان لە کاروبارو کشانەوە لەو جێگایانەی کە بۆیان دەست نیشان دەکرێـت. بەهـەرحاڵو بەتایبـەتیش، کـە دیدارەکـە ڕەخسێندراو هەردوولامان بۆچوونی خۆمان دەربڕی، ئەوە مایەی خۆشحاڵی زۆربـوو بـۆ شـاندەکەو بـەڵام کـاری جـدی پێویسـت بـوو کـە هـەنگاوی بـۆ بهاوێژرێتو بەردەوامبین لەسەری.

## پاراستنی نهێنی پڕۆسەکەو ڕاگەیاندن:

ئـەم پڕۆسـەیە، کـارێکی گـرنگو کاردانـەوەکان بەرامبـەری دوولایەنەیـە. مەبەست ئەوەیە، پڕۆسەیەك کە بۆ یەکڕیزی کەسایەتیو حزبو لایەنـەکانی کوردسـتانی هـەوڵ دەدات کـە بەرژەوەنـدی گشـتی نەتـەوەو نیشـتیمانی تێدایە، بێگومـان دڵـی میللـەتو دۆسـتەکانمان خۆشحاڵ دەکا. لـە هـەمان کاتیشـدا، ناحـەزو دوژمنـەکانمان، دڵتـەنگو ناڕەحـەت دەبـن بـەم هـەوڵو تێکۆشـانە. بۆیـە دەکەونـە کـارو هـەوڵی لـەباربردنی پڕۆسـەکە دەدەن. بێگومان، ئەوانیش دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی کوردستانن، کە بە ڕێگای فشـارە تایبەتیەکانی خۆیان، دەکەونە کارو ئەوەی بۆیان بکرێت ئـەنجامی دەدەن. بۆیە، بە پێویست زانرا، ئەم پڕۆسەیە، تـا دەگاتـە ئامانجـە سـەرەکیەکانی، بـە نهێنـیو دوور لـە چـاوی کامێراکـانو ڕاگەیانـدن، ئـەنجام بـدرێت. ئـەو پێشـنیارو پرسـەش، مـن لـە بارەگـای بـارزانی کـردمو بـوو بـە بڕیـاری پڕۆسەکەش کە دوور لە ڕاگەیاندن دیدارەکان ئەنجامدراوە.

## (انطباعی) برادەران لەسەر کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی

لـە دوو پەیوەنـدی تەلەفۆنیـدا، لەلایـەن بـەڕێز ئامینـە زکـری، ڕاوێـژکار لـە بارەگای بارزانی، تەلەفۆنم بۆکراو داوای دەکرد بۆچوونی برادەران چۆن بوو لەسـەر کۆبوونەوەکـەی جـەنابی سـەرۆك بـارزانی. منـیش ڕاشـکاوانە ووتم: بـرادەران، چـاوەڕوانیان لـە جـەنابی سـەرۆك هەیـە، نـەرمی زۆر بنوێنـێ. براگەورەیی بکات. ڕۆڵو پێگەی کاریگـەری خـۆی، بـەکاربێنێ بـۆ دیـالۆگو چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکان. چاوەڕوانی هەنگاوی کردارین لە بـەڕێزیان.

دەڕوانرێتە ئـەو وەك كەسـايەتيەكى براگـەورەو كاريگـەر، بۆيـە دەبـێ دڵـى گەورەو لێبوردەيى بنوێنێ. دڵخۆشيش بوون بەم ديدارەو گفتوگۆكان، بەڵام چاوەڕوانى زياترە لە بەڕێزيان بە ئاقارى ئاشتىو تەبايىو يەكڕيزى.
ئەمـــەش بـــە جۆرێـــك لـــە جۆرەكـــان، بـــەگرنگى وەرگرتنـــى كۆبوونەوەكـــە دەردەخات، كە گرنگى پێدرابێت.

## ئۆپەراسيۆنى توركيا بۆ چياى گارە

ئـــەوەى جێگـــاى داخ بـــوو كـــە ئامـــانجى ســـەرەكى شـــاندەكەو پڕۆســـە ئاشـــتيەكەبوو كـــە ڕوونـــەدا، ڕوويـــدا. ســـوپاى توركيـــا، لـــە بەرەبـــەيانى (2021/2/10)، لە چياى گارە ئينزالى كرد. شەڕ دروست بوو. ئـەم ڕووداوە بـۆ ئێمـەى شـاندەكە، زۆر ناخۆشـبوو. كـارى ئێمـەى زۆر ئـاڵۆزترو قورسـتر كرد. لەبەينى خۆماندا هەڵسەنگاندن دەكرا بۆ ڕووداوەكان. (PKK) تۆمـەتى دەخستە پاڵ پارتى كە بەشدارى شەڕەكەيەو ئـەوانيش ئـەم تۆمەتـەيان بـە توندى ڕەت دەكردەوە. جەنابى كاك مسعود، لە ديدارمان لەگەڵ بـەڕێزيان، چەند جارێك دووپاتى كردەوە، كە ئێمە بەشدارى ئـەم شـەڕە ناكـەين بـەڵام گەر شەڕ رووبدات كە دەنگوباسى ئۆپەراسيۆنێك لە ميدياكاندا بەگـەرمى لـە ئارادايـە، ناشـتوانين ڕێگـەى لێبگـرين، چـونكە ڕەزامەنـدى سـێ دەوڵـەتى لەپشتەوەيە، (ئەمريكا، توركيا، عێراق). (PKK)ش بەهانە دەداتـە دەسـت، بـۆ ئەنجامـدانى ئـەم ئۆپەراسـيۆنە سـەربازيانە. بـەڵام ئـەوەى جێگـاى خۆشـحاڵى بـوو، ساردنەبوونەوەى شـاندەكەمان بـوو، بـۆ كـاركردن لەسـەر

هـەنگاوەکانی پێویستی، کـە دەبوایـە کاریـان لەسـەر بکرێـت، بـە ئومێـدی گەیشتن بە ئەنجامێکی ئیجابیو دڵخۆشکەر، بۆ پرۆسەی دەست پێکراو.

## بەردەوامبوون لەسەر هەنگاوە پێویستەکان

بۆیە بەردەوامبووین لەسەر کارەکـەمانو پەیوەندیـەکانمان، بـۆ ڕێکخسـتنی دیدارەکانی داهاتوومان، لەگەڵ کەسایەتیو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئـەم مەبەستە. لەلایەك منو بەڕێز عوسمان بایدەمیر، لە ڕێگای کاك زبێر ئایـدار، بـۆ گەیانـدنی پـەیامی کـاك مسـعود بـە قەنـدیل. لەلایـەکی تـرەوە، پەیوەندیەکانی کاك کاردۆ محمد لەگەڵ کـاك مصـطفی سـید قـادر، جێگـری سەرۆکی هەرێم، بۆ کاتی دیدار لەگـەڵ کـاك نێچـیروان بـارزانی. هـەروەهاش بەڕێز کاك عدنان موفتی، بـۆ ڕێکخسـتنی دیـدارمان لەگـەڵ کـاك کۆسـرەتو کاك قوباد تاڵەبانیو هاوسەرۆکانی یـەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان. لەسـەر ئـەو تەوەرانـە بـە بـەردەوامی کـار دەکـرا. دیـداری بـەڕێزان کـاك نێچـیروان بارزانیو کاك قوباد تاڵەبانی کە لەبەر سەرقاڵیان بە کاری حکومیەوە، ئەوە رێکنەخرا تا کـاتێکی تـری گونجـاو بـۆ ئێمـەش. دیـارە بەرنامـەی سـەردانی جەنابی کـاك کۆسـرەتیش لـە ئـارادابوو، بـەڵام بـەهۆی سـەفەری بـەڕێزیان، دیدارەکـە ئەنجامنـەدرا. بەسوپاسـەوە کـاك عـدنان مـوفتی لەهـەمان ڕۆژدا، کاتی دیداری لەگەڵ هاوسەرۆکانی یەکێتیو شاندێك لـە مەکتـەبی سیاسـیو ئەنجومـەنی سـەکردایەتی، بـۆ شـەوی یەکشـەممە یـان بەیانیەکـەی ڕۆژی دووشەممە واتە شەوی (2/14) یان بەیانی (2/15)، ڕێکخست.

## شکستی ئۆپەراسیۆنی تورکیا لە چیای گارە

بــە خۆشــحاڵیەوە، (HPG)، بــاڵی ســەربازی (PKK)، لــە ڕۆژی هــەینی (2021/2/12)، لە میدیاکانی خۆیان ڕایانگەیانـد کـە پێشـمەرگە بەشـداری ئۆپەراسیۆنی چیای گارە نین‌و ئەو هەواڵانە دوورن لە ڕاسـتی، کـە باس لـە بەشـداری پێشـمەرگە دەکـرا، کـە گوایـا بـە جلوبـەرگی سـەربازی تـورکی بەشـداریان کردبێـت. ئەمـەش جێگـای دڵخۆشـی ئێمـەبوو کـە هـەم بـاڵێکی مەیدانی (PKK)، گەیشتە ئەو باوەڕەو هەم بۆچـوونی هـەرێم وەڕاسـت گـەڕا کە بەشدارنین، بەتایبەتیش کە خودی جەنابی کاك مەسعود، چـەندین جـار لـە دیدارەکەمانـدا دووپـاتی کـردەوە: ئێمـە بەشـداری هـیچ ئۆپەراسـیۆنێك ناکەین دژی میللەتەکەمان، تەنها گەر شـەڕمان پێبفرۆشـن، ئـەوە ناچـار بـە بەرگری کردن دەبین لە خۆمان.

بـــــە خۆشـــــحاڵیەوە، ڕۆژی شـــــەممە، ڕێکـــــەوتی (2021/2/13)، ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا کوتایی هات‌و لە چیای گـارە کشـانەوە بـە شـکاوی. بێگومـان هـەموومان تەمـەننای ئـەوەمان دەکـرد، کشـانەوەیان، شـکانیان بێـت لـە ئۆپەراسـیۆنەکە. چـەندە گلـەییم هـەبێت لـە سیاسـەتی چەوتی (PKK)، بەڵام خوازیـاری ئـەوەش نـیم، دوژمنەکـەم، خاکەکـەم، بـۆ مەرامی خـۆی، ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی دژی میللەتەکـەمان ئـەنجام بـدات‌و سەروەری هەرێمەکەمان، پێشێل بکات‌و تیایدا بمێنێتەوە.

## چوون بۆ سلێمانی بۆ دیدارەکان

کاتژمێر (2) پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێکـەوتی (2021/2/14)، لـە هــەولێرەوە لــەماڵی کــاک عــدنان مــوفتی، بــە ســێ ســەیارەی پرۆتۆکــۆلی برادەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەرەو سلێمانی بەڕێکـەوتین. ئـەو سـەیارەی منـی تێـدا سـوارببووم، بـە تـەنیابووم. بەرپرسـی گرووپەکـە لـە پرۆتۆکۆل، ناوی کاك سەرکان بـوو لـە سـەیارەکەی منـدابوو. شـۆفێرەکەش ووتـی: ناوم (نێچیر)ە، کە لەوانەیە لە بنەمادا، نێچیروان بێتو بـاوكو دایکـی لە خۆشەویستی نێچیروان بـارزانی، ناویـان نابێـت، بـەڵام ئـەو دەڵێـت نـاوم (نێچـیر)ە بـۆ ئـەوەی بـەو نـەکات ئێسـتا. ئەمەشـم تـەنها گریمانەیـە نـەك دڵنیابوون لـەوەی وابێـت. مەبەستیشـم پارتایـەتیو حزبایـەتی نیـە لێـرەدا، بـەڵکو مەبەسـتم لـە کارەسـاتەکەیە کـە وەك نموونـە دەیهێنمـەوەو لێـرەدا باسی دەکەم. سەرەتا، کاك سەرکان گرنگیان بە من نەدەدا وەك یـەکێك لـە شــاندەکە. تەنانــەت هەنــدێ پرسـیاریان هــەبوو کــە بیکــەن لــە ژمــارەی شاندەکەو چەند ژوور پێوستە لە هوتێل، کـە وەڵامـەکانی هـەمووی لای مـن بوو، کەچی کاك سەرکان، داوای تەلەفۆنی کاك عوسمان بایـدەمیری دەکـرد پرسیاری لێبکـات، کـە میوانـەو لەگـەڵ ئێمەدایـەو بەیەکـەوەین. منـیش لـە وەڵامدا ووتم: تەلەفۆنەکەی کـاك عوسمـان هـی بریتانیایـەو ئەگـەر دەتـەوێ دەتوانم بۆت وەربگرم قسەی لەگەڵدا بکەی. بە بەردەوامی لەگەڵ برادەرانـی

بەرپرسی خۆیشی لە پەیوەندیدابوو بە تەلەفۆن. دواتر ووتی: کاك عوسمانم بۆ بگرەو منیش وامکردو تەلەفۆنەکەم پێدان‌و قسەی کرد لەگەڵیدا. ئەوە لە کاتێکدا کاك عوسمان سۆرانی نەدەزانی‌و کاك سەرکانیش بەهەمان شێوە، کرمانجی‌و لێك تێگەیشتنیان ئاسان نەبوو، بگرە زەحمەت. منیش لە پاڵیدا دانیشتووم‌و پرسیار لەمن ناکاو منیش بێدەنگیم هەڵبژاردو چاوەڕوانی گفتوگۆکەیان بووم. دوای ماوەیەك ڕۆیشتن لەناو شاری هەولێرداو گفتوگۆی ئەوەی لە کوێوە بڕۆین، دەستمان بە قسەکردن کرد لەگەڵ یەکترداو دەرگایەك کرایەوە. ئینجا تێمگەیاندن، منیش ئەندامی شاندەکەم‌و لەوانەشە ڕێکخەری بەرنامەکانیشیان بم. دوای ماوەیەك ڕۆیشتن، کاك سەرکان پرسیاری لەمن کرد، ئاخۆ منیش پەرلەمانتارم؟. منیش وەڵامم دایەوەو ووتم: بەڵێ پەرلەمانتار بووم لە بەغدا. ئینجا ووتی کام لیست؟ منیش لە وەڵامدا ووتم: لیستی پارتی لە هاوپەیمانی کوردستان. ئیتر دونیا کپ‌و ئارام و قسەکردن لەگەڵ مندا پچڕاو بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر ناو سەیارەکەدا. وەك من نەبووبم وایلێهات. زانیم مەسەلە چیە. زانیم ئەوە ئەو زامەیە کە حزبە سیاسیەکان، خستوویانەتە ناوجەستەی گەنجی میللەتەکەمان‌و زامەکانیش زۆر قووڵن. زانیم بەلایەوە قورسە، چۆن یەکێکی پارتی دەبێ سواری سەیارەکەی ئەو ببێت لە کاتێکدا ئەو یەکێتیەو من بە ناحەزی خۆی دەزانێ. لەناخی خۆمدا بە خەیاڵ ئەو شتانەم لێك دەدایەوەو لاپەڕەی مێژووی ئەو کارەساتانەم هەڵدەدایەوە، کە ئەم حزبە سیاسیانەو ناکۆکیەکانیان قوڕی خەستیان بۆ ئەم میللەتە

گرتۆتەوە، تـا بەسـەر سـەری خۆیانیـدا بکـەن. لـەناخی خۆمـدا زۆر دڵگـران بووم. بۆ دەبـێ ئەمـە هەڵوێسـتو کـردار بێـت. گۆڕانێـك، گـەر برادەرایـەتی پارتیەك، یـان پارتیـەك، برادەرایـەتی کـادیرێکی یەکیـەتی بکـات، ئـەوە بـە قەدەغە لەلایەن هەڤاڵەکانی لێـك بدرێتـەوەو ببێتـە تێبینـی لەسـەری. دوای ماوەیەك ڕۆیشتن، من بە عجولی خۆمو فضـولیم، دەرگـای هەنـدێ گفتوگـۆم کـردەوە لەگـەڵیان. باسـی هەنـدێ بابـەتی ئـەملاو ئـەولام کـردو وێنەیـەکم نیشاندا، کە من دوژمن نیمو براو هاونیشتیمانیو هاووڵاتی ئێوەم.

ئیتر دەرگای گفتوگۆ بە باشی کرایەوەو شـوکور بارووذۆخەکـە گـۆڕاو ئـارام بووەوە. کاك سەرکان کەوتە ڕێزگرتن لەمنو موجامەلەکردنم. دواتر چـەندین جار داکۆکی کردەسەر ئەوەی ئێمە لە خزمـەت شـاندەکەداینو ئاسـوودەیی ئێوەمان مەبەستە. لە کانی وەتمـان، لـە ڕێسـتورانێك دابـەزینو بـەدەم چـا خواردنەوە، پشـوویەکی کاتیمانـداو بـەرەو سـلێمانی بەڕێکەوتینـەوە. ئـیتر دەرگای گفتوگۆی دوو قۆڵی منو کاك سەرکان بەردەوام بوو، تا گەیشتن بـە هوتێل، بە موجامەلەو ڕێز لە یەکترگرتن.

کاتـژمێر (5:30) لـە هـوتێلی کـاك فـاڕوقی مەلامسـتەفا لـە سـلێمانی، لـە (Grand Millennium)، لە شاری جوان، دابەزینو میوانی یەکێتی بووین. لــە پێشــوازی شــاندەکەمان، دکتــۆر ســۆران، ئەنــدامی م.سو بەرپرســی مەکتــەبی پەیوەندیــەکانو هــەڤاڵ ســالار سـرحد، ئەنـدامی سـەرکردایەتیو لێپرسراوی بـۆردی پەیوەندیـە نیشـتیمانیەکان، لەگـەڵ دەزگاکـانی میـدیای یـەکێتی، ئامـادەی پێشـوازیەکە بـوون. بـەدەم قـاوە، چـا خواردنـەوە، لـە

پشوویەکی کورتو بەخێرهێنانو گفتوگۆی سەرپێییو مجامەلەی دوولایەنە کرا لەگەڵ یەکتر. دیسانەوە بۆ خۆشی دەیڵێمو بابەتەکە عمدی نەبوو بەڵکو وا ڕێککەوت، لە چاو قاوە دانان بۆ میوانەکان، من وەپاشدرامو بووە بە پێکەنین لەگەڵ کاك کاردۆی هەڤاڵو ئەندامی شاندەکەو ووتی: ها ئەوە چایچییەکەش دەزانێ تۆ پارتی، بۆیە بەشی تۆی تێدا نیە. دواتر قاوەیەك بۆ منیش هاتو لەگەڵ هەڤالان بەدەم پێکەنینەوە، خواردمەوە. بۆ پاراستنی نهێنی دیدارەکان، وەك بڕیاری پێشووترمان بوو، دوور لە میدیاو ڕاگەیاندن، دیدارو پێشوازیەکە ئەنجامدرا.

## دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر سید علی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان

کاتژمێر (7)ی ئێوارەی ڕۆژی (2021/2/14)، دیدارمان هەبوو لەگەڵ بەڕێز عومەری سید عەلی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، کە بەڕێز بەختیار ئەولی، بەرپرسی پەیوەندیە سیاسیەکانی بزووتنەوەکە، ئامادەی دیدارەکە بوو. پێشوازی گەرم لە شاندەکەمان کرا. لەلایەن کاك عەدنان موفتیو هەڤالانی شاند، بیرۆکەی پرۆسەکەو هەنگاوو ئامانجەکانو قوناغەکانی، بۆ بەڕێزیان شیکرایەوە. بەتایبەتیش باسی دیدارەکەمانی لەگەڵ جەنابی کاك مسعود بەدرێژی بۆ باسکردن کە لە دیدارەکەدا، ئاماژەمان داوە بەوەی مەترسی گەورە لەسەر دەستکەوتەکانمان هەیە، گەر یەکڕیز نەبین. ئەگەری شەڕو پێکدادان هەمیشە لە ئارادایە. ئەوەتا، تورکیا هێرشی گارەی

کردووە. باسی سیاسەتو هەڵسوکەوتەکانی دەوڵەتە ئیقلیمیو جیهان کرا. کاك عەدنان باسی ئەوەی کرد، کە جەنابی کاك مسعود، داکۆکی کردۆتەسەر ئەوەی شەڕی ناوخۆ هێلی سوورە. شەڕ لەگەڵ کەس ناکەین، تەنها گەر ناچار بکرێین بەرگری لەخۆمان دەکەین گەر هێرشمان بکرێتەسەر. ئینجا باسی گلەییەکانی زۆری کاك مسعود کرا بۆ کاك عمر لە (PKK)و ئاماژەی بەوەدا کە رێز لە یاساو قەوارەی سیاسی هەرێم ناگرن. مراعاتی هەستیاری ڕەوشەکە ناکەن. گومرگو سەیتەڕە لەناو هەرێم دادەنێن. ئەمەش بەهانە دەدات بۆ دەستوەردانی تورکیا لە ناوخۆی هەرێم. شەڕی دەوڵەتە ئیقلیمیەکان بە ئێمە ڕاناگیرێ بەڵام پێشمەرگەش بەشداری ئەم شەڕانە ناکەن. پێویستە (PKK)، ڕێز لە هەرێمو تایبەتمەندیەکەیو هەستیاری ڕەوشەکە بگرنو نەبن بە سەرئێشە بۆمان، وەك چۆن حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەیکەن. باسی شنگالی کرد کە لەگەڵ حەشدی شەعبی ڕێککەوتوون کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە. ئەمانە بەدرێژی لەلایەن جەنابی کاك مسعود، ئاماژەیان بۆکراوەو گوازرانەوە بۆ بەڕێزیان.

دواتر لەلایەن شاندەکەمان داواکرا لە کاك عمر، وەك لایەنێکی کاریگەر لەناو حکومەتو هاوپەیمانی حزبە بڕیاردەرەکانی کوردستان، ڕۆڵی خۆی ببینێ لەم پرۆسە ئاشتیەو هاوکار بۆ شاندەکەمان. هەڵوێستی سیاسیو دیبلۆماسی ئارام بنوێندرێ. دوای کاك عەدنان، کاك عوسمان باسی کوردستانی باکووری کرد کە کوردەکانی ئەوێ باروودۆخیان لەوپەڕی

خراپیدایە. ڕژێمی سەددام چی لە ئێوە کردووە ئۆردۆغانیش هەمان کار دەکات. باسی لە ڕۆژئاوا کرد کە بەداخەوە بارودۆخی ئەویش لە بەینی حزبەکان لەوپەڕی خراپیدایە. (PYD)و (ENKS) کێشەیان هەیەو یەکڕیز نین. ئەندامانی شاندەکەش هەموومان، دیدو بۆچوونەکانی خۆمان لەمەڕ بابەتەکانو پرۆسەکە خستەڕوو.

دواتر بەڕێز کاك عمر، وێڕای دووبارە بەخێرهێنانو سوپاسێکی گەرمی جهودی (KPU+KNK)ی کرد بۆ ئەم پرۆسە ئاشتیەی کە بە هەنگاوێکی گرنگو باشو خێری ناوزەد کرد. دواتر هاتەسەر باسی ئەوەی کورد، دۆزەکەی، قەوارەی سیاسی هەرێمەکەمان، لە مەترسی لەناوچووندایە. ناحەزو دوژمنەکانمان، هەمیشە لە سەنگەرو لە دەرفەتێك دەگەڕێن، دەستکەوتەکانمان، لەباریبەن. باسی پارچەکانی دیکەی کوردستانی کردو ڕۆڵی حزبە ڕۆژهەڵاتیەکانی بەرز نرخاند. بەوەی ڕێز لە قەوارەی سیاسی هەرێم دەگرنو کێشەی بۆ نانێنەوە. خۆشیان بە حاکم نازانن، بەڵکو وەك میوان ڕەفتار دەکەنو پەلاماری یەکتریش نادەن. باسی (PKK) کرد، کە بەداخەوە دەست لە کاروباری ناوخۆی هەرێم وەردەدەن. ڕێز بۆ تایبەتمەندی ئەم هەرێمە دانانێن. بنکەو بارەگاکانیان لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستان جێگیر کردووە. ڕێز بۆ قەوارە سیاسیەکەو دامودەزگا شەرعیەکان دانانێن. خۆیان وەك حاکم مامەڵە دەکەن، کە ئەمە قبووڵ کراو نیە. هەروەهاش ئاماژەی بەوەکرد، کە هەڵسووکەوتیان دەبێت

بە بەهانە بۆ تورکیا، ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ قووڵایی خاکی کوردستانی باشوور بکات. سەروەری هەرێمەکە پێشێل بکرێت، وەك ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە چیای گارە کرا. هەروەهاش باسی پەیوەندیەکانی پارتیو یەکیەتی کردو گلەیی لێکردن لە نائاسایی بوونی پەیوەندیەکانیان. باسی لە ڕۆژئاوا کرد، کە ئەوەتا کورد گەیشتۆتە قۆناغێك، لە گفتوگۆ دەولیەکانی کۆبوونەوەکانی ئاستانەو سووچیو جنیف، وەك لایەنێکی پەیوەندیدارو بەشدارێکی کاریگەری لەناوبەری داعش بوونە، کەچی کورد بەشداری گفتوگۆکان ناکرێن وەك میللەتێك، کە مافی دیارکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت. لەمەر عەفرینو داگیرکاری تورکیاو ئەمریکیەکانو ڕووسەکانو سیاسەتیان لە ناوچەکە، گفتوگۆی لەسەرکرا. هەروەها باسی خراپی ڕەوشی کوردستانی باکووریشی کرد، کە کەسایەتی ئوردوگان، دژ بە میللەتەکەمانە. لەلایەکی ترەوە، داکۆکی کردەسەر ئەوەی کە جەنابی کاك مسعود، دەسەڵاتەکانی لایە. جگە لە حزبەکەی خۆی، هێزی پێشمەرگەی هەیە، سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو هەروەهاش لە پەرلەمانیش خاوەن هێزو دەسەڵاتن بە هەمان شێوە. بۆیە، چاومان لەوەیە ڕۆڵ ببینێ لە یەکڕیزیو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانو خاوکردنەوەی گرژی لایەنەکان. باسی لە ڕیفراندۆم کردو ووتی: بە مافێکی ڕەوامان زانیوە. هەمووومان لەگەڵ ئەنجامدانی بووین. باسی لە ئابووری سەربەخۆو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کرد، کە بۆ ئەم مەبەستە لەکاتی خۆیدا

ئەنجامـدرابوو. هـەروەها سـەبارەت بـە (PKK)، پێشـنیاری کـردو بەباشـی زانـی، هـەوڵێکی دیبلۆماسـی هەمەلایەنـەو چـڕ بـدرێت لەگـەڵ ئـەمریکاو ئەوروپا، بۆ دەرهێنانی ئەم حزبە لە لیستی تیرۆرو هەوڵدان بـۆ ئەنجامـدانی پرۆسـەیەکی ئاشـتیانە لەگـەڵ تورکیـا، بـۆ چارەسـەری کێشـەکانیان بـە دیالۆگ. باسی لەوەکرد، کە ئەمریکیەکان بە حکومەتی ئیتحـادیو تورکیـاو ئێرانیەکانیشیان ڕاگەیاندووە، کە نابێ کوردستان ببێتە گۆڕەپانی شەڕتان. بۆیە ووتی: پێویستە یەکگرتوو بین. با (PKK) دەرکەین لـە لیسـتی تـیرۆرو هەوڵ بدرێت بـۆ چارەسـەرێکی ئاشـتیانە لەگـەڵ تورکیـا. هـەروەها ئـەویش هاوشێوەی جەنابی کاك مسعود، هاتەوە سەرباسی گلەییـەکانی لـە (PKK)، کە نابێ خۆیان بـە حـاکم بـزانن، بـەڵکو پێویسـتە وەك میـوان هەڵسـوکەوت بکـەن. ووتـی: سوپاسـیان دەکرێـت لـە ئـازادکردنی شـنگالو ڕزگـارکردنی یەزیدیـەکان بەشـداربوونە. بـەڵام دواتـر پێویسـتە، ئـەوێ بـەجێبێڵنو نابـێ بەهانە بدرێتە تورکیا، ئۆپەراسیۆنەکانی لە خـاکی هەرێمـدا، ئـەنجام بـدات. هەروەها لە مەخموریش کە هاوکاری پێشمەرگە بوونە. لە شەڕی بەرگری لە کەرکوك، بەشداربوونە، جێگـای پێـزانینو سـوپاس کردنـە. بـەڵام ئـەوانیش دەبـێ هەسـتیاری بـارووددۆخی گشـتی هـەرێم ڕەچـاوبکەن. دانـانی بنکـەو بارەگایان لە شارباژێر، سورێن، بۆچی؟ ئەمانە گیروگرفت دروسـت دەکـەن. باسی لە شەڕی ڕاگەیاندنی لایەنە سەرەکیەکان کرد، کە گەیشتۆتە نـزمترین ئاستو جنێودان بە یەکتری، کە ئەمە (تشیر)ە. ووتی: پێویسـتە ڕاگەیانـدن

ڕابگیرێ. باسی ڕۆژئاوای کردەوە، هێزی ڕۆژ، (PYD)و (ENKS)، کێشەو پەیوەندیە ئاڵۆزیەکانیان لەگەڵ یەکتر.

دیدارێکی ئیجابیو پشتیوانی خۆیان دووپات کردەوە بۆ پرۆسە ئاشتیەکەو بە هەنگاوێکی باشو پیرۆزی ناوزەد کردو تەمەننای سەرکەوتنی بۆ ئەم کارە نەتەوەییە نیشتیمانیە، دەربڕی.

هەروەهاش لەکۆتاییدا، کاک عەدنان لە ووتەیەکیدا، باسی لە بەردەوامبوون لە گفتوگۆکان بۆ باسی چاکسازیو یەکگرتوویی بە پێویست زانی. هەروەها باسی ئەگەرەکانی سیاسەتی ئیدارەی بایدنو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا، دوای ڕاگرتنی مووشەکی (S400)ی ڕووسیو ئەگەری ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندیانە بەدوور نەزانی. هەروەهاش لەگەڵ ئێران بە هەمان شێوە، بۆ گێڕانەوەی بۆ ناو ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، ئەگەرێکی ترە، کە لە بەرژەوەندی ئێمەدا نابینرێت.

## میوانداریەتی بەڕێز فاڕوقی مەلا مستەفا لە شاندەکەمان

بۆ ئێوارەش لە ڕێگای کاک عدنان موفتی کە دۆستی بوو، بۆ ڕێزگرتن لە میوانەکانمان، کاک فاڕوقی مەلا مستەفا، لەسەر پێشنیاری خۆی بۆ ئەو بانگهێشتنە، لە هەمان هوتێلەکەی خۆیدا لە (Grand Millennium)، لە شاری جوان لە سلێمانی، میوانداری کردین. کاک فاڕوق، تێکۆشەرو ڕۆشنبیرێکی کۆمۆنیستو خاوەن مێژوویەك لە تێکۆشانی حزبایەتی، لە چوارچێوەی حزبی شیوعی عێراقدا، هەگبە پڕ لە سەرگوزەشتەی

جۆراوجـۆری، حزبـیو سیاسـی. پـاش ئـەوەی حزبەکـەیان ببـوون بـە دووبەشەوە، ئـەویان سـەرکردەیەکی دیـاری بـاڵی قیـادەی مەرکـەزی حـزب بـووە لەسـەردەمی شۆڕشـی ئـەیلولی مەزنـدا لـە هـەفتاکان. پیـاوێکی قسەخۆشو مەجلیس خۆشو دڵفراوان. پیاوێـك کـە بیرەوەریـەکانی پڕبـوون لە سەرگوزەشتەی، جۆراوجۆری تێکۆشانو خەباتی حزبایـەتیو چینایەتی. وەك خـۆی باسـی کـرد بۆمـان، پیاوێـك کـە بـە ڕەنجـی شـانی خـۆی پێگەیشـتووەو گەیشـتووە بـە ترۆپـك لـە خواسـتو ویسـتە مادییـەکانی. پیاوێکی خێرخوازو دڵکراوە وەك باسی دەکەن. بەڕاستی زۆر ڕێـزی گـرتین، بەتایبـەتیش ڕێـزی میوانـەکانمان، کـە سـەربەرزی کـردین بـە هەڵوێسـتە جوانەکەی بۆ میوانداری کردنمان. نیشانەی خانەدانیو نەجابەتی ئەو پیاوە تێکۆشەرە خاوەن مێـژووە دەنوێنـێ. تـا درەنگـانی شـەو بەیەکـەوەبووین. هەمیشە قسەی بۆدەکردینو سەرگوزەشتەی خۆشی دەگێڕایەوە. بۆ شەوی دواتـریش، شـەوی (2021/2/15)، بـە هـەمان شـێوە، پێـداگری کـردەوە لەسـەر میوانـداری کردنمـان بـە شـێوازێکی کوردەواریانـەو سـلێمانیانە. هەرچەندە کاك عەدنان داوای لێکرد کە پێویسـت بـە زەحمەتـدانی زیاترتـان ناکـات، بـەڵام پێـداگری کـردەوە. لـە دانیشـتنەکانمان لەلایـەن بـەڕیزیانو ئامادەبووانەوە، کۆمەڵێك سەرگوزەشتەو بـیرەوەری جۆراوجـۆری سیاسـی، کۆمەڵایەتی، قسەی خۆش، مەجلیسی، ئەو دوو شەوەیان گـەرم داهێنـابوو. بـۆ شـەوی دووەم بـرای بـەڕێزمان کـاك فریـاد ڕوانـدزیش بـە هـەمان شـێوە لەلایەن کاك فاڕوقەوە بانگهێشـتکرابوو. دانیشـتنێکی خـۆشو گـەرم. چـەند

کتێبێکی لە بیرەوەریەکانی خۆی بە زمانی عـەرەبیو کـوردی پێشـکەش بـە ئێمە کرد. سوپاس بۆ میوانداریو ڕێزەکەی کە لە ئێمەی ناو لەبیر ناکرێت.



## دیدار لەگەڵ هاوسەرۆكو مەکتەبی سیاسی یەکێتی

بـەیانی ڕۆژی دووشـەمە، ڕێکـەوتی (2021/2/15)، کاتـژمێر (11)ی پـێش نیوەڕۆ، لە هوتێل لالەزار لە سلێمانی، دیدارمان کـرد لەگـەڵ بـەڕێزان لاهـور شێخ جەنگی، هاوسەرۆکی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتانو رفعـت عبداللـە، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، ڕزگار علی، دکتۆر سۆران، ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـیو سـالار سـرحد، ئەنـدامی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتیو بـۆردی پەیوەندیـە کوردسـتانیەکان. بڕیـاربوو کـاك پـاڤڵ تالـەبانیش ئامـادە بێـت، ئـەمڕۆ بەداخـەوە دکتـۆر ڕۆژ نـوری شـاوەیس، ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردستان وەفـاتی کردبـوو، کـە پێمـانوابوو بـەڕێزیان بـۆ

پرسەکەی‌و ناشتنی چووەتە هەولێر، بەڵام دوای تەواوبوونی بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکەمان‌و هەواڵپرسینی، باس کرا کە باری تەندروستی باش نەبووە بۆ دیدارەکە. بەهەرحاڵ، لەلایەن کاک عدنان موفتی‌و هەموو ئەندامانی شاندەکە، دیدو بۆچوونی خۆمان، لەمەڕ ئەم پرۆسە ئاشتیەو هەنگاوە ئەنجامدراوەکان‌و هەڵسەنگاندنی باروودۆخی گشتی‌و مەترسیەکان‌و ئەگەرەکان‌و هەنگاوە پێویستەکان‌و داواکاری‌و خواستەکان لە هەڤالانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە پێداگریەوە لەلایەن شاندەکەمانەوە، بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر، ئاراستەی شاندی خانەخوێ کرا. هەروەهاش دیدو بۆچوونی بەڕێزان جەنابی کاک مسعودو کاک عمر سید علی لەمەڕ باروودۆخ بەگشتی‌و تێبینی‌و ڕەخنەو گلەیی‌و هەنگاوە پێویستەکان، گەیەندرا بە شاندی خانەخوێ، لەسەر لایەنەکان‌و وەزعی دەولی‌و ئیقلیمی. واتە باسێکی پوختەی هەمەلایەنی باروودۆخی سیاسی‌و ناوخۆیی‌و هەنووکەیی هەر چوار پارچەکەی کوردستان‌و جیهان کرا.

دواتر بەڕێز لاهور شێخ جەنگی، وێڕای دەستخۆشی لەم هەوڵە ئاشتیەو هیواخوازی سەرکەوتن بۆ جهودەکەمان، بەڵێنی پشتیوانی‌و هاوکاریکردنی یەکێتی دووپات کردەوە، بۆ هەر هەوڵێکی لەم جۆرە، کە بەرژەوەندی گشتی تێدابێت. دواتریش، ئەویش پوختەیەکی گشتی لەمەڕ باروودۆخی ئێستای ناوچەکەو هەڵوێستی دۆست‌و ناحەزەکانمان، خستەڕوو. باسی لە ڕیفراندۆم کرد، کە تورکیاو ئێرانی بەخەبەر هێنا، بۆ پیلان داڕشتن دژی هەرێمەکەمان. هەروەها ئاماژەی بەوەدا، کە کورد لە هاوکێشەی ململانێ

نێونەتەوەییەکانی بەینی ئەمریکا، ڕوسیا، چین، وولاٌتانی ئەورووپیو ئیقلیمی لە ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست، ئەکتەرێکی زۆر بچووكو بەگرنگ نازانرێ. بۆیە پێویستە ئێمە ئەو واقعە بزانین. پاشان ووتی: پێویستە ئێمە چی بکەین، بۆ ئەوەی متمانەی ئەمریکاو دۆستەکانمان، ئێرانو شیعەو سوننەی عێراق، بەدەست بێنین؟. دەبێ ئەکتەرێکی وورپاو لێزان بین، تا بتوانین ئەو هەموولایەنانە ڕازی بکەین، کە کارێکی قورسو ئاسان نیە. ئینجا ووتی: یەکێتی نیشتیمانی، باجی زۆری داوە لەسەر هەلوٚێستە پشتگیریەکانی لە ڕۆژئاوا. پاشان هاتە سەر ئەوەی ووتی: هەمووموان لە باشوور بەیەکەوە گرێدراوینو چارەنووسمان یەکە. خۆشیو تێکچوون بێت، هەمووموان بەیەکەوە دەگرێتەوە. ئێنجا هاتە سەر باسی عێراقو دەستوورەکەیو پەیوەندی بەهێزی کورد لەگەلٌ حکومەتی فیدرالٌی ناوەندی، بە گرنگ زانیو دوورکەوتنەوە لێی، وەك ئەو پێناسەی کرد، وەك ئەوە وایە گورگ بمانخوات، چونکە دەستوورەکە پارێزگاریمان دەکات. دواتر هاتە سەر باسکردنی جەنابی کاك مسعودو بە براگەورەی هەمووموان پێناسەی کردو ووتی: چاومان لەوەبووە، دوای جەنابی مام جەلالی خوالێخۆشبوو، فەراغی ئەو، بەڕێزیان پڕی بکاتەوەو براگەورەی هەمووموان بێتو بێتە سلێمانی، کە پیشوازی گەرمی لێدەکرا. هەروەها باسی لەوەش کرد، کە چەندین هەولٌدراوە، بۆ ئەوەی دیداری راستەوخۆمان هەبێت. کاك پاڤلٌ چەند جارێك چووەتە لای بەڕێزیان، بەلاٌم مەودای دیدارەکەی نەڕەخساندووە. هەروەها ووتیشی: ئەزموون پێمان دەلٌێ: یەك نەبین، هەموو شت لەدەست دەدەین.

ئینجا هاتەسەر باسی (PKK)و لایەنەکانی تری پارچەکانی کوردستانو ووتی: پێویستە هەموومان ئەو ئەزموونەی باشوور بپارێزین. وەك دەستکەوتێکی نەتەوەیی، نیشتیمانی، سەیری بکەین کە هی هەموومانە. هەروەها ڕەخنەو گلەیی هەبوو لە (PKK)، بەوەی دەستوەردان دەکەن، بنکەو بارەگاکانیان دێننە قوڵایی هەرێم، ڕێز بۆ قەوارەی سیاسیو ئیداری هەرێم دانانێن، ئەمەش کێشەو گرفتی زۆری بۆ دروست کردووین. ووتیشی: بڕیاری کۆنگرەی (4)مانە کە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەموولایەنەکان بەتایبەتیش لەگەڵ جەنابی کاك مسعودو پارتی، ئاسایی بکرێتەوە. زۆر بە گرنگی دەبینین، کە پەیوەندیەکانمان نەك هەر نەپچڕێ، بەڵکو پێویستە زۆر بەهێز بکرێت. بەڵام جەنابی کاك مسعود نایەوێ ئێمە ببینێ. بە دیدی ئێمە، سیاسەت وا ناکرێ. کۆنگرەی حزبەکەمان ئێمەی هەڵبژاردووەو لە گۆڕەپانەکەداین کە پێویستە مامەڵەمان وەك خۆمان لەگەڵدا بکرێت. ووتیشی: نە ئێمە، نە گۆڕان، ئاگاداری ڕێککەوتنی شنگال نین لەگەڵ حکومەتی عێراق. هەموو جومگەکانی حکومڕانیو دەسەڵاتەکانی هەرێم، تەنانەت پەرلەمانیش، بە هەمان شێوە، هەمووی بەدەست پارتیە. پێویستە پەیوەندیەکانمان بەهێز بێت لەگەڵ جەنابی کاك مسعود، لەگەڵ پارتی. پێویستە دیداری ڕاستەخۆمان هەبێت، بۆ باسکردنی پرسە نەتەوەییو نیشتیمانیو پەیوەندیە دووقۆڵیو کوردستانیەکان.

ئینجا کاك رفعت عبدالله، بە نۆرەی خۆی هاتەسەر باسی ڕێککەوتنەکانی پارتیو یەکێتیو پیادەکردنیانی بە گرنگ زانی بۆ چارەسەری کێشەو

گرژیـەکانو ئاسـایی بوونـەوەی پەیوەندیـەکان. دواتـر لـە باسـی (PKK)دا، ڕەخنەو گلەییەکانی خۆی ئاراستە کردنو ووتیشی: ئەوان بوونـە بـە بەهانـە بـۆ تورکیـا بـۆ ئەنجامـدانی ئۆپەراسـیۆنی هـەوایی‌و زەمینـی لەسـەر خـاکی کوردستانو گەورەترین کێشەن لەو سنوورانە. نـاکرێ یـەکتر نەخوێنینـەوە. پێویســـتە هــــەموومان ڕێـــز بـــۆ یـــەکترو پــــارێزەری دەســـتکەوتو بەرژەوەندیـەکانمان بـین. باسـی حکومـەتی عێراقـی کـردو ووتـی: عێـراق حاڵـەتێکی دروسـت کـردووە، کـە بووەتـە هۆکـاری سـاردی بـەینی پـارتی‌و یەکێتی‌و کێشەمان بۆ دروست دەکـات. پەیوەندیـەکانی هـەردوولامان ئـاڵۆز دەکات. ئینجا هاتەسەرباسی جەنابی کاك مسعودو ووتـی: هـەموو شـتەکان دەگەڕێتەوە بۆلای کاك مسعودو پێویستە ئەو ڕۆڵێکـی تـر ببینـێو وەك بـرا گەورەیـەك مامەڵـە لەگـەڵ هەمولایەکـدا بکـات. ئینجـا ووتـی: یـەکێتی لـە هەموولایـەك گـەمارۆدراوە. بۆیـە، یـەکێتی ناچـارەو پێویسـتە کاردانـەوەی هـەبێت. بارووDۆخەکـە هەسـتیارو مەترسـیدارەو پێویسـتە هـەمووومان دان بەوەدابنێین. هەروەها ووتیشـی: (16)ی ئۆکتۆبـەر لەبـەر خـاتری میللـەتو پاراستنی کەرکوك کردوومانەو ناچاربووین ئەوە بکەین.

ئێنجا بەڕێز ڕزگار عەلی بە نۆرەی خۆی ووتـی: هـەمووومان لەیـەك تـرازاوینو یەکگرتوویی بوونی نیە. باسی لە کۆبوونەوەکەی دوو مانگ لەمەوبـەری کـرد کــە لــە ســەرۆکایەتی هـــەرێم ئەنجامــدرابوو. بڕیــاربووە هەموولایەنــەکان بەشداربن بۆ باسێکی گشتی بارووDۆخو پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغدا. کەچـی کۆمەڵو یەکگرتووی ئیسلامی بـەڕێزان (ماموسـتا علـی بـاپیرو صـلاح الـدین

بهاءالدين) نەهاتوونە بۆ کۆبوونەوەکەو (خۆیان چوون بۆ بەغدا بە تەنیا).
هەروەهاش، داکۆکی کردەوەسەر ئەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی هەرێم لەلای کاك مسعودو پارتیە. ئاماژەی بەوەدا، کە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی ئەم دوولایەنە، زۆر گرنگو پێویستە. ووتیشی: بەڕێزان (کاك مسعودو کاك نێچیروانو کاك مەسرور)، لەلایەن کاك پاڤڵ، شەش جار سەردانیان کراوە. بەڵام دەرگای گفتوگۆ نەکراوەتەوە. باسی لە ڕێککەوتنی سێ قۆڵی کرد (پارتیو یەکیەتیو گۆڕان) وە بە پێویستی زانی کارنامە هاوبەشەکە پیادە بکرێو کێشەکان چارەسەر دەبن. ئینجا ووتیشی: (PKK) حزبێکی شۆڕشگێڕن، کەس لاری لەوەنیە، بەڵام مەغرورن. ئەو پێناسەیە واتە شۆڕشگێڕی تەنها ڕەوای خۆیان دەبینن. دەستوەردان دەکەنو ڕێز بۆ قەوارەی سیاسیو ئیداری هەرێم دانانێن. تەڤگەر بۆ لە هەرێم چالاکی بنوێنێ؟ سجنی (PKK) بۆ لە چیای گارە دادەنێو بەهانە بە تورکیا دەدات ئۆپەراسیۆن بکات؟. کاریان چیە لە کەلار، خۆرنەوەزەو بنکەو بارەگا دابنێن؟. باکووری کوردستان، گۆڕەپانی خەباتی ئەوانە نەك باشوور. ئەوان ئێستا هیچ مەترسیو هەڕەشە نین بۆ تورکیاو باکووریان بەجێهێشتووە، گە گۆڕەپانی خەباتو تێکۆشانیانە.
لە کۆتاییشدا کاك ڕزگار ووتی: باروودۆخ، زۆر هەستیارو مەترسیدارە. پێویستی بە یەکڕیزیو تەبایيو یەك سەنگەری سەرجەم لایەنەکان هەیە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی نەتەوەییو نیشتیمانی. پاشان د.سۆران، داکۆکی کردەسەر ڕێککەوتنەکانی پارتیو یەکێتیو گرنگی پیادەکرنیان. وەك خۆی

ووتی: تا ئێستا (13) ڕێککەوتن کراون. هەروەها باسی لەدوا ڕێککەوتن کردو ووتی: دوو ساڵی ڕۆیشتووەو ساڵێکی ماوە. ئەویش وەك هاوڕێکانی، داکۆکی کردەسەر براگەورەیی کاك مسعودو یەکڕیزیو دەستپێشخەریەکانی یەکێتی. ئاماژەی بە سەردانەکانی کاك پاڤڵ تاڵەبانی کردەوە کە سەردانی بەرپرسە باڵاکانی پارتی کردووە بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیە دووقۆڵیەکانی هەردوو حزب.

کاك عەدنان لە ووتەیەکدا جارێکی تریش داکۆکی کردەوەسەر پرۆسەی ئاشتیو تەباییو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان. ئاماژەی بەوەدا، کە ئێوەش پێویستە وەك خوالێخۆشبوو مام جەلال بکەن. لە ساڵی (2002)دا، مام جەلال چوو بۆ ئەمریکاو لەوێشەوە هاتەوە بۆ ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا. ئەوکاتە جەنابی کاك مسعودو پارتی زۆر توند بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە ئاشتیو ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکان. خوالێخۆشبوو مام جلال، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی، دکتۆر بەرهەم صاڵحی ڕاسپاردبوو، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسیو پێشنیاری کردبوو، کە ئەو دەیەوێت بە مەسیف سەلاحەددیندا بێتەوە کوردستانو سەردانی جەنابی کاك مسعود بکات. ڕەئی مەکتەبی سیاسی چیە؟.

دیارە وەك کاك عەدنان باسی کرد: زۆرینە لەگەڵ ئەوەدا نەبوونەو دکتۆر بەرهەمیش، ئەو پەیامەی گەیاندۆتەوە مام جەلال. بەڕێزیشیان لەوەلامدا پرسیاری ئەوەی کردووە لە دکتۆر بەرهەم، ئاخۆ خەڵكو میللەت چی دەڵێتو ڕەئیان چیە؟. ئەویش ووتوویەتی: بێگومان، خەڵك ئاشتیو

تــەبایی‌و برایــەتی‌و یــەکڕیزی‌و ئــارامی دەوێــت‌و دژی شــەڕو گرژییــە.
خوالێخۆشبوو مام جەلالیش لەوەڵامدا دەڵێت: کەواتە مـن بـە قسـەی خـەڵك دەکەم‌و سەردانی کاك مسعود دەکەم. هەواڵ دەداتـە کـاك مسـعودو هـەموو سـەرکردایەتی پـارتی تـا ئـاکرێ چـوون بـە پێشـوازیەوە. بـارووەدۆخ ووردە ووردە ئارام بووەوەو پەیوەندیەکان هـەنگاو بـە هـەنگاو، ئاسـایی بوونـەوە.
بۆیە پێویستە، ئێوەش سـوود لـە ئـەزموون‌و کاریگـەری هەڵوێسـت‌و بڕیـارو کەسایەتی ئەو خوالێخۆشبووە وەربگرن.
ئێمەیش وێڕای کاك عەدنان، هەریەك لە ئەندامانی شاند بـە نۆبـەی خۆمـان، دیـدو بۆچـوونەکانی خۆمـان دووپـات کـردەوە لەسـەر پرۆسـەکەو گرنگـی هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی، پەیوەندیەکان.
دوای نـانخواردنی نیـوەڕۆ، کۆبوونـەوەی دووەممـان دەسـتی پێکـرد. لـەم کۆبوونەوەیـەدا، شـاندەکەمان ئـەم خاڵانـەی دووپـات کـردەوە: پـارتی‌و یەکێتی‌و گۆڕان هەرسێکیان کۆك بوون لەسەر گلەیی‌و ڕەخنـەکانیان لەسـەر (PKK). شەڕی ناوخۆ تەحریم کـراوەو شـەڕیان نـاکرێ‌و ئـەوانیش پێویسـتە مراعاتی هەسـتیاری بـارووەدۆخی هـەرێمی کوردسـتان بکـەن. پێویسـتە ئـەم سـتراتیژە بچەسـپێ، وانـەبێ، مەترسـی لەدەسـتدانی دەسـتکەوتەکان، هەمیشە لە ئارادایە. هەروەها دەبـێ‌و پێویسـتە، پـارتی‌و یەکیـەتی قۆنـاغی (16)ی ئۆکتۆبەری (2017)، وەك قۆناغـەکانی تـری خـەباتی ڕزگـاریخوازی میللەتەکەمان (66–75–96) وەلابنێن. پێویستە لەسەر کەرکوك مسـاوەمە نەکەین‌و هەموومان کۆك بـین لەسـەری. ئـەوەتا عـەرەب‌و تورکمـان یـەکیان

گرتووه دژ به كورد لەسەر كەركوكو ماددەی (140)ی دەستوور. پێویستە زمانی زبری ڕاگەیاندن بوەستێندرێو لە خزمەتی ئاشتیو یەكڕیزی دابێت. پێویستە لە بەغدا هەڵوێستمان یەك بێت لەكاتێكدا سەرۆكی شاندی هەرێم كاك قوبادە، پێویستە هەموومان پشتیوانی بین. نرخی نەوت بەرزبۆتەوەو كوردیش دەتوانێ هەڵوێستی توندترو بێمنەت بێت. پەرلەمانتارەكان ساردبوونەتەوە، ئەوەتا هەندێ لە شیعەكان ڕایدەگەیەنن‌و دەڵێن: تەحالفی شیعی، كوردی، نەماوە. بۆیە پێویستە پەیوەندی پارتی‌و یەكیەتی ئاسایی بكرێتەوە. لە كۆتاییدا ووتی: ووتەكانی هەمووتان، جەنابی كاك مسعود، ئێوەو بزووتنەوەی گۆڕان، دەگەیەندرێتە هەڤاڵانی (PKK).

لە كۆتاییشدا بەڕێز شێخ لاهور ووتی: پیادەكردنی ڕێككەوتنەكانی ئێمەو پارتی، زۆربەی كێشەكان چارەسەر دەكات. پێویستە ئێمە یەك بین لەسەر بابەتەكانی (داهات، نەوت، چاكسازی، شەفافیەت، لامەركەزی، مەسەلە ستراتیژیەكان‌و ......... هتد).

منیش لە دوا ووتەدا ووتم: گەورەییە بۆ ئەو كەسەی گەر دەرگای لەسەر دابخرێ، لە پێناو بەرژەوەندی میللەتەكەی، بەرژەوەندی گشتی، لە پەنجەرەوە بچێتە ژوورەوەو كۆڵ نەدات تا بە ئامانج دەگات. دواتریش ووتم: هەموو كارێكی گەورە پێویستی بە ئەنجامدانی هەنگاو بە هەنگاوە بۆ سەركەوتن بۆ دوندی خواستەكان.

## مووشەکبارانی هەولێر

بەداخــەوە، ئەوکاتــەی لــە ســلێمانی بــووین، شــەوی دووشــەممە ڕێکــەوتی (2021/2/15)، لەلایــەن گرووپــەکانی حەشــدی شــەعبی، بــە مووشــەکی ئێرانی، چەندین مووشەك ئاراستەی شاری هەولێر کران. بەداخەوە شـەهیدو بریندارییشی لێکەوتەوە. کاردانەوەی دەوڵی‌و ناوخۆیی بەدواخۆیدا هێنا.

## دیدار لەگەڵ نوێنەرانی هاوسەرۆکانی (KCK)

کاتــژمێر (10)ی بــەیانی ڕۆژی هــەینی، ڕێکــەوتی (2021/2/26)، لــە سلێمانی، شاندێکمان کە پێکهاتبووین لـە بـەڕێزان (عـدنان مـوفتی، د.عـبیر حصّـاف، کـاردۆ محمـد پـیرداود، عبـدالرحمن علـی کـوردە)، دیـدارمان کـرد لەگــەڵ دوو کەســایەتی لــە (PKK) بــەناوەکانی بــەڕێزان (خالـد سـلێمان‌و سیروان زاگروس)، کە وەك شاندی فەرمی هاوسەرۆکانی (KCK) هاتبوون.

سەرەتا بەڕێز عدنان موفتی، باسێکی گشتی ئەم پرۆسە ئاشتیەی بۆ کردن، کـە بـە مەبەسـتی دیـالۆگ‌و چارەسـەری کێشـەو نـاکۆکی‌و گیروگرفتـەکانی نێـوان لایەنـەکان، هـەنگاوی بـۆ هاوێشـتراوە، وەك هـەوڵێك بـۆ یـەکڕیزی‌و تــەبایی‌و ڕێکخســتنی ناومــاڵی کــورد. پاشــان هاتەســەر هێــزی تورکیــاو ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو دەوڵەتە لەسـەر خـاکی هـەرێم، بـە مەبەسـتی هێـرش کردنەسەر گەریلاکانی (PKK)، کە بەداخەوە، هەندێ جـار، شـەڕی گـەریلاو پێشـمەرگەش دروسـت دەبێـت، وەك ئـەوەی چـەند مـانگ لەمەوبـەر، لـە ناوچەی ئامێدی، لـە پارێزگـای دهـۆك، ڕوویـدا. دوایـی هاتەسـەر گەیانـدنی

گلەیی لایەنەکان (کاك مسعود، یەکێتی، بزووتنەوەی گۆڕان) لە (PKK)، کە لە دیدارەکانمان لەگەڵیاندا، ڕایانسپاردبووین بۆ گەیاندنی. کە بریتی بوون لە، ڕێز لە هەرێم ناگرن، گومرگ دادەنێن، ڕێز بۆ دامودەزگاکانی حکومیو شەرعی دانانێن. بنکەو بارەگا لە قولایی هەرێمو لە شارو شارۆچکەکان دادەنێن. ڕێز لە تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستان ناگرن. باسی بارەگاکەی بێخمە کرا کە لەسەر ڕێگای هاتووچۆی جەنابی کاك مسعود دانرابوو. باس لە دەستێوەردانەکان کرا لە کاروباری هەرێم. کێشە نانەوە بۆ گوندە سنووریەکان. بەراورد کرا لە بەینی ئەوانو حزبە کوردستانیە ڕۆژهەلاتیەکان، کە ئەوان بە پێچەوانەوە، هەڵوێستەکانیان، ڕێزگرتنو وەك میوانێکی پشتیوان، ڕەفتار دەکەنو کێشەو گرفت بۆ هەرێم دروست ناکەن، کە بارودۆخی هەستیارەو دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی وەك (تورکیاو ئێران)، بە بێشك، زۆر هەستیارن پێیەوە. باسی شنگالی بۆکردن، کە داوادەکرێت چۆل بکرێت، بۆ ئەوەی بەهانە نەدرێت بە ئۆپەراسیۆنی تورکیا لەژێر چرای سەوزی ئەمریکاو عێراق. باسی پەیوەندیەکانی ئەوان کرا لەگەڵ حەشدی شەعبی کە بارودۆخەکەی ئالۆزتر کردووە. باسی لەوەکرد کە هەموومان هاوکارنەبین، هەموومان زیان دەکەین، جگە لە ناحەزو دوژمنەکانمان. باسی لەوە بۆکردن کە کەس پشتگیری تورکیا ناکات، بەلام ئێوەن بەهانە دەدەنە تورکیا، سەروەری خاکی هەرێم پێشێل بکاتو ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدات. بۆیە دەبێ (PKK)ش هاوکاربێتو پابەندی ڕێککەوتنەکانو بەرژەوەندی

هەرێم ڕەچاو بکات. ئەمانە هەمووی، گلەیی و ڕەخنەی لایەنەکان بوون لە (PKK)و بە ئەمانەتەوە گەیەندرانە شاندی میوان.

ئینجا، ئەندامانی شاندی دانوستاندنکار، هەریەك بە نۆرەی خۆی، وێڕای داکۆکی کردنەسەر پرۆسەکەو ووتەکانی سەرۆکی شاند، گلەییەکانی لایەنەکان لەسەریان و پێویستی چارەسەری ئەم ناکۆکی و ئاریشانە بە دیالۆگ، بەشێکی تری دانیشتنەکەی، بەخۆوە گرتبوو. بەتایبەتیش باس لەوەکرا کە پێویستەو هەوڵ بدرێت لەگەڵ حکومەتە ئیقلیمیەکانیش، دیالۆگو دانوستاندن بکرێت بۆ چارەسەری ناکۆکی و ئاریشەکان. بۆ باسی کێشەی کورد لەگەڵ عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران. هەروەها داکۆکی کرایەوەسەر ئەوەی، پێویستە ڕێز لە هەرێم و دامودەزگا حکومی و شەرعیەکانی، بگیرێ و کێشەی بۆ دروست نەکرێت. لاپەڕەی تازەی پەیوەندیەکان بکرێتەوە. باسی ڕۆڵی جەنابی کاك مسعود بارزانی کرا لە چارەسەری کێشەو گرفت و ناکۆکیەکان. ئینجا لەلایەن بەندە، پێشنیارەکەی بەڕێز کاك عمر سید عەلی، ئاماژەی بۆکرا، کە لایەنەکان هەوڵێکی گشتگیری هەمەلایەنەی دەولی بدەن، (PKK) لە لیستی تیرۆر دەربکرێ و لە پرۆسەیەکی ئاشتیانەدا لەگەڵ حکومەتی تورکیا، هەوڵی چارەسەری کێشەی کورد بکرێت. بارووددۆخی ئیقلیمی و سیاسەتی نێونەتەوەیی، بابەتێکی تری دانیشتنەکەمان بوون. باسی چەند نموونەیەکیش کرا لەوانەی کە جەنابی کاك مسعود باسی لێوەکردن لەسەر ڕێگەگرتن لە ڕوونەدانی شەڕی گەریلاو پێشمەرگە. ئاماژە بەوەکرا کە

بــەڕێزیان ڕایگەیانــدووە، پێشــمەرگە شــەڕی گــەریلا ناکــات لــە هــیچ ئۆپەراسیۆنێکی تورکیا بەشدار نابێت، بەڵام گەر شەڕ ڕوویدات، ڕێگـەگرتنی لـە دەسـت ئێمـەدا نیـە. بـاس لـەوەکرا کـە سیاسـەتی دەوڵیو پشـتگیری کردنمــان، دەوەستێتەســەر ئــەوەی، خۆمــان چــەندە چارەســەر بــۆ ناکۆکیـەکانمان دادەنـێین. کـاك کـاردۆش بەهـەمان شـێوە، دیـدو بۆچـوونە نەتەوەییەکانی خۆیو بەرژەوەندیەکانی ئەم پرۆسەیەی، ئاماژەپێکرد.

ئینجا، نوێنەرانی هاوسەرۆکانی (PKK)، بەڕێز خالد سلێمان، ووتیان: لەبـەر باروودۆخی ئەمنی، نەمانتوانی لـە چـیا پێشـوازیتان لێبکـەین کـە بـۆ ئـەوە خۆشحاڵ دەبووین. پشتگیریو خۆشحاڵی خۆیان، بـۆ ئـەو هەوڵـە ئاشـتیانە دەربـڕیو بـە بـەرزی نرخانـدنیان بـۆ کـرد. ووتیـان: گلەییـەکانی یـەکێتیو گــۆڕان، لەسەرچــاوانو لەســەری ڕادەوەســتین. پەیوەندیــەکانمان باشــە لەگەڵیان. ووتیان: ڕاستی گرنگەو پێویستە دوورنەکەوینــەوە لێـی. دوژمنـی گەلی کورد، نایانەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بەو سیاسـەتەی ئێسـتا لەسەری دەڕۆنو بەردەوام دەبن لەسەری.

سەبارەت بە باشوور ووتیـان: ئێمـە ڕامـان گەیانـدووە، ڕێـز لـە دامودەزگـاو ســازیەکانی باشــوور دەگــرین. هــەڤاڵ جومعــە لەســەر ڕاگەیانــدن ئــەوەی ووتــووە. دەســتکەوتەکانی باشــوور، بــەهی خۆمــان دەزانــینو پشــتگیری دەکەین. (PKK) لەسەر داخوازی کـاك مسـعودو یـەکێتی، بەشـداری شـەڕی داعشی کردووە لە کەرکوك، مەخموور، هەولێر، شنگاڵ. کـاك مسـعود خـۆی سوپاسی گەریلاکانی کرد لـە مـەخموور. گـەریلا، دوا هێزبـوون لـە کـەرکوك

کشانەوە، بۆ دیفاع کردن لە کوردستان، کاتێ هێزی عێراقی هێرشی هێنا. (PKK)، قصور ناکاتو هەمیشە ئامادەیە بۆ بەرگری کردن لە کوردستان. باسی ڕیفراندۆم کراو ووتیان: بەباشمان نەدەزانیو بەڵکو بە هەڵە، بەلاّم دژایەتیمان نەکردووە. حەرەکەتی ئاپۆچی، ڕێز لە هەرێم دەگرێو ئامادەشین بۆ پشتگیری. دوایە، هاتەسەر ئەوەی، ووتی: ئێمە دژی تورکیا شەڕدەکەینو ئەوان دەیانەوێ بە برسیەتی قڕمان بکەنو بمانکوژن. ئێمە هێزێکی فیدائینەو شەڕ دەکەین. ئەوەتا، لە گارە تورکیامان شکاند. پاشان ڕەخنەی توندی ئاراستەی پارتیو پێشمەرگەکانی کردو وەك خۆی دەیووت: بە هاوکاری تورکیاو ئۆپەراسیۆنەکانی ئەوانی، پێناسە دەکرد. دەیووت: زانیاری ئیستیخباراتی دەدەن بە سوپای تورکیا. ئاماژەی بە بەڵگەو کەسە دەستگیرکراوەکان دەکرد کە گوایا جاسوسی بۆ تورکیا دەکەن. داوایان دەکرد ئەو پەیوەندیە ئیستیخباراتیە، پێویستە لە بەینی پارتیو تورکیا، بپچڕێ. دەیانووت: (PKK)، هەمیشە پشتیوانی یەکێتی نەتەوەیی کوردین لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان. دوژمن، دەیەوێ کورد شەڕ لەگەڵ یەکدی بکات، شەڕی ناوخۆییو وەپاش کەوتن. باسی زینی وەرتێو گرژیەکانی ئەوێی کرد کە ڕوویانداو وەك ووتیان: سێ هەڤاڵیان شەهید بوونە. گوایا یەکیەتیو گۆڕان، ئاگادارنەبوونە. باسی لەوەکرد کە ڕێککەوتن دەبێ بە ئاشکرا بێت. باسی لە نووسینی چەندین نامە دەکرد کە بۆ کاك مسعودو پارتی ناردراونو بەبێ وەلاّم، ماونەتەوە. ڕەتی دەکردەوە کە خەڵك دەگرن بەبێ گوناح. ئەوانەشی کە دەیانگرن، بە سیخوڕی

ناودەبردن. باسی لەوەکرد کە ئێمە لە وڵاتی خۆمانین‌و لەسەر خاکی خۆمانین‌و چڵ ساڵە خەبات دەکەین تیایدا. ووتی: پارتی بە داگیرکەرمان ناودەبا. باسی لە لێدوانەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و تیروریست بوون دەکرد. پارتی دەڵێ: (PKK) چول بکات، بچێتە کوێ؟. پارتی، بەشداری پیلانەکانی ئەمریکی، تورکیەیە دژی ئێمە. پارتی نابێ بەتەنها بڕیار بدات؟ ئێمە باشووری کوردستان بەجێناهێڵین، خەبات دەکەین. باسی کۆنگرەی نەتەوەیی کرد کە ئەوان دروستیان کردووە وەك مینبەرێکی نەتەوەیی. بۆ هەموومان سیاسەت ڕەوایە لە هەر چوار پارچەی کوردستان. لە باشوور دەرفەت بە ئێمە نادرێ. لە کۆتاییدا. داوایان دەکرد هێزەکان هەریەك بکشێتەوە شوێنی خۆی. (HPG) لە گارەیە. پارتی بکشێتەوە لە گارە. گلەییان دەکرد لەو دەستەواژانە (میوان، داگیرکەر، دەرکەوتن)، بەلایانەوە قبوڵ ناکرێن. (PKK) لیرەیە، تورکیا هێرش دەکات. ووتیان: پشتگیری دیالۆگ‌و دانوستاندن دەکەین. پشتگیری دەزگایەکی نەتەوەیی دەکەین. ئینجا هەڤاڵ سیروان زاگرۆس هاتە ئاخاوتن‌و ووتی: شەڕ تەنها لە قازانجی ئۆردوگانەو بەس. بەرخودانی (PKK) بۆ کوردە. لەگەڵ سوپای تورکیا، عەرەب هەیە دژی ئێمە شەڕ دەکات. سەرۆك ئاپۆ، لەکاتی خۆیدا لە پرۆسە ئاشتیەکە، (20) دەقیقە لە ئیمرالیەوە قسەی بۆ ئاشتی‌و شەڕ نەبوون کردووە. لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی ڕێککەوتنی (1983) واژووکراوە. ووتیشی: هەمیشەش چاوەڕوان بووینە کاك مسعود، داخوازی بەربوونی ئازادکردنی ئاپۆ بکات کەچی پشتگیری

نەکردووە. (PKK) لە شنگال دژی کورد شـەڕی نـەکردووە، بـەڵکو (5000) ژنی یەزیدیەکانی ئازاد کـردووەو پاراسـتونیەتی. سیاسـەتی پـارتی وایکـرد، شنگال بکەوێتە دەست عەرەب. باسی لە ڕێککەوتنی هەرێمو بەغدا کـرد لـە شنگالو ڕۆیشتنی (PKK)و ئەوانەی لە (PKK) نـزیکن؟ (YPJ) لـە شـنگالە. (PKK) لەوێ نـەماوە. شـنگال خۆسـەریەو خۆیـان ئیـدارەی بکـەن. ئەمانـە پوختەی ووتەکانی ئەوان بوون کە بە درێژی باسی لێوە دەکردن.

لە کۆتاییدا، کاك عدنان ووتی: پێویستە واقع قبول بکـەین. هـەموو شـنگال، بۆ شنگالیەکان بەجێبێڵین. پێشمەرگەش لەوێ نابن وەك کاك مسعود ووتـی. خەباتی ئێوە لە تورکیایەو کوردسـتانی بـاکوور. لـە قەنـدیل پێویسـتە وەك میوان بـن. وەك نموونـە، باسـی لـە پشـتگیری‌و یارمەتیـەکانی، هەشـتاکانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی، بۆ ڕۆژهەڵاتو حزبی دیموکرات کرد کە ئەوکات، دژی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، وەك میـوان، مامەڵـەیان کـردووە نـەك وەك داگیرکـەرو مانـەوە. ئینجـا هاتەسـەر باسـی ئۆپەراسـیۆنی گـارەو شـکانی سوپای تورکیاو ووتی: با شنگال لەدەست نەدەین. تورکیا، ئەگـەری هەیـە، ئۆپەراسـیۆن بکـات. باسـی سیاسـەتی دەوڵەتی دەوڵی‌و بـەرزی‌و نزمیـەکانی ئـەو سیاسەتەی بۆکردن. ووتی: کورد دەبێ خۆی ڕێکبخاتـەوە. ئـەمریکا هێـزە، بەڵام لەجیاتی ئێمە بڕیار نادات. دەبێ خۆمـان خـاوەن بڕیـاری نەتـەوەیی‌و نیشتیمانی بین بۆ ئەوەی دۆستەکانیشمان پشتیوانمان بن.

## ڕەشنووسی نووسراوێك بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی

دوای ئەنجامدانی دیدارەکانمان، شاندی دانوستاندنکار، دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (2021/2/16)، گەڕاینەوە هەولێر. دوای گفتوگۆی شاندەکەمان لەگەڵ یەکترو ئاڵوگۆڕی بیروڕا، بڕیاردرا، نووسراوێك ئاراستەی جەنابی کاك مسعود بارزانی بکرێتو تیایدا پوختەیەك لە دیدارەکانو دیدو بۆچوونی لایەنەکانو خۆشمان وەك شاند، تیایدا ئاماژەی بۆ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، ڕەشنووسێك ئامادەکرا. دواتر ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی (2021/2/18)، کۆبوونەوەیەك لە بارەگای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەگەڵ دەستەی باڵا ئەنجامدرا، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ڕەشنووسی نووسراوەکە بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی، کە پوختەی دیدگاو بۆچوونەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەخۆ دەگرت، کە دیداریان لەگەڵدا ئەنجامدرابوو، لەم هەفتەیەی ڕابردوودا.





## دیدارێکی زوومی کۆمیتەی گشتی

شاندەکەمان، بۆ پێدانی ڕاپۆرتێك لەسەر چالاکیە ئەنجامدراوەکانو ئاکامەکانی، دوای پەیوەندی کردن بە برادەرانی برۆکسلو زۆرێك لە ئەندامانی کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی، بڕیاردرا لە کاتژمێر (8)ی ئێوارە بە کاتی باشوور، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (2021/2/18)، دیدارێکی تۆڕی زووم بە ئۆنلاین بڕیاری لەسەردرا. شاندەکەمان، هەر پێنجمان لە هوتێل دیڤان لە هەولێر کۆبووینەوە کە بریتی بووین لە بەڕێزان (عەدنان موفتی، عوسمان بایدەمیر، د.عبیر حصّاف، کاردۆ محمد پیرداودو عبدالرحمن علی کوردە). لە کاتی دەست نیشانکراو، کۆبوونەوە لە تۆڕی زووم دەستی پێکرد. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بووین لە بەڕێزان

(زوبیر ئایدار، د.صباح غالب، د.جبار قادر، خاتوو کوێستان داودی، دکتۆرە زەینەب بێنێجی، د.سعید شمس، د.زەردەشت حاجۆ، رەفیق غفور، هێمن سەیدی، عزیز ماملێ، ڕامان مجید). سەرەتا کاك عەدنان موفتی، سەرۆکی شاندەکەمان، پوختەیەکی لەسەر دیدارەکانو ئاکامەکانیو دیدو بۆچوونەکانی لایەنەکانو شاندەکەمان، ئاگاداری کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی کرد کە لە بریتانیاو وولاتانی ئەوروپیو هەروەهاش لە کوردستان بوون. هەروەهاش ئەندامانی شاند، بە هەمان شێوە، ئەوەندی پێویست بووبێت، دیدو بۆچوونەکانی خۆیان بۆ کۆبوونەوەکە دەربڕی. دواتر گوێ گیرا لە ئەندامانی تری کۆمیتەی دیالۆگ بۆ بیرورایان لەسەر دیدارەکانو پێشنیارو پرسیارو بۆچوونەکانیان بۆ هەنگاوی داهاتوو، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختەکراوە. پێشنیارەکەی بەڕێز عومەری سید علی، زۆر پشتیوانی لێکرا کە لە پرۆسەیەکی دبلۆماسی گشتگیردا، حکومەتو لایەنە کاریگەرەکان، لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپا هەوڵ بدەن بۆ دەرکردنی ناوی (PKK)، لە لیستی تیرۆرو دەستپێکردنی پرۆسەیەکی ئاشتیانە، لەگەڵ تورکیا. هەروەها پێشنیارکرا لەگەڵ ئەمەشدا، هەوڵدان بۆ ئازادکردنی بەڕێز عبداللّٰه ئۆجەلان، بۆ هەنگاونان لە پرۆسەیەکی ئاشتیانەو دیالۆگ، کاری لەسەر بکرێت. هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندنی دژ بە یەکی لایەنە ناکۆکەکان لە میدیا فەرمیەکان، ڕاسپاردەیەکی تر بوو لەگەڵ هەوڵدان بۆ دانیشتنو دیالۆگی ڕاستەوخۆی لایەنەکان. بە پێویست زانرا، کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆییو شاندەکانی، بێلایەنی خۆیان بپارێزنو لایەنگیری لایەنێك

نەکەن. بەداخەوە، هەبوو لە کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی، بە نەفەسی توندو لایەندارییەوە، بەبێ خوێندنەوەی واقعو هەڵسەنگاندنی بارودۆخ، هەڵوێستەکانی لایەنێکی دیاریکراویان دووبارە دەکردەوەو دەیانووت: پێویستە هەرێم هەڵوێستی دژی تورکیا هەبێت، (KCK) مافی خۆیەتی لە هەرێمدا هەبێتو خاکی کوردستان هی هەموو کوردەو (KCK) میوان نیە. هەروەهاش هێرشی تورکیاو مەترسیەکانی ئێران، وەك موشەکبارانەکەی قەڵای دیموکرات لە کۆیە، ئاماژەی بۆکرا وەك هەڕەشەکانی ئەم دوو وڵاتەو مەترسیەکانیان. تەحریمی نەبوونی دیالۆگ، بۆچوونێکی تر بوو ئاماژەی بۆکرا؟ پرسیار دەکرا بۆ لەگەڵ دوژمنەکانمان دیالۆگ بکەین، بەڵام بەینی خۆمان نەمانبێ؟ هەروەها پرسیارکرا، تورکیا ڕایگەیاند، هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمو بەغدا هەیەو هەرێم بۆ بێدەنگە؟ بۆچوونی واش هەبوو، کە هەرێم قەوارەیەکی فەرمی چەسپێندراوە لە دەستووری عێراقو بڕیاری (688)ی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەرەتای ڕاپەڕینی (1991) بۆ کورد دەریکردووە لە باشوور، دەبێ بە هەند وەربگیرێو ڕێزی بگیرێ. نیگەرانی سێ لایەنەکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان) واقعەکەیە لە (PKK). هەر پارچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەبێ بپارێزرێ بۆچوونی تربوو. داوا دەکرا هەڵوێست هەبێت لە ئۆپەراسیۆنی تورکیا لەسەر خاکی کوردستانو پێویستە ئیدانە بکرێت. هەروەهاش کۆمەڵێك پرسیار کرا لەسەر هەندێ بابەتی جۆراوجۆری پەیوەست بە دیدارەکان کە لەلایەن سەرۆکی شاندو ئەندامەکانی تر وەڵامی پێویستیان درایەوە.

## نامەی دووەم بۆ جەنابی کاك مسعود بارزانی

دوای کۆبوونەوە، بڕیاردرا ئەو خاڵانـەی کـە بـوون بـە پێشـنیاری ئەنـدامانی کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆییو لەم قۆناغەدا خزمەتی پرۆسەکە دەکات کە لـە ڕەشنووسی نووسراوەکەماندا نـەبێت، بخرێتـە نـاو نامەکـەی بـەڕێز جـەنابی کاك مسعود. بەتایبەتیش، کە زۆر داکۆکی کرایە سەر ڕاگەیاندنی لایەنەکانو کاریگەری نێگـەتیڤیان، لـە دروسـت کردنـی گـرژیو ئـاڵۆزیو بـەنزین کـردن بەسەر ئاگردا، کە پێویست دەکات، هەوڵ بدرێت، ڕاگەیاندنی دژ بە یـەکتری لایەنـەکان، ڕابگـیرێو لـە خزمـەتی یـەکڕیزی لایەنـەکان بێـت، لـە پێنـاو بەرژەوەندی نەتەوەییو نیشتیمانی. دوای کۆبوونەوە، ئەنجامدانی چـەندین گۆڕانکـاری بەسـەریدا، خاڵـە پێویسـتەکان زیـاد کـران. بـۆ ئاگـاداربوونی ئەندامانی شاند لەسەر ناوەڕۆکی نامە ئامادەکراوەکە، لەلایەن منەوە کرایـە عـەرەبیو ئەوەنـدەی تـوانرا زاراوەی کرمـانجیو درایـە ئەنـدامانی میـوانی شاندەکەمان. سەرەنجام گەیشتینە دوا شـێوازی پەسـندکراو. بـەیانی ڕۆژی هـەینی (2021/2/19)، نووسـراوەکە لەلایـەن شـاندی دانوسـتاندنکار واژوو کراو وەك لە خوارەوە دابەزێندراوە، ناردرا بـۆ بارەگـای بـارزانی لـە هـەمان ڕۆژدا. بڕیـاردرا چـاوەڕوانی وەڵامـی بـەڕێزیان بکرێـت، گـەر مـەودا بـدرێتو زەمینـە لـەباربێت، بـۆ هـەنگاونانی تـر بـۆ پرۆسـە ئاشـتیەکە، بەرنامـە دابندرێتو کاری لەسەر بکرێت.

# زۆر بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی

**سڵاوو ڕێز ......**

دوای دیدار لەگەڵ بەڕێزتان لە (2021/2/9)، شاندەکەمان ئەم دیدارانەی خوارەوەی لە سلێمانی ئەنجامداوە:

**یەکەم:** لە ئێوارەی (2021/2/14)، دیدار لەگەڵ بەڕێز عمر سید علی، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، کاك بەختیار ئەولی، بەرپرسی پەیوەندیە سیاسیەکانی بزووتنەوەکە، ئامادەی دیدارەکەبوو.

**دووەم:** لە ڕۆژی (2021/2/15)، دوو کۆبوونەوەی بەدوای یەکدا لەگەڵ بەڕێزان «لاهور شێخ جەنگی- هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی، رفعت عبدالله، رزگار عەلی، دکتۆر سۆران جمال، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ینك)و سالار سرحد خلیفە، ئەندامی سەرکردایەتیو بەرپرسی بۆردی پەیوەندیە نیشتیمانیەکان» ئەنجامدران.

**سێیەم:** لە پێش نیوەڕۆی (2021/2/16)، دیدار کرا لەگەڵ نوێنەرانی (KCK) بەڕێزان (خالد محمدو سیروان زاگرۆس) کە بە نوێنەرایەتی هاوسەرۆکانی (KCK) هاتبوون.

وێڕای گەیاندنی راوبۆچوونی لایەنەکان بە یەکتر لەسەر بارووdۆخو بابەتەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیە، راو سەرنجو بۆچوونەکانی خۆشمان راشکاوانە بە لایەنەکان راگەیاندووە. دیدارەکانمان زۆر دۆستانەو گفتوگۆکان بابەتیو لێدوان لەسەر هەموو بابەتە پەیوەندیدارەکان، کە پەیوەست بووە بەم ئەرکە نەتەوەییە، کراوە.

- لایەنەکان، بە گەرمی پێشوازیان لە پرۆسەکە کردو بەرزیان نرخاند. ئامادەییان بۆ پشتیوانی تاسەر دەربڕی.
- لایەنەکان جەختیان لەسەر هەڵوێستی تەحریمی شەڕی ناوخۆ کردەوەو بە گرنگیان زانیو داکۆکیان لەسەر کرد.
- هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی، هەڕەشەو مەترسی گەورەو جددی هەیە لەسەر قەوارەو دەستکەوتەکانی گەلەکەمان. بۆ ڕوویەڕووبوونەوەی ئەگەرەکان، یەکڕیزیمان، مەرجی پاراستنیەتی.
- رەخنەو تێبینیەکانی بەڕێزتان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکیەتی، لەسەر (KCK) بە شاندەکەی ئەوان راگەیەندرا. لە هەمان کاتدا یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕان داکۆکیان لەسەر دیالۆگ بۆ چارەسەرو ڕێکخستنی پەیوەندیەکان دەکرد.
- یەکیەتیو هەروەهاش (KCK)، هەریەك بەجیا، نیگەرانبوون کە بۆ دیالۆگو کاری پێکەوەیی دەستپێشخەریان کردووە، بەڵام لەلایەن پارتیەوە وەڵام نەدراونەتەوە.
- (KCK)، تێبینیەکانی خۆیان لەسەر پارتی کە هەیانبوو، بە ئێمەیان راگەیاند. لە تێبینیەکانی بەڕێزتانو لایەنەکانیش لەسەر ئەوان، ئاگادارکران. بەڵام ئامادەیی خۆیان دووپات کردەوە بۆ دیالۆگو ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانو ڕێزگرتن لە دەستکەوتو دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمو ریگەگرتن لە پیلانی ناحەزو دوژمنەکانمان. بۆیە هانی ئەوە دەدەین، دیداری راستەوخۆ پێکبهێنرێو دیالۆك دەست پێبکەن، لەپێناو بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان.
- سەبارەت بە یەکیەتی، رۆڵو کەسایەتی بەڕێزتانیان بۆ پرسی یەکڕیزیو ئاشتی بە گرنگ زانی، کە دەبێ پێگەی ئێوە لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانو ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان، دیار بێت. هەروەها پەیوەندی پارتیو یەکیەتی زۆر بە پێویست زانرا لەسەر پرسە نەتەوەییو نیشتیمانیەکان. بۆیە هەموومان هانی (یەکێتیو پارتی) دەدەین بۆ دیداری راستەوخۆ لە پێناوی تەباییو یەکڕیزی لایەنەکانو بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان.
- راگرتنی راگەیاندنی دژ بە یەکتری هەموولایەنەکان، داکۆکی لەسەر دەکرێو پێویستە لە خزمەتی یەکریزیدابێت.

هەموو ئەندامانی شاندەکەمان، ڕێزو پێزانینمان هەیە بۆ پێشوازی بەڕێزتان، لەو پرۆژەیەی کە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەکەمانە. چاوەڕوانی هەنگاوی دڵخۆشکەرو ئیجابین، لەپێناو بەرژەوەندی گەلو نیشتیمان. شاندەکەمان ئامادەیە بۆ هەر ڕوونکردنەوەیەك یان کارێك لەچوارچێوەی ئەم پرۆسە ئاشتیەدا، گەر بە پێویست بزانرێت. چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانین.

ڕێزمان دووپات دەکەینەوە ......

**عەدنان موفتی - سەرۆکی شاند** | **عثمان بایدمیر - باکوور**

**کاردۆ محمد پیرداود** | **د. عبیر حصّاف - ڕۆژئاوا** | **عبدالرحمن علی کوردە**

**هەولێر – 2021/2/19**

## وەڵامی نووسراوەکەمان لەلایەن جەنابی سەرۆک بارزانی:

نیــوەڕۆی ڕۆژی یەکشــەممە ڕێکــەوتی (2021/2/21)، لــە پەیوەندیــەکی تەلەفۆنی جـەنابی سـەرۆك بـارزانی لەگـەڵ کـاك عـەدنان مـوفتی، سـەرۆکی شـاندەکەمان، سـەبارەت بـە وەڵامـی نووسـراوەکەمان، بـەڕێزی پـەیامێکی نـاردبوو: وێـڕای سـڵاوو دەستخۆشـی لـە ئەرکـە ئەنجامـدراوەکانی شـاندەکەمان، ڕایگەیانـدبوو: کـە دڵنیاتـان دەکەمـەوە، ئێمـە شـەڕی کـەس ناکەین. گەر شەڕیشمان پێبفرۆشن، ئەوە ناچار دەبـین بـەرگری لـە خۆمـان دەکـەین، بـەڵام لەلایـەنی ئێمـەوە هێـڕش‌و دەستپێشـخەری شـەڕ ناکرێـت، دڵنیـابن. سـەبارەت بـە داواکاریـەکانیش، ڕایگەیانـدبوو کـە پێویسـتی بـە کارکردن‌و کات هەیە بەپێی هەلوومەرجە گونجاوەکان. هەروەهاش لەلایـەن بەڕێز کـاك عـەدنان مـوفتی، لـەو پەیوەندیـە تەلەفۆنیـەدا کـە ئەنجامـدرابوو لەگــەڵ جــەنابی کــاك مســعود، وێــڕای داکــۆکی کردنەســەر خاڵــەکانی نووسـراوەکە بەگشـتی‌و بەتایبـەتیش لەسـەر ڕاگەیانـدن‌و کاریگـەری سـلبی لەسـەر خولّقانـدنی گـرژی‌و ئـاڵۆزی‌و پێویسـتی ڕاگرتنـی میـدیا فـەرمی‌و سێبەرەکانی حزبەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، داکۆکی لەسەر کۆی پرۆسە ئاشتیەکە کراوەتەوە، بە ئومێدی یەکڕیزی‌و تەبایی‌و ئارامی.

## هەڵسەنگاندنی شاند، بۆ قۆناغی یەکەمی چالاکیەکانی

شاندەکەمان، ئەم قۆناغەی ئێستاو هەنگاوەکانی ئەنجامدراوو ئاکامەکانی، بە ئیجابی هەڵسەنگاند، بەتایبەتیش ئەوەی کە تەحریمی شەڕی ناوخۆ دەکریٚو داکۆکی دەکرێتەسەر. هەروەهاش هیواخوازە، هەنگاوی تری بە کرداری بەدوادابێت. بڕیاردرا، وێڕای چاوەڕوانی بۆ هەنگاوی دڵخۆشکەری تر، بەدواداچوون لەسەر پڕۆسەکە بەردەوام بێت. کۆمیتەکەو شاندەکەی وەك خۆیان بمێننەوە بۆ ئەم بەدواداچونەو گەر پێویست بێت بۆ ئەنجامدانی هەنگاوی تر. بڕیاردرا لە کۆبوونەوەیەکی زوومدا، کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی، لەسەر دوا ئاکامەکان، ئاگادار بکرێن. هەروەهاش بڕیاردرا، لە کاتی ئاسایی بوونی بارودۆخ، هەر دوو هەفتە جارێك، یان بەپێی پێشهاتەکان، کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی، کۆبوونەوە بکات بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان.

## قۆناغی یەکەمی پڕۆسەکەو ڕاسپاردەکان

بەم شێوەیە، قۆناغی یەکەمی ئەم پڕۆسەیە، سەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی بەدەست هێناو بە هەنگاوێکی ئیجابیانە دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. لە ڕۆژی (2021/2/22)، دوو لە میوانەکانمان گەڕانەوە. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، لە دانیشتنێکی شاندەکەمان، جارێکی تر پەسندی بڕیاری کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی کرایەوە، کە کاری ئەم شاندە بەردەوام

بێت، بەدواداچوونی پێویست بکرێت، لەسەر ڕووداوو پێشهاتە ناوخۆیی‌و دەرەکیەکان‌و هەنگاوە سیاسی‌و دبلۆماسیە گشتیەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو وولاتە ئیقلیمیەکان‌و هەڵسووکەوتەکانیان. ناوە ناوە کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت لەگەڵ کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی‌و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان بکرێت. بڕیاردرا کە کاک عوسمان بایدەمیر، ڕەشنووسی ڕاپۆرتێك بنووسێ بە کرمانجی بۆ دەست نیشانکردنی گرێکوێرەکان لە هەر لایەنێك. پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان‌و دواتر دەوڵەمەندکردنی لەلایەن ئەندامانی تری شاندەکەو پەسندکردنی. هەروەهاش بەندەو کاك کاردۆ، بە هاوکاری پسپۆڕو شارەزایانی ئەم بوارە، هەوڵ بدرێت بۆ کارکردن لەسەر ئامادەکردنی پڕۆژەیەك، وەك چەترێکی نەتەوەیی‌و ناوەندێکی کوردستانی هەمەلایەنە، هاوشێوەی ئەو دامەزراوانەی لە وولاتانی جیهان هەن، بۆ پرسە نەتەوەیی‌و نیشتیمانیە چارەنووسسازەکان، کە ببێتە ناوەندێکی نیشتیمانی هانابۆبەر، بۆ هەموو کێشەو گرفتە ناوخۆیی‌و دەرەکیەکان، وەك ئالیەتێك‌و دامەزراوەیەکی هەمیشە ئامادە، بۆ مەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەو گرژیەکان گەر بتوانرێ، دابمەزرێندرێت.

## دیداری بەڕێز عوسمان بایدەمیر لەگەڵ بەڕێز مەسرور بارزانی

لە ڕۆژی (2021/2/25)، بەڕێز عوسمان بایدەمیر، سەردانی بەڕیز مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کردو لە دیدارێکی تایبەتیدا، ڕەوشی گشتی باس‌و گفتوگۆی لەسەر کراوە.

## هەڵوێستەك لە بەڕێز د.محمود عوسمان

لــە (2021/2/25)، بــەڕێز دكتــۆر محمــود عوسمــان، سیاســەتمەدارو كەســـایەتی ناســـراوی نـــاو خـــەباتو تێكۆشـــانی كوردایـــەتی، لـــە پەیوەندیـــەكی تەلەفۆنیـــدا لەگـــەڵ بەنـــدە، وێـــڕای دەستخۆشـــی لـــەم هەولانـــەو ئامانجـــە بەدەســـتهاتووەكان لـــە هـــەنگاوی یەكەمـــدا، خۆیشـــی بەڵێنیـــدا كـــە لـــەم بـــوارەدا ڕۆڵـــی خـــۆی ببینـــێو پشـــتیوانو یارمەتیـــدەر بێـــت، كـــە پێشـــتریش هـــەمان هەڵوێســـتی پشـــتیوانی دەربڕیبـــوو. هەروەها ووتیشی: منیش هەوڵمداوەو قسەی خێرم تێدا كردووە.

## نووسراوێك بۆ ئاكامی هەنگاوی یەكەمی پرۆسەكە

لـــە ڕۆژی (2021/2/27)، ڕەشنووســـــی نووســـــراوی ئامـــــادەكراوی ئاكامەكانی هـەنگاوی یەكـەمی پرۆسـەكە، لـە كۆبوونەوەیـەكی سـێ قـۆڵی، بەڕێزان (عەدنان موفتیو كاردۆ محمدو عبـدالرحمن علـی كـوردە)، لـە مـاڵی كاك عەدنان، پوختەو ئامادەكراو پەسندكراو لە ڕێگای گرووپـە تایبەتەكـەی كۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی (كۆمیتەی هاوبەشی ئاشـتی)، نـاردرا بۆیـان بـۆ ئاگـاداریو تێبینـیو پێشـنیارەكانیان، بـۆ هـەنگاوی پێویسـتی داهاتوومـان لەســەر كــۆی هەوڵــەكان، بــۆ بــەردەوامی كــاری پرۆســەكە، كــە بڕیــارە لــە كۆبوونەوەی داهاتوومان، باسی بكەینو بەرنامەی بۆ دابنێین.

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان** **کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

## بەڕێزان کۆمیتەی هاوبەشی ئاشتی

### بابەت/ ئاکامی قۆناغی یەکەمی پرۆسەی ئاشتی

سڵاوو ڕێز ......

لەسەر ڕاسپاردەی کۆنفرانسی ڕاوێژ بۆ پەرەپێدانی دیالۆگی ناوخۆیی، شاندەکەمان، سەرەتای کاری بۆ زەمینەسازی دیالۆگی ناوخۆیی، لە پێناوی تەبایی‌و ئاشتی، وەك تاکە ڕێگای چارەسەر بۆ ئاریشەو گرفتەکان، دەستپێکرد. دوای وەڵامی ئەرێنی لایەنەکان، ئەنجامدانی دیدار لەگەڵیان‌و گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەی یەکتر قبولکردن‌و دیالۆگ کردن، بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ کێشەو گرفتەکان‌و متمانە دروست کردن بۆ ڕێوشوێن‌و چارەسەری گونجاو، بەرچاوڕوونی لە پرسەکان بە دیدی جیاوازی لایەنەکان، تواندرا لەم پرۆسەیەدا، یەکەم هەنگاو بە سەرکەوتن هەژماربکەین، ئەویش بە سوربوونی لایەنەکان لەسەر تەحریمی شەڕی ناوخۆ، بە خۆپاراستن‌و بەشداری نەکردن تیایدا. هەروەها هەموو لایەنەکان کۆك بوون لەسەر خاوکردنەوەی زمانی توندی ڕاگەیاندنەکانی دژ بە یەك.

ئامانجی سەرەکی کۆنفرانس، هەنگاوی دووەم‌و سێیەم بوو، دوای هەنگاوی یەکەمی ئاماژەپێکراو. مەبەست لە هەنگاوی دووەم، بەیەکگەیشتنی لایەنەکان بوو لەسەرمێزی دیالۆگی ڕاستەخۆ لەگەڵ یەکدا، بە ئومێدی ئەوەی لە هەنگاوی سێیەمدا، ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەو ستراتیژی نێوان لایەنەکان ئەنجام بدرێت، کە داواو خواستی جەماوەری کوردستانە. بۆ هەنگاوەکانی داهاتوومان، داوای زەمینەسازی باشترو کاتی زیاترمان لێدەکەن.

بۆیە ئەم پێشنیارە ڕووبەڕووی ئێوەی بەڕێز دەکەینەوە، لەپێناوی ئەو ستراتیژەی کە هەمانە، لەسەر ڕاسپاردەی کۆنفرانس، پێویستەو بە بەرژەوەندی پرۆسەکەی دەبینین، درێژە بە کارەکان بدرێت‌و بە سەرنج‌و تێبینیەکانی هەموولایەك، کارنامەکەمان دەوڵەمەند بکەین لەسەر پرۆسەکە.

لەکاتی ئێستادا، بە ئەرکی هەمووڵایەکی دەزانین، کە بەردەوام بین بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، چ لە ئاستی تاکە کەسی بێت، یان لە ئاستی شاندەکەو کۆمیتەو ئەندامانی کۆنفرانس بە گشتی، بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر.

ڕێزمان دووپات دەکەینەوە ......

**عدنان موفتی** **کاردۆ محمد پیرداود**

**عثمان بایدمیر** **عبدالرحمن علی کوردە**

**دکتۆرە عبیر حصّاف**

هەولێر - 2021/2/27

## ئیدارەی بایدن‌و تێڕوانینێکی خێرا

دوای دەست بەکاربوونی بەڕێز بایدن، سەرۆك کۆماری ئـەمریکا، چـاوەڕوانی دەکرێت هەندێ لە هەڵسوکەوت‌و مامەڵەی ئـەم ئیدارەیـە بگۆڕدرێـت لەگـەڵ دەوڵەتە ئیقلیمیـەکانی ئێمـەو هـەروەهاش لەگـەڵ خـودی کـورد جیـاواز لـە ترەمپ، کە بایدن بە دۆستێکی کورد ناسـراوەو خـاوەنی بیرۆکـەی دابەشـی عێراقە بۆ سێ هـەرێمی کـوردی، سـوننی، شـیعی. گۆڕانکاریـە سیاسـیەکان بـەردەوام‌و هەنـدێ جـاریش زۆر خێـران. سـەرەتا ئیـدارەی بایـدن، هەنـدێ نەرمی نیشاندا بۆ ئێران بۆ گەڕانەوەی بۆ نێو بازنـەی ڕێککـەوتنی ئـەتۆمی. هەروەهاش بۆ تورکیا، بە مەرجی وازهێنانی لە کڕینی مووشەکی (S400)ی ڕووسی. دواتر مووشەکبارانەکەی هەولێر لە شەوی (2021/2/15)، لەلایـەن گرووپـە چـەکدارەکانی حەشـدی شـەعبی شـیعیەکانەوە، کـە مووشـەکەکان ئێرانـی بـوون، گـرژی‌و ئـاڵۆزی دووبـارە بەرامبـەر بـە ئێـران‌و گرووپـە چەکدارەکانی لـە عێـڕاق، سـەری هەڵدایـەوە. لەلایـەن بریتانیـاو فەڕەنسـاو ئـەڵمانیاو ئـەمریکا، بـە تونـدی ئیدانـەو بـەڵێنی بەرپەچـدانەوەیان بـۆدرا. باروودۆخەکەی بە ئاراستەیەکی تردا گۆڕی‌و ئێمـەیش دڵخـۆش بـووین، بـەم کاردانەوە دەولیەو پشتگیری کردنە. بەدوای مووشەکبارانەکەی هـەولێر، لـە بەغـداش کـارێکی وا ئـەنجام درا، بۆسـەر بنکـە سـەربازیەکانی ئـەمریکا لـە فڕۆکەخانـەی بەغـدا. نـاوە نـاوە ئـەم کارانـەیان دووبـارە دەبێتـەوە. لـە کاردانەوەیەك، ئەمریکیەکان، لە ئۆپەراسیۆنێکی هەواییـدا، دوو لـە گرووپـە

چەکدارە شیعەکانی لە سنووری عێراق، سووریا، لە (2021/2/26)، بۆردومان کرد، کە بێگومان زیانی گیانیو ماددی بەدواوە بووە. تا چەند کورد دەتوانێ ڕۆڵ ببینێ لە کاریگەردانان لەسەر ئەم ئیدارەیە، کە سەرۆکەکەی، بە دۆستێکی دێرینی کورد ناسراوە، دەوەستێتەسەر ئەوەی، کورد خۆی چەندە لەناو خۆیا یەکگرتوو، ناومالّی کورد چەندە ڕێکخراوەتەوە بە ئاراستەی خۆنیشاندنی، هەبوون. چەندە سیاسەتو هەڵسوکەوتی ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستانو کورد، لە ناوخۆو دەرەوەو ناوچەکەدا، دەگونجێ لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکیو ستراتیژی کاری ئەم ئیدارەیەو بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا، بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپە دیموکراسیەکانو مافی مرۆڤ و یەکرێزیو یەکگرتووییمان وەك دەنگو ڕەنگو هێزێك ..... هتد. بەدیدی من، ئەوانە، کۆمەڵێك مەرجن لەوەی ئێمەی کورد وەك نەتەوە، هەرێمی کوردستان وەك قەوارەی سیاسی، بتوانێ سۆزی ئەم ئیدارەیە بەرەو خۆی بەهێزتر بکات بۆ بەردەوامیو زیاتر پشتیوانی کردنی. بێگومان، ئەزموون وامان پێدەڵێ، بەرژەوەندیەکانی ئەم وولآتە زلهێزانە، هەمیشە داڕێژەری سیاسەتو مامەڵە کردنیان بووە لەگەڵ ئێمەماناندا. بۆیە ئێمەیش دەبێ، خۆمان لەگەڵ ئەم ستراتیژە بگونجێنین، بۆ ئەوەی بتوانین بە قازانجی خۆمان بیجووڵێنین.

بە هیوای ئەوەی کورد، ئەکتەرێکی ووریاو چالاكو ژیر بێت لەم مەیدانەدا. دەرفەتەکان بە سوودی خۆی بقۆزێتەوەو لەدەستیان نەدات.

**دوا دیداری شاندی دانوستاندنکار لەم قۆناغەدا**

لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (2021/2/28)، کاك عوسمان بایدەمیر، سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی کردەوە بۆ خواحافیزی. لە دیدارەکەشیدا، داکۆکی کردۆتەوەسەر پڕۆسەکەو بەردەوام بوونی، بە ئومێدی گەیشتن بە ئامانجە کۆتاییەکەی. ئێوارەی هەمان ڕۆژ، لە چێشتخانەی (گونایدنی هوتێل ڕەمادا لە هەولێر)، بەدەم نانخواردنەوە لەگەڵ بەڕێزیان، بە ئامادەبوونی شاندی ئاشتی بەڕێزان (عەدنان موفتیو کاردۆ محمدو بەندە)، پێداچوونەوەیەکی خێرا کرا بۆ هەنگاوە داهاتووەکانمانو هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی بواری لەبار بۆ بەدواداچوونو کارکردن لەسەریان. شەوی هەمان ڕۆژیش، بەڕێز بایدەمیر گەڕایەوە بریتانیا، بە ئومێدی ئەوەی بارودۆخ ئامادەو لەباربێت لە دەرفەتێکی تری گونجاو، سەردان بکاتەوە بۆ هەنگاوی دووەمی پڕۆسەکەمان، بە ئومێدی گەیشتن بە هەنگاوی سێیەمو دوا قۆناغی هیوای هەموومان، کە خواستی دەرونی میللەتو خەڵکی کوردستانە بە هەموو پێکهاتە حزبی، سیاسی، کۆمەڵایەتیو جەماوەریەکانەوە. بەم شێوەیە، قۆناغی یەکەمی پڕۆسەکەی ئێمە، لێرەدا، تا ڕاددەیەك دەوەستێو چاوەڕوانی دەخوازێ بە ئومێدی ئەوەی قۆناغی دووەمی دەست پێبکات.





**دیدارێکی زووم .....**

لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی پێشوەختە، بۆ ئەنجامدانی دیدارێکی ئینتەرنێتی تۆڕی زووم، کۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی، بڕیاردرابوو کاتژمێر (9)ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە بە کاتی هەرێمی کوردستان، ڕێکەوتی (2021/3/10)، کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت. بەداخەوە، من بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستیم، نەمتوانی لەم دیدارەدا بەشدار ببم. بە خۆشحاڵیەوە، دیدارەکە ئەنجامدرا. پاش هەڵسەنگاندنی بارووDۆخەکە لەلایەن بەڕێزانی بەشدار، بڕیاردرابوو کە بۆ لەمەودوا، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندی هەندێ لە کەسایەتیە بەشدارەکانی ئەم پڕۆسەیە کە پێشنیاریان کردبوو، تەنها وەك کۆمیتەیەکی دیالۆگی ناوخۆیی، بۆ لەمەودوا کارەکانی ئەنجام بدات، بەبێ بەشداری پێکردنی لۆگۆی ئەو لایەنانەی پاڵپشتی پرۆسەکەیان کردووە. هەروەهاش بڕیاریاندابوو کە ڕاگەیەندراوێك ئاراستەی گەلی کوردستان بکرێت لەمەڕ ئەم پرۆسەیە. بەسوپاسەوە، لەلایەن بەڕێز د.جبار قادر، ڕاگەیەندراوێکی پڕ بە پێستی بابەتەکەی ئامادەکردبوو، دوای وەرگرتنی دیدگاو بۆچوونی برادەران لەسەری، ئەمەی خوارەوە پەسند کراوەو لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2021/3/13) بڵاوکرایەوە بۆ ڕای گشتی کوردستانی.

# ڕاگەیاندنێك بۆ گەلی كوردستان

**كوردستانیانی خۆشەویست،**

لای هەمووان ئاشكرایە، كە وولاتو گەلی كوردستان، بە قۆناغێكی پڕ لە مەترسیو ئاڵۆزدا تێدەپەڕن. دوژمنانی كوردستان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پیلانی ترسناكتر دادەڕێژن، بۆ لەنێوبردنی هەموو ئەو دەستكەوتانەی كە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەكەمان لە نیو سەدەی ڕابردوودا، بە دەستی هێناون. مخابن، ئاڵۆزیو ناكۆكی سیاسی لەنێوان پارتە سیاسییە سەرەكیەكانی كوردستان، باروودۆخەكەی ئەوەندەی تر مەترسیدارترو ناسەقامگیر كردووە. بەمەش، پێگەی كوردی لاواز كردووەو زیانی گەورەی گەیاندووە بە تواناكانی بەرگریو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانانە. ئەم بارودۆخە، لەلایەكەوەو، دڵەڕاوكێ سەبارەت بە داهاتووی نادیاری كوردستان، لەلایەكی ترەوە، بۆتە هۆی ئەوەی جۆرێك لەبێهیوایی باڵی كێشاوە بەسەر بەشێكی گەورەی خەڵكدا، لە هەموو بەشەكانی كوردستان. هەڵبەتە، لە بەرامبەدا، ڕوحی بەرگریو درێژەدان بە خەباتو تێكۆشان، لەپێناوی مافە ڕەواكانی گەلی كوردستاندا، لە ئاستێكی باڵادایەو خەڵك دەستبەرداری خەونو هیواكانیان نابن، بە دواڕۆژێكی ئازادو ژیانێكی شەرافەتمەند.

وەك ئاگادارن، لە ڕۆژی (2020/11/21)، لەلایەن كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستانو یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستانەوە، كۆنفرانسێكی نەتەوەیی بەناوی (كۆنفڕانسی ڕاوێژ بۆ دیالۆگی ناوخۆیی)، ڕێكخرا. بەپێی بڕیارەكانی ئەو كۆنفڕانسە، كۆمیتەیەك بەناوی (كۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی)، پێكهێنرا. لەم بارودۆخە هەستیارەدا، (كۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی)، لەسەر ئاستی باڵا، پەیوەندی بە لایەنە ناكۆكەكانەوە كردو پەیامی دیالۆگو ئاشتی بۆ بەڕێكردنو دیداری لەگەڵیاندا ئەنجامدا. كۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی، لەسەر هەوڵەكانی خۆی بۆ ئاشتیو دیالۆگ بەردەوام دەبێت. ئەم هەنگاوانە بۆ ڕەخساندنی كەشو هەوای دیالۆگێكی نێوخۆیی، نیشتیمانی، لە نێوان هێزە سیاسییەكانی كوردستاندا، بە كارێكی زۆر پێویست دەزانین. ئەنجامە سەرەتاییەكانی ئەو هەوڵانە هیوابەخشن، هەرچەندە ئاڵۆزییەكان سەختن و دابڕانەكان، كێشەی قووڵیان دروست كردووە، ئەمەش وادەكات، پرۆسەكە دوورو درێژ بێو هەوڵو تەقەلاكان بێ ووچان بنو پشتیوانی هەموو لایەكتانی دەوێ، بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجێكی ئەرێنی. ئەنجامی كۆتایی ئەم هەوڵانە، دەبێ نەك هەر نەهێشتنی ئاڵۆزیو ناكۆكی لە نێوان ئەم هێزانەدا بێنێتەدی، بەڵكو بتوانن پێكەوە هەڵبكەن، یەكدی قبووڵ بكەنو ڕێز لە جیاوازییەكان بگرن. بەمەش دەتوانن متمانە لەنێوان خۆیاندا بنیات بنێنو زیان بە یەكدی نەگەیەننو بەرژەوەندی یەكتر لەبەرچاو بگرن. لەویارەدا، دەكرێ لەبڕی ترسو نیگەرانی لە بەیەكدادانو ئاڵۆزی، بیر لە جۆرێك لە هەماهەنگیو دەستنیشان كردنی هێڵی سووره نیشتیمانیو نەتەوەییەكان بكەنەوەو دۆستانو دوژمنانی گەلەكەمانو مافەكانی، بە دروستی دەستنیشان بكەن.

## گەلی ستەمدیدەی كوردستانی

ئەم هەوڵانە، بێ پشتگیری ئێوە ناگەنە ئامانجو ئەنجامە ئەرێنیەكان. بۆیە داواكارین لە هەموولایەك، هەر كەسو لەلای خۆیەوە، بە گوتارو هەڵسوكەوتی ڕۆژانە، ئەم هەوڵە دڵسۆزانە سەربخەن. با هەموو پێكەوە كەشو هەوای ئاشتی بئافرێنین، ڕێزگرتن لە جیاوازیەكان پەرەپێبدەین، لە دژی چاندنی تۆوی ڕقو كینە بوەستینەوە. با ڕێگە نەدەین، ئاڵۆزیو ناكۆكی سیاسی نێوان پارتو ڕێكخراوە سیاسییەكان، ببێتە هۆی لەدەستدانی دەستكەوتەكانی گەلەكەمان، كە بە قوربانیو فیداكاری زۆر گەورە بەدەست هێناون.

لەم ڕۆژانەدا، گەلی كوردستان پێشوازی لە جەژنی نەوروز دەكات. جەژنی هیوا، ئاشتیو هەڵهاتنی خۆری ئازادی. هیواداریین پارتە سیاسییەكانی كوردستان، ئەم جەژنە بكەنە دەرفەتێك بۆ بنیاتنانی كەشوهەوای دیالۆگێكی نیشتیمانی، نەتەوەییو بە هەنگاوی كردەیی لەم بوارەدا، دڵی گەلی كوردستان خۆش بكەنو ساڵی داهاتووی كوردی، بكەن بە ساڵی ئاشتیو پێكەوە ژیانو خەبات، لەپێناو مافە ڕەواكانی گەلی چەوساوەی كوردستان.

**كۆمیتەی دیالۆگی ناوخۆیی**
**2021/3/13**

## چەند هەوڵێکی تر بۆ ئاشتیو دیالۆگ

وەك لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکانو ڕاگەیاندنـەکان بیسـترا، لـە کۆتـایی سـاڵی ڕابـردوودا، وەك ئـەم پرۆسـە ئاشـتیەی ئێمـە، لـە چوارچـێوەی کەسـایەتی خۆیدا، بەڕێز کاکە حەمەی حاجی محمود، سـکرتێری حزبـی سۆشیالیسـتی کوردستان، هەوڵێکی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیـەکانی پـارتیو یـەکێتی داوە. هـەروەهاش بـەڕێز جمیـل هـەورامی، سـەرۆکی کۆمەڵـەی پێشـمەرگە دێرینـەکانی یـەکێتی، نامەیـەکی ئاراسـتەی جـەنابی کـاك مسـعود بـارزانی کردووە. بەدوای ئەودا، لە سەرەتای ئاداری (2021)دا، دیـارە بـەڕێز شـێخ محمودی شێخ کاوە حفید، سەردانی جەنابی کاك مسـعود بـارزانی کـردووە، ئـەویش لەچوارچـێوەی کەسـایەتی خۆیـدا، وەك هـەوڵێك بـۆ پرۆسـەیەکی ئاشتی، بە مەبەستی سازدانی دیدارێك لـە نیـوان بـەڕێزیانو سـەرکردەکانی یەکیەتی. وا پێدەچێ، سـەرکردەکانی یەکێتیشـی دیتبـێ کـە لـە دیـدارێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ڕووداوو لە تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان، باسـی لـە هەوڵەکـەی کردووە. بەداخەوە، بەدوای دیدارەکەدا، لە بارەگای بارزانی، ڕاگەیەندراوێك لەلایەن بەڕێز ئامینە زکری، ڕاوێژکار لـە بارەگـای بـارزانی، بڵاوکراوەتـەوە. بەدوای ئەویشدا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردسـتان،

هاوشـێوەی ئـەوان، وەڵامێکـی ئـەم ڕاگەیەنـدراوەی بارەگـای بـارزانی لـە هــەمان ڕۆژدا داوەتــەوە. هــەردوو ڕاگەیەندراوەکــەش، هێنــدەی تــر، بارودۆخەکەیان ئاڵۆزو گرژتـر کـرد. نـازانین، کـام بەرژەوەنـدی کەسـی، حزبی، نیشتیمانی، نەتەوەیی، ئەم جۆرە هەڵوێستانەی لێدەوەشێتەوە؟ هەموو خەڵك، داوای ئاشتیو تەباییو ئارامیو یـەکڕیزی دەکـات، کەچـی لەولاشــەوە، بابــەتی وا دەجووڵێنــدرێت بــە ئاقــاری زیــاتر قــوڵکردنی برینەکان. واتە غرورو یەکتر نەخوێندنـەوەو ڕەچاونەکردنی بەرژەوەنـدی گشتیو خەڵكو ویستی نەتەوەیی، زاڵە بەسەر پێچەوانەکەی.

ئومێـد دەکـەین ئــەم دوو بــەرە ناکۆکـە، خــەمی نیشـتیمانو میللــەتو بەرژەوەندی گشتی، ستراتیژو بیرکردنەوەیان بێتو واز لە دژایەتی یەکتر بێنن. چەسپاندنی یەکڕیزیو تەباییو برایەتی، بەرنامەو کاری داهاتوویان بێت، کە پێش هەموو لایەنو کەسێکی تری ئەم نیشـتیمانە، لـە قـازانجی خۆیانو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیاندایە. سەیرە هـیچ کامیـان، گـوێ بـە مەترسیەکان نادەنو باکیان نیە، چی دەگـوزەرێو چـی ڕوودەدات؟ خـۆ ئەوان لە ئێمەمانان، باشتر ئاگاداری ڕەوشەکەن لە هەموو ڕوویەکەوە.

## دیدارێکی تەلەفزیۆنی بەڕێز موراد قەرەیەڵان

بەڕێز موراد قەرەیەڵان، سەرکردەیەکی ناوداری (PKK)و ڕێبەری ئەو حزبەیە. بە کەسێکی میانەڕەو ناسراوە. دیارە بۆچوونەکانی هەرچیەك بێت، ئەو (PKK)و سەروەری حزبەکەی خۆیشی بەلاوە گرنگە. بۆیە قسەیەك لەو، جیاوازی زۆری دەبێت لەگەڵ بۆچوونێك لە دەرەوەی هەیکەلی ئەم حزبەدا. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی (STERK)، دیارە باسی لە ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا بۆ چیای گارە کردووە. لە میانەی قسەکانیدا، وەك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکراوەتەوە، دیارە ڕەتی کردۆتەوە کە پێشمەرگە بە جلوبەرگی سوپای تورکیا بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنەی کردبێت. ئەمەش ئەو قسەیەیە کە چەندین جار جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، لە دیدارەکەماندا لەگەڵ بەڕێزیان لە (2021/2/9)، داکۆکی دەکردەسەر ئەوەی، تا لە ژیاندا مابێ، مەودا نادا پێشمەرگە بەشداری شەڕی خوشكو براکانی خۆی بکاتەوە، مەگەر بۆ بەرگریکردن لەخۆ نەبێت. جێگای ئاماژەیە، هەر ئەوکاتی ئۆپەراسیۆنەکەش، (HPG)، باڵی سەربازی (PKK)، لەچیای گارە، هەمان قسەی بەڕێز قەرەیەڵانی بڵاوکردەوە. کەچی ئەو بەشە لە دیدارەکەی بەڕێز قەرەیەڵان لەلایەن دەزگایەکی سەر بە (PKK) لە ئەورووپا، سانسۆرو لابراوە بۆ نیشاندانی ئەوەی بەڵێ: پێشمەرگە، بەجلوبەرگی سوپای تورکیا، بەشداری

ئۆپەراسیۆنەکەی چیای گارەی کردووە. پێویستە ئەوەش دووبارە بکەمەوە، لەدیدارەکەی ئێمەشدا وەك شاندی دانوستاندنکاری ئاشتی لە (2021/2/15)، لە سلێمانی، هەمان ئەو ووتانەمان لە شاندی (PKK) گوێ لێبوو کە داکۆکیان دەکردەسەر بەشداری پێشمەرگە لەو ئۆپەراسیۆنە. واتە، بەدەستی خۆمان، مێژووی میللەتەکەمان دەشێوێنین‌و ناڕاستیەك دەکەین بە ڕاستی. ئەوەتا، ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیداری بابەتەکە بوونەو لە مەیدان کە (HPG)ن، ڕەتی دەکەنەوە، کەچی بە زۆر دەیلکێنین بە خۆمانەوە. ئەوە جێگای سەرنجە، ئەوە کارەساتە. ئایا چ بەرژەوەندیەك لەوەدایە کە بە زۆر بسەپێندرێت، مێژوو، بشێوێندرێت؟. خوا ڕەحم بکات، ئەم سیاسەت‌و بۆچوونە ژەهراویانە، بەرەو چ هەڵدێرو زەڵکاوێکمان دەبات.

## بەڕێز عوسمان بایدەمیرو بابەتێك .....

لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەڕێزێك بەناوی دلشاد مجید، بابەتێکی نووسیوە لەژێر ناوی (بایدەمیر ... لەنێوان بارزانی‌و ئۆردوگاندا). نووسەر هەندێ تۆمەتی خستۆتە پاڵ ئەو کەسایەتیەی کە بەلای ئێمەوە، کەسایەتیەکی نەتەوەیی‌و نیشتیمانپەروەرو خاوەن هەڵوێستیکە لە پەرلەمانی تورکیا، کە کەسانی لەخۆبوردوو، بەجورئەت‌و شەهامەت، دەتوانن هەڵوێستێکی وا بۆ خۆیان‌و میللەتەکەیان تۆمار بکەن. بەهەرحاڵ، من ناچمەسەر بابەتی تۆمەتەکانی نووسەر بۆ ئەو کەسایەتیە، بەڵکو بە پێویست دەزانم ئەوە بڵێم، هەر نووسەرێك، کە مەبەستی نووسینی بابەتێکی وای هەبێت، کە

تۆمەتی وا گەورە، ئاراستەی هەر کەسایەتیەك بکات، دەبێت لەسەر بنەمای زانیاری دروستو پشت ڕاستکراوو کۆنکریتی بێت، نەك هەڵبەستنی قسەو لەخۆوە بەخەیاڵ، ڕشتنی قینە بەرامبەر لایەنێك، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، ناحەزو نەیاری بێتو هەموو شتەکان لەلای ئەو، بەڕەشی ببیندرێتو بێت بە هۆنینەوەی بابەتێك، خوای نەخواستە، بۆ مەبەستێکی کەسی، یان دەست لەپشتدراو، تۆمەتو تانەو تەشەر بۆ کەسایەتیەك دابتاشێ، ئەوە بکات، نرخ بۆ بابەتەکەی نامێنی. هەروەهاش بە پێویست دەزانم ئەمەش ڕوون بکەمەوە، کە بەڕێز عوسمان بایدەمیر، لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی ئاشتی ناوخۆیی، کە لەلایەن یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە هاوبەشیو بەیەکەوە لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ڕێکخراوە، وەك لەم نامیلکەیەدا، بە درێژی هەنگاوەکانی پرۆسەکە تۆمارکراوە، هاتۆتە کوردستانی باشوورو دیدارەکانی لەگەڵ بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانیو لایەنەکانی تریش، لەچوارچێوەی شاندێکی ئاشتی ناوخۆیی، ئەنجامداوە، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ ئاشتەواییو تەباییو یەکڕیزی لایەنەکانو هەوڵدان بۆ چارەسەری ناکۆکیو ئاریشە نێوخۆییەکان بە دیالۆگو گفتوگۆ.

ئەمە بەکورتی، بەرنامەی ئەم کەسایەتیە بووە لەم سەردانەیدا بۆ کوردستانی باشوور. بۆیە نازانم، نووسەر، ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی ئەم بەڕێزەی دەکات، لەکوێوە سەرچاوەی وەرگرتووە؟؟؟

## چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی بەڕێز عدنان موفتی

بەڕێز عدنان موفتی، سەرۆکی شاندەکەمان، بۆ دانوستاندنی پرۆسەی ئاشتی ناوخۆیی، چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی ئەنجامدابوو لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی (Kurdsat News)، لە بەرنامەی (دیداری تایبەت)، لەژێر ناوی (دیالۆگی نیشتیمانی لەنێوان هێزو لایەنە سیاسییەکاندا)، بۆ باسی کۆمەڵێك پرسی پەیوەست بەم بابەتەو ڕووداوەکانی ڕۆژو لەوانەش ئەو پرۆسە ئاشتیەی شاندەکەمان کاری لەسەرکردبوو. دیدارەکە لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (2021/4/1) لە هەمان کەناڵدا، پەخش کرا. بەڕێزیان لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا، لە بەشێکی تەوەرێکدا، پوختەو باسی هەندێ لە هەنگاوەکانی ئەم پرۆسە ئاشتیە ناوخۆییەی کرد کە لەم نامیلکەیەدا بەدرێژی باسی کراوەو هەنگاوەکانی ڕوون کراوەتەوە.



## دوا ووتەم ......

نازانمو دوودڵم لەوەی دوا ووتەم بە ئومێدەوە یان بە نائومێدیەوە بنووسم. لەبەرئەوەی، ئەزموونو ڕابردووی هەڵدانەوەی لاپەڕە مێژووە تاڵو ناخۆشەکان، بەتایبەتیش غرورو لەبیرنەکردنی ڕابردوو لەلایەن کەسایەتیە بڕیاربەدەستەکان، کە پێویستە لەپێناو داهاتووی گەشی میللەتەکەیانو یەکڕیزی، لەبیری بکەن، تێکەڵ بە حقدو کینەی ڕابردوو کراوەو لەسەری کەڵەکەبووە. لەگەڵ ویستە نیشتیمانیو نەتەوەییو بەرژەوەندیەکان، بەجۆرێك ئاوێتەبوونە لەگەڵ یەکتر، کە یەکەمیان زاڵە بەسەر ئەویتردا. واتە، هەرچی من بیکەم، باش بێت یان خراپ، بەرامبەرەکەم بە خراپی بزانێ. ئەوەی ئەو بیکات، باشیش بێت، من بە خراپی بزانمو دژایەتی بکەم چونکە ئەو پێی باشە، وەك ئەوەی ئێستا لەبەغدا دەگوزەرێو مرۆڤ شەرم لەخۆی دەکاتەوە ئەوە حاڵمان بێت. لە ئاکامیشدا، قوڕی خەست گرتنەوەیە. ئای لەو کارەساتە گەورەیە!!!، کە جگە لە ماڵوێرانی، ئاکامی تری دڵخۆشکەری بەداوە نەبووەو نایبێت. بەڵام لەپێناو بەرژەوەندی میللەتەکەو یەکڕیزیو تەبایی، جارێکی تریش خۆمان دێنینەسەر ئەو باوەڕەی وەك عەرەب گووتەنی (الغريق يتشبث بكلّ حشيش)، (گەر چڵە پووشێکیش بێت مرۆڤ دەستی پێوە بگرێت باشە)، بەڵکو لەو زەلکاوە بۆ قۆناغێك، نەجاتیمان بێت.

ماوەتەوە ئەوە بڵێم، مرۆڤە گەورەو مەزنەکان، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، تەبایی، برایەتی، یەکڕیزی ناو ماڵی کورد، دڵخۆشی میللەتەکەیان، بە

کــوێرایی چــاوی ناحـــەزو دوژمنـــەکانیان، کـــاری مـــەزن‌و گـــەورەیان لێدەوەشـێتەوە. مرۆڤـی گـەورەو مـەزن، بـا لەسـەر هـەقیش بێـت، ئەگـەر لەپێناو شتە باش‌و پیرۆزو دڵخۆشکەرەکان، گەر لە خواسـتە دەروونیـەکانی خـۆی دابـەزێ، مەزنیـە، گەورەییـەو تـەنازول نیـە، بـەڵکو مێـژوو بـۆی بـە سەروەری دەنووسێ. ئومێدیش دەکەین پیـاوە مەزنـەکانی ئێمـەیش، ئەمـە هەڵوێست‌و کرداریان بێت‌و هەندێ ڕابردوو لەبیر بکەن‌و بڕواننە داهاتوو، دڵی دایکـە جـەرگ سـووتاوەکان، دڵخـۆش بکـەن. بـا هەنـدێ ڕابـردووە تاڵـەکان لـەبیر بکـەین. بـا ڕابردوومـان تـەنها پەنـدو عیـبرەت بێـت بـۆ داهاتوومـان‌و هەمیشـــە، هەڵـــدەرەوەی قـــەتماغی برینـــە کۆنـــەکانمان نـــەبێت باشـــە، بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە.

بەهـەرحاڵ، بـە ئومێـدی ئـەوەی هـەموو نیشـتیمانپەروەرو نەتەوەپەرسـت‌و پەرۆش‌و دڵسووتاوو خاوەن ویژدانەکان، دڵسۆزانە کـاری بۆدەکـەن‌و هیـوای بۆ دەخوازن، کۆتایی بە نووسینی ئەم نامیلکەیەم دێنم، وەك کاری قۆنـاغی یەکـەمی ئـەم پڕۆسـەیە، بـە هیـوای ئـەوەی، نامیلکـەی دووەمـیش، لەسـەر قۆناغ‌و هەنگاوەکانی کاری داهاتووی ئەم پڕۆسەیە، لە ئایندەیـەکی نزیکـدا، بە گەیشتن بە ئامانجە دڵخۆشکەرە کۆتاییەکانی، بنووسم؟

**عبدالرحمن علی کوردە**

**نیسانی** 2021



## بەرهەمەکانی نووسەری نامیلکە

- ڕۆمانی کورپیژگە، وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ کوردی ................ 1998
- دەزگای جاسووسی (KGB)، وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ کوردی ... 1999
چاپی دووەمی .... 2006
- (کوردو کوردستان)ی دێرك کینان، .................................... 2000
- مێژوو، وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ کوردی، ئامادەیە بۆ چاپ کردنی.
- پیرەژنو بەرازەکەی، چیرۆك بۆ منداڵان، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی، ئامادەیە بۆ چاپ کردنی .................................... 2000
- گۆڤاری وەرزانەی ئەندازیار، خاوەن ئیمتیاز، ...................... 2001
- کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان (KRA) ............................ 2018
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان (KEU)و (21) ساڵ تەمەن .... 2021
لە کۆتا کارەکانیدایە بۆ چاپ کردنی.
- لەنێوان بەرزەخی ئاشتیو شەڕدا، هەوڵێك بۆ یەکڕیزی ناوخۆیی .. 2021
- جاروبارە ووتار نووسین لە ڕۆژنامەو گۆڤارو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا.